# زمانی کوردی و شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا

# زمانی کوردی و شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا

**د. ڕەفیق شوانی**

**هەولێر ٢٠٠٨**

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **زمانی کوردی و شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا**
- نووسینی: د. ڕەفیق شوانی
- نەخشەسازی ناوەوە: طـه حسین
- بەرگ: محمد هاشم
- ژمارەی سپاردن: (١٨٤٢)
- نرخ: (٢٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠٠٨
- تیراژ: ١٥٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٣١٩)**

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆک


پێشەکی ........ ٣
پێناسەو دیاریکردنی شوێنی زمانی کوردی ........ ٩
شوێنی جوگرافیی زمانی کوردی ........ ١٠
دابەشکردنی زمان بەپێی نزیکایەتیی زمانەوانی و پەیوەندیی خزمایەتی ....... ١٣
دیاردەیەکی لێکچووی نێوان خێزانە زمانەکانی کۆمەڵەی ئاریدا ........ ٢٢
پێناسەی زمانی کوردی لە ڕووی جیاوازی ڕێزمانییەوە ........ ٤٠
جیاوازی ڕێزمان چی دەگەیەنێت؟ ........ ٤٢
دابەشکردنێکی تری زمانە سامی و حامییەکان ........ ٤٨
خێزانی زمانی چینی ـ تبتی ........ ٥٤
زمانی دراڤیدی ........ ٦٤
کۆمەڵەی زمانی مالیزیایی پۆلینزیایی و خەمیری ........ ٦٦
کۆمەڵەی زمانی ئەفەریقیایی (ئەفەریقیاییە ڕەشەکان) ........ ٦٧
خێزانی زمانی قەفقاسی ........ ٧٠
چۆنیەتی دابەشکردنی زمانەکانی جیهان ........ ٧٥
دابەشکردنە جیاوازەکانی کۆمەڵەی زمان ........ ٧٨
دابەشکردنی زمانەکانی جیهان بەپێی شوێنی جوگرافی ........ ٨١
دابەشکردنی زمانەکانی جیهان بەپێی شوێنی جوگرافی ........ ٨٣
زمانەکانی ئۆقیانووسی ........ ٨٦
زمانەکانی ئەفرۆ ئاسیاوی ........ ٨٦
زمانەکانی ئەستراند و نزیایی ........ ٨٧
زمانە ڕەسەکانی ئوستراليا ........ ٨٩
تایبەتێتی زمانی گەردانی ........ ٩٤
شوێنی زمانی کوردی لە رووی ژمارەی دەنگەکانییەوە لەناو زمانەکاندا ........ ٩٦
دیاریکردنی شوێنی زمانی کوردی بەپێی سیستەمی ریزکردنی
بەشە بنجییەکانی ناو رستە ........ ٩٧
پەرەسەندن و گەشەکردن لە زماندا چییە؟ ........ ٩٩
شوێنی جوگرافیی زمانی کوردی ........ ١٠٣
قۆناغی مێژوویی زمانە ئێرانییەکان ........ ١٠٥
زمانە ئێرانییەکانی سەردەمی نوێ ........ ١١٤
قۆناغەکانی مێژووی گۆڕانی زمانی کوردی ........ ١٢٨
تایبەتێتیی قۆناغی مێژووی نوێی زمانی کوردی ........ ١٣٢
هۆی ستاندەربوونی زاری کوردی ناوەڕاست ........ ١٣٣
هۆی پێکهاتنی زمانی نەتەوەیی (زمانی نووسین، زمانی فەرمی، زمانی دەوڵەتی) .. ١٣٦
پەیوەندی زمانی کوردی بە زمانە کۆنەکانی زنجیرە چیای زاگرۆسەوە ........ ١٤١
سوبارتۆ و زمانی کوردی ........ ١٤٦
ئەنجام وکورتەی باس ........ ١٥٠
پەراوێزەکان ........ ١٥٩
سەرچاوەکان ........ ١٧١
بەرهەمە بلاوکراوەکانی نووسەر ........ ١٧٣
بەرهەمە بلاونەکراوەکانی نووسەر ........ ١٨٢

# پێشکەشی

**ئەم هەوڵە کە بووە هۆی کەمبوونەوەی پلەی بینینی چاوەکانم پێشکەشە بە:**

ـ هەموو ئەو هەوڵانەی کە دڵسۆزانە و بێهودە خەریکی داره ڕاکردنی خانووی سەرنەگیراوی کوردەوارین.

ــ بەو خێزانە کوردانەی کە لە دووری وڵات و زمانی کوردییەوە، جگەر گۆشەکانیان بە زمانی کوردی گۆش دەکەن.

ـ بەو میللەتە ڕەسەن و بێچارەیەی کە لەسەر خاکی وڵاتی خۆیدا لەلایەن بێگانەوە توێنرایەوەو لەبەر چاوی جیهانیشدا بێهودە هەوڵدراوە وەکو درندەو کێوی سەیر بکرێن و بناسرێن کە میللەتی هیندییە سوورەکانی ئەمەریکایە و هەوڵێکی زۆریش دراکوردیش بەهەمان دەرد بەرن.

**رفیق شوانی**

**٢٠٠٧/٨/٦**

**هەولێر / گەرەکی خانووەکانی**

**کۆلیجی ئەندازە**

# پێشەکی

ڕەگ و ڕیشەی نەتەوەی کورد ئەمڕۆ لەڕووی زمان و ڕەچەڵەکەوە دەگەڕێتەوە سەر میللەتانی سۆمەر، ئیلامی (عیلامی) ، لۆلۆیی، گۆتی، کاسی، ئۆرارتۆیی، سۆبارتۆوهیتی. سەرچاوە زمانەوانییە ئێرانییەکان بەتایبەتی کوردەکان بە نموونەی وشەی هاوبەش و وەك یەك و لەیەکچوو ئەمەیان سەلماندووە، دە یان نموونە لەم ڕووەوە دەستکەوتووە .

ئەم میللەتانە لە شوێنی جیاجیای کوردستان لە دامینی چیای زاگرۆس بوونە، بۆ نموونە لە ناوچەی شارەزوورو سلێمانی و زەهاو لۆلۆییەکان لەوێدا ژیاون، گۆتییەکان لە ئارابخای کەرکوك و دەوروبەر، ئۆرارتۆییەکان لە دەوروبەری (وان) و ئارارات، کاسییەکان لە رۆژئاوای ئێران لە دواییدا بە هۆی گۆڕانی مێژوویی و هاتنەکایەی دەوڵەتی مادەوە هەموو ئەم میللەتانە لە ناو میللەتی گەورەی مادا تواونەتەوە و بوونە یەك نەتەوە و لە بنەڕەتیشدا هەروەکو وترا هەموویان دایکزادی ئەو وڵاتە بوونە کە ئێستا کوردستانە و لەباوەشی چیای زاگرۆسدا نەش و نمایان کردووە و زێدی باوباپیرانیان بووە .

توانەوەی ئەم میللەتانە بە هۆی بەرەو بوونی دەسەڵاتی مادەوە بووە، بێجگە لەمەش ئەمانە بەمادیشەوە یەك میللەتن و خەڵکی یەك نیشتمان بوونە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ژیانی هەموو ئەم میللەتانە لە گەش و گۆڕانی مێژوودا سەردەمێکیان پێکهێناوە و لە یەك سەردەمی مێژووییدا ژیاون و پەیدابوونی میللەتی



مادو دەوڵەتەکەیان لە ئەنجامی نەمانی ئەمانەوە لەسەر هەمان خاك وڵات بووە و دەکرێت و جێگای خۆیەتی و شتێکی ڕاستیشە بەم میللەت و بە زمانەکەیان بوترێت میللەتانی زاگرۆسی و زمانە زاگرۆسییەکان، چونکە هەموویان لەوێدا لە دایکبوونەو گەشەو گۆرانیان کردووەو هاوبەشێتی زمان و کەلتوور و مێژوویان لە نێواندا هەیە.

پاش ئەمانە قۆناغێکی تر لە مێژووی ناوچەکەدا دەست پێدەکات ئەویش مادو دەوڵەتی مادەکانەو لە کۆتایی سەدەی هەشتەمی پێش زاینەوە تا سەرەتایی نیوەی دووەمی سەدەی شەشەمی پێش زاین ( ٧٧٠ — ٥٥٠ پ-ز) گەورەترین دەوڵەتیان بگرە ئیمپراتۆریەتیان پێکهێناوە و زمانی ماد لە شوێنی ئەو زمانانەوە هاتۆتەکایەوە.

بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانییە زمانی مادەکان( مادی) بەڵگەی نووسراوی کۆنی بێجگە لە چەند وشەیەکی کەم نەبێت بەجێ نەماوەو لەلایەکی دیکەشەوە زمانی ئاوێستاش هی هەمان سەردەمی زمانی مادو دەوڵەتی مادەکانە.

بۆچوونێك هەیە دەڵێت ئەگەر ئاوێستایی زمانێکی مادی نەبێت ئەوا بێگومان زارێکی ئەو زمانەیە. شتێکی گرنگ لێرەدا پێویستە بوترێت لە دوای نەمانی قۆناغی میللەت و زمانە زاگرۆسییەکان قۆناغی زمانە ئێرانییەکان لە ئاوێستاو مادەوە لە ناوچەی ئاریاوە لەگەڵ میللەتانی تری ئاریایی پەیدابوونە و خێزانی میللەت و زمانی ئێرانی سەریان هەڵداوە.

ئەمجا لە دوای روخانی دەوڵەتی مادەوە، بەدرێژای مێژووی نەتەوەی کورد لە کوردستاندا، زمانی کوردی کەوتۆتە بەر کاریگەری زمانی میللەتانی دەسەڵاتدارانی وڵاتی کورد بەتایبەتی لە دوای پیلانی گەورەی دابەشکردنی کوردستانەوە بۆ سەر وڵاتی چەند میللەتی زمان جیاواز وەکو فارس، عەرەب، تورك، و ئازەری و بگرە روسیشەوە. هەریەك لەم نەتەوانە کەوتوونەتە وێزەی میللەتی کورد و زمانەکەی و نابوت کردنیەوە.

لەم ڕووەوە لە دوای روخانی مادەکان و لە هاتنی دەسەڵاتی میللەتانی گریکی، عیلامی، بابلی، ئاشوری و پاشان هاتنی لە شکری ئیسلامی بۆ سەرکوردستان و داگیرکردنی وڵاتی کورد یەکەم هەنگاوێك کە ناویانە سووتاندنی کتێبی ئاوێستای

زەردەشتی بووە. ئەوەشی بۆ خۆیان بەکەڵك بووە بردوویانە و سوودیان لێوەرگرتووە و بناغەی شارستانییەت و دەوڵەتیان پێ دامەزراندووە. شارستانییەتی کورد کە لە پێش هی ئەوانەوەیە وەکو دامەزراندنی دەوڵەت و فێربوونی کشتوکاڵ و چاندنی دانەوێڵە..

ئەمجا لە دوای نەمانی میدییەکانەوە بگرە تائێستاش خاکی ولاتی کورد پێ پەستی ئەوانەو ناو و ناتۆرەی خراپ و قیزەونیان بۆ کورد و زمان و فەرهەنگ و کەلتوورو داب و نەریتەکەی بە مەبەستی سووککردنی و دواخستنی هەڵبەستووە، تەنانەت ویستویانە لەبەر چاو نەتەوەکەی خۆیشی بخەن.

بەلاّم دەبێت هەموو میللەتان و دەسەلاّتداران و رۆشنبیرانی ئەوانەی خاکی ولاّتی کوردیان داگیرکردووە ئەوە بزانن کە کورد هاوکار و هاوبەشی شارستانییەتی ئەوانە. بۆ نموونە ئەگەر کورد نەبوایە تورك نەیدەتوانی کۆماری تورك دابمەزرێنێ و لە رۆژهەلاّت بالاّدەست بن. بەهەمان شێوەش کورد لە دیوی ئێراندا یارمەتیدەری میللەتی فارس بووە لە جەنگی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویدا، شارستانییەتی عەرەب و ئیسلامیش ئەگەر بریتی بێت لە چوار دیوار بێگومان دیوارێکی ئەو شارستانییەتە بەرکورد دەکەوێت و کورد لە بواری جیاجیایی رۆشنبیری و ئەدەب و زمان و رێزمان و رەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا دەوری پێشرەوی هەبووە لەو مەیدانەدا سەرکردە بووە. بۆ نموونە یەکەم رێزمان دانەری رێزمانی عەرەبی ئیبن الحاجب و یەکەم رەخنەگری عەرەبی ابو القاسم الأمیدی بووەو چەندین شاعیری گەورە و پێشکەوتوو بەزمانی عەرەبی وەکو بێتوشی، عباس محمود العقاد، ئەحمەد ئەمین، ئەحمەد شوقی، رەسافی و زەهاوی کورد بوونە.

لە هەموو ئەمانە گرنگتر ئەگەر کورد نەبوایە نە عەرەب ئێستا ئاوا خاوەنی بیست و دوو دەوڵەتی عارەبی دەبوو، نەئیسلامیش بەم شێوەیە ئێستا دەبوو، بگرە لەبەرانبەر خاچ پەرستان و لەشەڕی خاچ پەرستانیشدا سەرکەوتوو دەبوو، کە بەسەرۆکایەتی صلاحەدین ئەیوبی کورد سەرکەوتنێکی هەمیشەیی بۆ ئیسلام و بۆ زمانی عەرەبی و بۆ داب و نەریت و فەرهەنگی عەرەبی ئیسلامی تۆ مارکرد، کە



ئێستا بەپێچەوانەوە ئەوان منەتیان پێ نییە و لەبەرانبەر ئەو نەتەوەیەی کە صەلاحەدینی پێگەیاند زۆر بێ منەتن و تەنانەت بەکوردیشی نازانن و بەپاڵەوانی نەتەوەی عارەب و ئیسلامی عەرەبی دەزانن. باوەڕیشیان نییە و نایانەوێت کورد ماف و دەوڵەتیشی هەبێ.

هەرچۆنێك بێت تائێرە ئەوەی خرایە ڕوو بەشێکە لە زانستی مێژوویی و لە رووداوی ڕاستی دەبێت کورد لەمەودوا چالاکانە هەوڵی وەلاّمدانەوەی هەموو نارەوایيەك بداتەوە کە دژی لە مێژوودا خراوەتە کارو پەردە لەسەر راستییە مێژووییەکان دژ بەو ناراستییە تۆمارکراوانە هەڵبداتەوە.

ئەم بەرهەمە هەولێکە بۆ وەلاّمدانەوەیەکی ئەولایەنانە لە بواری رەسەنایەتی زمانی کوردیدا کە شوێن و پێناسەی دیارە لە ناو زمانانی دنیادا لە رووی شوێن جوگرافی زمانەکە کە کوردستانەو لە بواری جیاجیای وەك رێزمانی ، پەیوەندی خزمایەتی و نزیکایەتی زمانەوانی، لە رووی پێشکەوتن و پەرەسەندنەوە، لە ڕووی دەرخستنی رەگەز و رەسەنایەتی کۆنی ئەم زمانەوە لەڕەگ و ڕیشەو بنچینەدا کە لە کۆیوە هاتووە، لە کوێ بووە دەگەڕێتەوە بۆ زمانی چ میللەتێك، کە بەلای کەمەوە مێژووی رەسەنایەتی و پەیوەندی بەزمانەکانی دامینی چیای زاگرۆسەوە بۆ هەزارەی چوارەمی پێش زاین کە بوونی سۆمەرییەکانە لە شوێنك بەناوی ((سۆمەر))ەوە لە نێوان دیجلە و فوراتدا.

بەداخەوە زۆر بەدەگمەن لەم بوارەدا لەسەر زمانی کوردی نووسراوە بەتایبەتی لە ڕووی دەرخستنی پەیوەندی مێژوویی زمانی کوردی بەزمانە زاگرۆسییەکان کە بنەڕەت و بنچینەی زمانی کوردی پێکدەهێنن.

لێکۆڵینەکانی ئەمڕۆژگارەی زمانی کوردی بەزۆری لایەنی ڕێزمانەکەی گرتۆتەوە، نەك بەدەرخستنی پێناسەی مێژووەکەی. ئەم بەرهەمە پێناسەی زمانی کوردی، شوێنی زمانی کوردی لە ناو زمانەکانی جیهاندا چ لە ناو خێزانە زمان و کۆمەڵە زمانی خۆیدا دیاری دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵدراوە لە ڕووی بنای وشەسازی و

رسەسازی و لەلایەکی ترەوە لە رووی دەنگسازیشەوە شوێنی زمـانی کـوردی لـە نـاو ڕیزە زمانێك دابنات کە خۆی تیایەتی و لە رووی ژمارەی دەنگەکانیـشییەوە لـەڕیزی زمانـە (٣٧) دەنگییەکانـە. نـوێترین دابەشـکردنی زمانـەکانی جیهـان لـەرووی جوگرافییەوە هێناوەتە ناو زمانی کوردییەوە .

هەوڵدراوە بەچەند شێوەیەکی جیاواز کۆمەڵەی زمانەکان لـە رووی خزمایـەتی و نزیکایەتی زمانەوانی، رێبازی پێشکەوتن و یـەکێتی رەگـەز و رێزمـان دیـاری بکـات و بەنەخـشەو هێڵکارییـەوەش دابەشـکردنی زمانـەکان ئاسـانتر بکـات و خوێنەر زووترو باشتر لیێ تێبگات. لە کۆتاییدا هیوادارم سوودێکم گەیاندبێت بـە بەرزکردنەوەی دیـواری خـانووی سـەر نـەگیراوی وڵاتـی زمـانی کـوردی، بـەوەش خۆشحاڵ و ئاسوودە دەبم.

**د. رفیق شوانی**
**٢٠٠٧/٨/٨**

# پێناسه و دیاریکردنی شوێنی زمانی کوردی لەناو زمانەکاندا

زمانی مرۆڤایەتی دیاردەیەکی زیندووی[١] کۆمەڵایەتی، ژیری دەروونی بەجێی زۆر ئاڵۆزە[٢].

لەبەرەبەیانی مرۆڤەوە داهێنراوە، بەهۆیەوە کۆمەڵ و پەیوەندی مرۆڤایەتی پێکهاتووە، رۆژ بەرۆژیش، ئەم پەیوەندییە، کۆمەڵایەتییە، لەگەڵ نوێبوونەوەی ژیان و گۆڕانیدا لە هەڵکشان و پێشکەوتندایە، دەگۆڕێت و پەرەدەسێنێت و لایەنەکانی نوێ دەبێتەوە، ئەرکی هاوبەش لە کۆمەڵی جیاوازی مرۆڤایەتیدا دەبینێ[٣].

زمان ئەو ئامرازە داهێنراوەیە کە مرۆڤ فێری بووە، هەرگیز ناتوانیت وازی لێ بهێنێ، چونکە ئەتوانێ ئەرك و پێویستییەکانی پێ جێبەجێ بکات بەبێ زمان بە شێوەیەکی تەواو بۆی مەیسەر نابێت.

زمان نرخێکی گەورەی، لە روونکردنەوەی دەوری تەوەری کاریگەرییەکانە، لە کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا هەیە. بۆیە زمان بۆتە جێگای تێرامان و بیرکردنەوە، بۆ دۆزینەوەی لایەن و تێگە( مفهوم) و پەیوەندییەکانی و دەرخستنی ئەو ئەرکەی کە بەکارهێنەرانی دەیدەن بەمەبەست تێگەیشتن و لابردنی لێڵییەکانی، تابتوانی سیستەمەکەی دیاری بکەن و لە نهێنییەکانی قول ببنەوە، تا رێگا بۆ دیاریکردنی تایبەتییەکانی و زانینی رێزمان و دەستوورەکانی و هۆی لێکۆڵینەوەی پەرەسەندنی[٤] خۆشببێت.



لێرەدا دەردەکەوێت، لێکۆڵینەوە، لە بارەی زمانەوە زۆر هەڵدەگرێت. ئەمجا چ جای زمانی نەتەوەیەکی وەکو کوردی ژێر دەستەی هەزاران ساڵە،کە دەیان و سەدان ناو ناتۆرەی خراپ و قێزەونی، لەلایەن دوژمنە داگیرکەرەکانییەوە، بەمەبەستی سووك سەیرکردنیەوە بۆ رێکخراوە و لێنراوە.

وەك ئەوەی زمانی کوردی، زمانی جنۆکە بێت یالقێك بێت لە زمانی تر، بەم رێگایەوە بتوانن لەبەر چاو نەتەوەکەشییەوە، رەشبکرێت و وەکو زمانێکی ئاسایی و سەربەخۆی نەتەوەیەکی سەربەخۆوە سەیرنەکرێت.

ئێمە هەوڵ ئەدەین لەم باسەدا ئاوڕێك لە زمانی کوردی کەم خزمەتکراو و کەم لەسەر نووسراوەوە، لە رووی جیاجیاوە پێناسەی بکەین، شوێنی و چۆنیەتی لە ناو زمانەکانی تری جیهاندا دیاری بکەین.

زانایانی زمان، زمانی نەتەوەکانی جیهانیان دابەشکردۆتە سەر چەند خێزانە زمانێکەوە. زمانی ئەم نەتەوانەش، چەند تایبەتێتی و سیفەتی هاوبەشی وەك رەگەزو بنچینە، رێزمان، رێبازی پێشکەوتن بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە[٥] بێجگە لەمەش تازەترین لێکۆڵینەوە لەسەر بنەڕەتی شوێنی زمان بەپێی کێشوەرەکان دیاریکراوە[٦] ئەم جونکردنەی زمان سەرکەوتوونییە، چونکە بەپێی نزیکایەتی زمان نییە و زمانی لەیەکتر جیاواز لەناوچەیەك هەیە.

لێرەدا دێین بەپێی هەریەك لەم لایانانە وەکو رەگەز و بنچینە، رێزمان، رێبازی پێشکەوتنی سیستەمی ریزکردنی بەشەکانی ڕستە و شوێنی زمانەکان، بیروڕای زماننانسەکان بۆ دابەشکردنی زمانەکانی جیهان دەخەینەڕوو پاشان تایبەتێتی و نموونەیان لە زمان و خێزانە زمان دەخەینەڕوو.

هەندێك لەم زانایانەی زمان، لە زانستی زماندا، زمانەکانیان کردۆتە چەند خێزانێکەوە واتە بەسەر چەند خێزانە زمانێکدا بەپێی رەگەز و بنچینە[٧] دابەشکردووە کە کەس و تاکەکانی هەر خێزانێك پەیوەندی خزمایەتی و نزیکایەتی زمانەوانی لەڕووی بنچینەی وشەو رێزمانی ستراکچەر و پێکهاتەی رستەو... کۆدەبنەوەو رێکدەکەون. ئیتر بەم پێیە هەر خێزانە زمانێك لە چەند نەتەوەیەکی

ئاخێوەر بەم زمانانە پێکدێت، کە لە نەتەوە و کۆمەڵە مرۆڤی جیاواز پێك دێن و دەگەڕێنەوە سەر میللەتێکی یەك بنچینەیی و یا نزیك لەیەکتر و کە کۆمەڵێك پەیوەندی جوگرافی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا پێکدەهێنن.

بەناوبانگترین بیردۆزەیەك کە زمانەکانی لەم ڕووەوە، واتە لە رووی خێزانە زمانەوە دابەشکردبێت، بیردۆزەکەی ماکس مولەرە کە زمانی نەتەوەکانی بەسەر سێ خێزانە زماندا دابەشکردووە، وەك: خێزانی هیندۆ ئەورووپی، خێزانە سامی- حامی، خێزانی تۆرانی.  ئەم دابەشکردنە بەپێی نزیکایەتی خزمایەتییە.

لێرەدا، ئەم بیردۆزەی ماکس مولەر، بۆشایی تێدەکەوێت، چونکە هەموو زمانەکانی جیهان، یا باشتر بڵێین خێزانە زمانەکان ناگرێتەوە. کە هەموو زمانی نەتەوەکان یا هەموو خێزانەکان بگرێتەوە، بۆ نموونە خێزانە زمانی میللەتانی چینی و تبتی و ئەو زمان و میللەتانەی، سەر بەم خێزانەیە دیاری نەکردووە. بۆیە وەکو شتێکی زانستی پێویستە خێزانی چینی- تبتی  دیاری بکرێت. کە زمانی چینی و فیتنامی و تایلاندی و بۆرمایی، بێجگە لە زمانی هیندییە پیست سوورە دانیشتوانە رەسەنەکانی ئەمەریکا، زمانی دانیشتوانی ئەفەریقای رەش و ئوسترالیایش.

پێش ئەوەی شوێنی زمانی کوردی، لە ناو ئەم خێزانە زمانانە دیاری بکەین. پێویستە ئەوە روونبێتەوە، ئایە بەکارهێنانی زاراوەی خێزانە زمانی هیندو ئەوروپایی لەبەرانبەر بەکارهێنانی زاراوەی کۆمەڵەی ئاری، کە بنچینەو بنەڕەتی خێزانە زمانی ئێرانی و هیندی و ئەوروپایی و هیتییە [٨] راستە؟

ئەمە پێویستی بە وەڵامدانەوەیەکی زانستی هەیە. ئەویش ئەوەیە زاراوەی ئاری مەودایەکی فراوانی هەیە و لە ڕووی مێژووییەوە رەگەز پێکدێنێ کە تایبەتی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و جوگرافی و ئەنترۆپۆلوجی دەگرێتەوە، ژمارەیەك میللەت

---

٨ – یەکەم سەرچاوە باسی خێزانی هیندۆ هیتی وەکو خێزانێکی سەربەخۆی کۆمەڵە زمانی ئاری (هیندۆ ئاری ) کردبێت بابا شێخ حسینییە، هامشی بردانش زبانشناسی، سنندج، ١٣٨١، ل ٢٢٠.



و نەتەوەی جیاواز هەیە کە لەبنەڕەت و بنچینەدا لەو ڕوانەی سەرەوە یەکدەگرنەوە و خێزانە زمان و میللەتانی ئێرانی و هیندی و ئەوروپایی پێکدەهێنن، هەر خێزانەی لە چەند زمانێك پێکهاتووە و بنچینەیان لە یەك زمانەوە وەرگیراوە و تایبەتێتی جۆراو جۆری هاوبەشیان هەیە، بەڵام لە ئەنجامی پەرەسەندنی مێژووییدا تایبەتێتی زمان بەپێی قۆناغی مێژوویی لە دوای یەك گۆڕاوە.

لەلایەکی ترەوە  لق و پۆپ دەچێتەوە سەر بناغە و رەگ و ریشەکەی، نەك بناغە سەر بەلق و پۆپ بێت، بۆیە ئاری وەکو رەگەز ژمارەیەك میللەت و نەتەوە دەگرێتەوە، لقی ئێرانی ، هیندی ، ئەوروپایی و هیتی هەیە، چونکە زۆربەی ئاخێوەرانی ئەم خێزانە زمانەی سەر بەرەگەزی ئارین و زانایانی کۆنی زانستی زمان هەر زاراوەی ((زمانە ئارییە)) کانیان  بەکار دەهێناو، بەڵام زانا تازەکان وازیان لە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لە ترسی تێکەڵ و پێکەڵی و هەڵەکردن هێناو لە جیاتی ئەمە زاراوەی ((زمانە هیندو ئەوروپایی)) بەکاردەهێنن[٩].

بۆیە باشتر و زانستی ترە زاراوە بنچینەییەکە کە (خێزانی ئاری) کە لە وشەی (ئاریا)وە سەرچاوەی گرتووە و پاشان بۆتە ( ئاریایی ). بەکاربهێنرێت. هەموو میللەتانی ئێرانی و هیندی و ئەوروپایی دایکزادی ئاریاین، دوو تایبەتێتی گرنگ دەیان بەستێتەوە بەیەکتر:

١- بوونی وشەی هاوبەش لە نێوان ئەم خێزانە زمانە کە ئاریایین.

٢- لە یەك رەگەزن و هاوسێ و هاوبەش و هاونیشتمانی یەکتر بوونە لە ناوچەی ((ئاریا))[١٠] و لەبنەرەت و لەو شوێنەیاندا کەلتوورێکی هاوبەشیان هەبووە.

دوای ئەم روونکردنەوەیە، دێینە سەر دابەشکردنەکەی ماکس مولەر کە لەسەر بنەڕەتی پەیوەندی خزمایەتی و نزیکایەتی زمانەوانی، زمانەکانی جیهانی دابەشکرد. لەم رووەوە زمانی کوردی زمانێکی ئێرانییە سەر بە خێزانی ئارییە نەك وەکو ئەوەی ئێستا باوە بەهەڵە دەوترێت زمانی کوردی زمانێکی هیندۆ ئەوروپاییە، گونجاوترە بوترێت هیندۆ ئاری.

لەم ڕووەوە د.فهمی الشناوی لە نامیلکەیەکدا دەربارەی کورد نووسیویێتی دەڵێت ((ئەو کوردەی بۆتە تۆپی پێی فارس و ئەستەنبۆڵ لە بنچینەدا ئادەمیزادێکی زۆر دێرین و ڕەسەنە، لەوکاتەوە، کە کەشتییەکەی نوح (د.خ) لەسەر کێوی گوتی وەستاو لە قورئان باسکراوە، زمانی کوردی[11] بنچینەی زمانە هیندۆ ئەورووپاییەکانە کە زمانەکانی ئاسیا و ئەورووپای لێکەوتەوە )).

لە شوێنێکی تریدا دەڵێت: ((زمانی کوردی زمانی دایکە. دایکی زمانی فارسی و زمانە ئەورووپاییەکانە))[12].

## دابەشکردنی زمان بەپێی نزیکایەتیی زمانەوانی و پەیوەندی خزمایەتی

زانایانی زمان لەسەر بنچینەو بناغەی نزیکایەتی زمان و بەپێی پەیوەندی خزمایەتی بەوەی دیاردە و وشەی هاوبەش لە نێوان زمانەکاندا هەیە و هەر لەم ڕووەوە چەند زمانێك دەبەسترێت بەیەکترەوە، کۆمەڵ و خێزانە زمان پێکدەهێنن. پەیوەندییەکە تانزیکتر بێت لەرووی بوونی وشەی هاوبەش و وەك یەك و بوونی تایبەتێتی و خەسڵەتی فەرهەنگی پەیوەندی خزمایەتی بەلەیەکچوون و نزیکایەتی داب و نەریت و کەلەپوورو کەلتووری هاوبەشی نێوانیان، خێزانە زمان و میللەت پێکدێن وەکو خێزانە زمان و میللەتانی ئێرانی یا خێزانە زمانی هیندی یا سامی یا حامی یا بەربەری و... هتد

ئەگەریش چۆنیەتی پەیوەندی و خزمایەتی و نزیکایەتییە زمانی و میللییەکە، ڕادەکەی دوورتر بێت لە جۆری یەکەم، کۆمەڵە زمان و کۆمەڵە میللەت پێکدەهێنن لە جیاتی خێزانە زمان و میللەت. بۆ نموونە وەك کۆمەڵە زمان و میللەتانی ئاریایی یا کۆمەڵەی سامی -حامی یا چینی- تبتی... ئەمانیش لە ناو خۆیاندا هەر کۆمەڵە زمان و میللەتێك، چەند خێزانە زمان و چەند میللەتێك دەگرنەوە کە زۆر لەیەکترەوە نزیکن وەکو کۆمەڵەی ئاری لە سێ خێزانە زمان و میللەتی وەك: خێزانی زمان و



میللەتانی ئێرانی، خێزانە زمان و میللەتانی هیندی، خێزانە زمان و میللەتانی ئەورووپایی . ڕادەی نزیکایەتییەکەش تەنانەت لە ناو هەمان خێزاندا جیاوازە و کەم و زۆری هەیە. وەك نزیکایەتی کوردی و فارسی لە ناو خێزانی ئێرانی لە هەموویان ڕادەکەی زیاتر و نزیکترە. لە خوارەوە لەسەر ئەم بنچینەیە کۆمەڵە زمانەکان دیاریکراون:

١- کۆمەڵە زمانی ئاری: (خێزانی ئێرانی ، خێزانی هیندی، خێزانی ئەورووپایی)
٢- کۆمەڵەی سامی - حامی: (سامی، حامی، بەربەری، چادی)
٣- کۆمەڵەی ئۆرالی: (ئۆرالی، ئەلتیکی)
٤- کۆمەڵەی چینی و تبتی - بۆرمی( تبتی، بۆرمی، چینی).

ئەم دابەشکردنە ناتەواوی و کەم و کوڕی هەیە، چونکە هەموو زمانەکانی دنیا ناگرێتە خۆی. بۆیە لەم باسەدا، دواتر بەچەند شێوەیەك دەیان خەینە ڕوو، کام جۆریشی تا زیاترین زمانی میللەتانی دنیا بگرێتە خۆی ئەوا ئەو جۆرەیان ڕاستترو زانستی ترە.

لە خوارەوە جۆری دابەشکردنی کۆمەڵە زمان و خێزانە زمان و تاکە زمانەکانیان دەخەینەڕوو:

(١) کۆمەڵە زمانی ئاری ( هیندۆ ئاری)

ئەم بەشە زمانانە دەگرێتەوە: أ/بەشی ڕۆژهەڵاتی ب/بەشی ڕۆژ ئاوایی (ئەورووپایی)
بەشی ڕۆژهەڵاتی بریتییە لە سێ خێزانە زمان:

١- خێزانە زمانی ئێرانی : کوردی، فارسی، بەلوجی، پەشتویی(ئەفغانی)، تاجیکی، تاتی، تالشی، سوغدی، ئۆسیتی، گێلەکی، مازەندەرانی، پامیری، یەغنابی، مونجانی، کومزاری، ئەرموری.
٢- خێزانە زمانی هیندی: هندی، هندۆ، پنجابی، بەهاراتی، بنگالی، ئاسامی، ئۆردو، نیپالی، سینهالی، کشمیری.
٣- خێزانە زمانی هیتی: أ/ئەرمەنی

ب/هیتی، هیتی هیرۆگلیفی، لوکیایی، لوتایی، لیدیایی.

٤- خێزانــە زمــانی ئــەوروپایی: جەرمــەنی: ئــەڵمانی ، ئینگلیــزی، هۆڵنــدی، [دانیمارکی، نەرویجی، سویدی، ئیسلەندی، فری: زمانە ئەسکەندەناڤییەکان]

لاتینی: فەرەنسایی، ئەسپانیایی، پورتۆگالی، ئیتاڵیایی، رۆمانیایی، کاتالانی.

سەڵتی: برتانی، ئیرلەندی، گالی، واکوسی، وڵشی، مانکس، کۆرنیش.

سلاڤی: چیکی، سلۆڤاکی، روسی، پۆلەنــدی، ئــۆکرانی، بولگــاری، مەکــەدۆنی، سربی - کرواتی.

زمانی بەڵتیکی: لاتڤی، لیتوانی

زمانییەکانە: یۆنانی، ئەلبانی، کولیها، زیگانی.

(٢) کۆمەڵەی سامی - حامی: سامی، حامی، بەربەری، چادی.

سامی: عارەبی، عیبری، ماڵتی، ئەمهەری، سریانی، مەندائی.

بەربەری: زمانی دانیشتوانی بنەڕەتییەکانی باکووری ئەفــەریقیا (لیبیــا، تــونس، جەزایر، مەغریب، بیابان لە جەزایردا)

حامی: سۆماڵیایی، گالیایی، عەفاری

چادی: هوسائی


(٣) کۆمەڵەی ئۆرال - ئالتایی(ئەلتیکی):

لقی ئالتایی یا تاتاری: تورکی، مەگۆلی، تەنۆکسی، مەنانچۆ.

لقی ئۆرالی یا جود: چرمیسی، فنلندی، ئەستۆنی، هەنگاری، مەجەری، فینی.

ئەم زمانانەش سەربەم کۆمەڵەیەن: ئۆزبەکی، قەرغیزی، کازاخی( کازاکی- قۆزاقی)





بۆرياتی- داگوری- خورچينی لە شورەوی و چين سەربەم كۆمەڵە زمانەن.

**(٣) كۆمەڵە زمانی چينی و تبتی - بۆرمی**

تبتی- بۆرمی: تبتی، هانی، يی-yi ، بائی، جۆنكا، بۆرمی، لۆلۆ، كاچين.

چينی : كانتۆنی، فۆكين، ئامۆئی و تايوانی، وو -wu ، يوئە، كەژيا، هاكا، مين، تسيانگ( چيانگ)

لەخوارەوە شوێنی قسەكردنی هەرچوار كۆمەڵە زمانی سەرەوە لەگەڵ خێزانە زمانی كوردييەوە دياری دەكەين.

١- كۆمەڵەی ئاری( هندۆ ئاری):

شوێنێكی جوگرافی زۆری گرتۆتەوە، فراوانترين زمانە بلاوبۆتەوە، هەموو دانيشتوانی ئەوروپا و ئەمەريكا، ئوستراليا و باشووری ئەفريقا قسەی پێدەكەن ، بێجگە لە هەندێك دانيشتوانی ئەوروپا نەبێت وەكو باسكی، فينی، مەجەری و توركی.... و دانيشتوانە رەسەنەكانی ئەمەريكا و ئوستراليا و ئەفريقای لێدەربچێت كە ئەوانيش توانەوە و لەناو چوونە بێجگە لە ژمارەيەكی كەميان نەبێت ئەوانيش بەرەو لەناو چوون دەچن.

زمانە ئارياييەكان بەشێكی زۆری دانيشتوانی ئاسيا وەكو هندستان، ئێران، كوردستان، ئەفغانستان، قەفقاسيای ناوەڕاست، ئەرمەنستان[١٣]، دەوروبەری باكوور و باشووری ئاسيا تا دەوروبەری ناوچە دوور دەستەكانی وەكو سريلانكاو مۆڵداڤيا دەگرێتەوە[١٤].

گەورەترين ڕووداو لە سنووری ئەم كۆمەڵە زمانە ئەوەيە لە سەدەی ١٦ز ڕوويدا، فراوانبوونی زمانی نەتەوەكانی ئەوروپابوون وەكو ئينگليزی، ئيسپانيايی، پورتوگاليايی، فەڕەنسايی لە كيشوەری ئەمەريكا بە هۆی داگيركردنەوە. بلاوبوونەوەی زمانی ئينگليزی لە ئوستراليا و نيوزلەندە و لە باشووری ئەفريقا، ئەمڕۆ زمانی ئينگليزی، ئيسپانی، پورتوگالی بە پلەی يەكەم زياتر لە ئەمەريكا



قسەی پێدەكرێت وەك لە شوێنی بنەڕەتی خۆيان. زمانی روسيش بەهەمان شێوەی ئەم زمانانە و وەك زمانێكی ئەوروپايی بە هۆی سياسەتی داگيركردنەوە بەرەو سەيبريا كشاوە[١٥] و بەكاردەهێنرێ. ئەم كۆمەڵە زمانە سێ خێزانە زمانی لێكەوتۆتەوە و بەم شێوەيە دياری كراوە:

١- خێزانە زمانی ئەوروپايی
٢- خێزانە زمانی هيندی
٣- خێزانە زمانی ئێرانی

ئەم دابەشكردنە لە سەرچاوە نوێيەكاندا[١٦] بەبەڵگەوە بۆ كۆمەڵەی زمانە ئارييەكان كراوەتە چوار خێزانە زمانەوە ، ئەويش بەزيادكردنی خێزانە زمانی هيندۆ هيتی و بەم شێوەيە:

١- خێزانە زمانی ئەوروپايی
٢- خێزانە زمانی هيندی
٣- خێزانە زمانی ئێرانی
٤- خێزانە زمانی هيندۆ هيتی.

**چۆنيەتی ناونانی كۆمەڵە زمانی ئاری يا هيندۆ ئاری:**

ئەم زاروەيە خێزانە زمانەكانی ئەوروپايی، هيندی، ئێرانی، هيتی دەگرێتەوە . لە رووی ناو نانييەوە زاراوەی هيند و ئەوروپايی نادروستە بۆ ئەم كۆمەڵە زمانە، چونكە ڕووی زانستی ئەم زاراوەيە و راستی مێژوويی و زمانەوانی ئەم كۆمەڵە زمانە بە كۆمەڵە زمانی ئاری يا هيندۆ ئاری دروستترە، لەبەرخودی وشەی ((ئاريا)) و ((ئاريايی)) پێشينەی چەندين هەزار ساڵەی مێژوويی و زمانەوانی و بگرە شوێنی جوگرافی و نيشتەجێبوونی گەلانی ئاری رەگەز لە ناوچەی نيشتيمانی ((ئاريا)) دەگرێتەوە، پاشان وشەكە گۆڕاوە بۆتە ((ئاريانا)) وەكو زاراوەيەك بانی ئێران دەگرێتەوە، لای رۆژهەڵاتەوە رووباری سندتا ريزە چيای زاگرۆس لای رۆژئاواوە دەگرێتەوە. ئەم شوێنە شوێنی گەلانی ئاريايی بووە.

پاشان ئەم گەلانە لە سەرەتاوە ئەوروپاییەکان بەرەو ئەوروپا و هیندییەکان بەرەو هیندستان کۆچیان کردووەو گەلانی ئەوروپایی و ئەوانەی هیندستانیش، هیندی پێکهاتووە، گەلانی ئێرانیش لەو شوێنەوە بەرەو ئێران و کوردستان بڵاوبوونەتەوە و میللەتانی ئەوروپایی، هیندی و ئێرانی و پاشان هیتی لەو کۆچانەوە پێکهاتوون.

لێرەدا بەڵگەی زانستی و هاوبەش کە ئەم میللەتانە بەناونیشانی کۆمەڵە میللەتێك یا کۆمەڵە زمانێك بەزاراوە یەك کۆبکاتەوە و هەموویان بەخەسڵەت و تایبەتێتییەك نزیك لەیەکتر وەك یەك دەریانبخات ناوی نیشتیمانی هاوبەشیانە کە ناوچەی ئاریایە و زۆربەی سەرچاوە زمانییەکان ئەوە دەردەخەن کە زمانی میللەتانی ئاری لە زمانی کۆنی هندۆوە کەوتوونەتەوە و ئاریش خەسڵەتی هاوبەشیانە بۆیە دروستترە بوترێت: کۆمەڵەی زمانی ئاری یا هیندۆ ئاری.

وشەی هیندۆ زمانی کۆنی سانسکریتی سەرچاوەی کۆنی زمانەکانی ئارییەو وشەی (ئاری) یا (ئاریا) وەکو ناو لە ناو هەموو ئەم میللەتانە بە شێوەی جۆراو جۆر بەکارهاتووە و بڵاوبۆتەوە. بۆ نموونە: ئاریان، ئاری، ئاور، ئاتر، ئێران، ئێران، ئۆرمیە (ورمێ)، ئاران، ئاتران، ئایر، ئاهورا، ئەربیل، ئەربیلیۆم، ئۆرارتۆ، ئۆراتری، ئارزانی، نائیری، ئێرەوان، ئەردەوان، ئەرارات، ئەرزنجان، ئیرلەندا، ئەوروپا، ئۆرشەلیم، ئەرمەنی.....هتد.

پاشان نیشانەی(ان)ی کۆ یا ناوی شوێن کۆتایی هاتوو بە (ان) وەك: ئەیوان، هەیوان، مان، ئالان، خێزان، قامیشان، ئاریان، رەگی ئەم بەڵگەیە بۆ وشەی ئاریا و بۆ رەسەنایەتی ئەم وشانە دەسەلمێنێ کە لە زمانی ئەم میللەتانەدا هەیە.

لە روویەکی تریشەوە زمانی ئەرمەنی بە دوو وشەی وەك ئەریوان، ئەرمەنی دەباتەوە سەر زمانی کۆمەڵەی ئاری.

ئەم نموونانە بەرێکەوت نەکەوتۆتە ناو ئەم زمانانەوە، بەڵکو لە ئەنجامی یەك رەگ و ریشەییانەوە پەیدابوونە و بەڵگەی نیشتەجێبوون و پێکەوە ژیانی ئەم میللەتانەیە لەسەر خاکێکدا لە رۆژگارێکی دوورو درێژدا ژیاون و پاشان لە ئەنجامی کاریگەری چەند



هۆیەکەوە پرش و بڵاوبوونەتەوە و ئەم وشانە یادگاری کۆنی ئەم سەردەمانەیان دەردەخات و ئێستا شانازی بەو رابردووە کۆن و رەسەن و رەگ و ریشەدارەیانەوە دەکەن.

لە رۆژگاری ئەمرۆی ئەم زمانانەشدا نموونەی وشەی هاوبەشیان زۆرە : مانگ، ئەستێرە، دوو لە زمانی کوردی و لە ئینگلیزیدا moon ، STAR ،TWO ، لە فارسیدا: ماه، دو، لە ئینگلیزیدا win، nine، لە فارسیدا: باد، نە، لە کوردیدا با، وا، نۆ، لە ئاوێستادا مانگهە، واتە مانگ.

وشەی گۆجان، چوار، ئاخوڕ، دە، کەوش، لە زمانی کوردیدا. لە ئەرمەنیدا بۆنەتە (( گاڤازان، چووس، ئاخوڕ، داس، کەڤش، کوشیك)).

**تایبەتێتی کۆمەڵە زمانی ئاری ( هیندۆ ئاری)**

نزیکەی نیوەی خەڵکی جیهان بەم کۆمەڵە زمانە قسە دەکەن و لە کاری رۆژانەدا بەکاردەهێنرێت. خزمایەتی نێوان زمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە دیاریدەیەکی ئاشکراو دیارە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم زمانانە هەریەکە تایبەتێتی خۆی هەیە، هەندێکی سیستەمی داڕشتنی هەیە و هەشە ئەمەی لەدەست داوە. بەکارهێنانی ئامرازی خستنە سەر پێشگر و پاشگر، کۆی ناتەواو ( جمع تکسیر)... هتد لە زمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە بە شێوەیەکی یەکسان نابینرێت. تایبەتێتی ئەم کۆمەڵە زمانە بەپێی لێکۆڵینەوە لەم تایبەتێتیانە دەردەکەوێت:

١- ژمارەی وشە و کەرەسەی نەگۆڕاوی وەك( بەند، ئامرازی خستنە سەر،...) کەمترە لەو وشانەی گەردان دەکرێت لە ناو، جێناو، فرمان.

٢- ئەم جۆرە گەردانانە وەکو نیشانەی کۆ، گەردانی فرمان بێجگە لە رەگی ئەو وشانەی بەسەریەکەوە شایەنی ناسراوی نین.

٣- کەرەسەی ئەم جۆرە گەردانانە لەوانەیە لە هەمانکاتدا هەڵگری چەندین دەوری دەستووری وابێت. بۆ نموونە لەژمارەی فەڕەنساییدا فرمانێك کە بە نیشانەی (ons) کۆتایی دێت دەرخەری کەسی یەکەمی تاکە و هەروەها کۆشە.

٤- ئەم جۆرە گەردانانە هەمیشە لە کۆتایی وشەوە دەبینرێت هیچ کاتێك لە سەرەتای وشەوە نییە.

٥- لە نێوان زمانی ئەم کۆمەڵەیەدا، جیاوازی دەنگی لەو وشانەدا هەیە، کە یەك رەگیان هەیە، وەك لەم فرمانانەداsing – sang – sung لە ئینگلیزیدا.

٦- لەم کۆمەڵە زمانەدا فرمان تەنها بەپێی بکەر گەردانە دەکرێت و بەرکار دەوری لە گەردانی فرماندا نییە. بۆ نموونە ژمارەی کەس لە راناوە لکاوەکانی بکەریدا دەوری لەتاکو و کۆی فرماندا هەیە. واتە بکەرو فرمان دەبێ لەم رووەوە بەپێی یاسای رێکەوتن وەك یەك بن.

٧- وشە بەپێی رادەو ژمارەیەکی سەربەخۆ لە رستەدا هەیە، ریزکردنی وشەکان بە خورتی بەپێی تێگەیەکی تایبەتی نییە. بۆ نموونە کام وشە بەپێی جێگای جەخت کردن بێت لە سەرەتای رستەوە دێت و ئاوەڵناو تەواوکەر پێش تەواوکراوەکە دێن. لە زمانی واش هەیە لەم کۆمەڵەیەدا. بۆ نموونە لە ئینگلیزیدا پێش ناو دەکەوێت.

٨- جێناوی پرس دەکرێت بەکارنەیەت و پرسیارکردن لە جێگۆرکێی ریزکردنی وشەکانی رستەوە بەئەنجام دێت، واتە دەکرێت بەپێی ئاواز پرسیار بکرێت.

٩- پێکهاتن و دروستکردنی وشەی جیاواز لە یەك رەگەوە بە شێوەیەکی زۆر فراوان و جۆراو جۆرە[١٧] بۆ نموونە لەرەگی چاوگی ( پرسین )ەوە واتە لە (( پرس))ەوە وشەی پرس، پرسیار، پرسە، پرسگە، دەپرسم، بپرسم، پرسیوومە، پێکدێ.



## دیاردەیەکی لێکچووی نێوان خێزانە زمانەکانی کۆمەڵەی ئاریدا

لە نێوان زمانەکانی کۆمەڵەی ئاریدا، دیاردەیەکی هاوبەش و لە یەکچووی نێوان خێزانە زمانە ئارییەکاندا هەیە. وەك بوونی سێ زمانی کۆنی ئەو سێ خێزانە زمانانە، کە کتێبی پیرۆزی ئایینی و بەڵگەی دەقی نووسراوی کۆنی ئەو زمانانە لە مێژووی کۆن و دێرینی میللەتەکانیان نیشان دەدات و بە هۆیانەوە شانازی بەرابردووی دیارو دێرینی نەتەوەکانیانەوە دەکەن. ئەویش وەك هەر سێ زمانی سانسکریتی، ئاوێستایین و لاتینی لە ناو خێزانە زمانی هیندی، ئێرانی و ئەوروپاییدا، جێگای خۆیەتی سەرنجیان بۆ راکێشین:

**سانسکریتی:**

زمانێکە لە بەشی زمانە هیندۆ ئارییەکان، کۆنترین زمانی هیندۆکانی هیندستانە. مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زاین .

کۆنترین ناوەرۆکی پیرۆزی کتێبی ڤیدای پێ نووسراوە تەوە. وشەی سانسکریت بەواتای ((بێگەرد)) و((ساف، هەڵبژاردە)) دێت لە سەدەی پێنچەمی زاینی لەلایەن (پانینی) رێزمان زانی هندی، دەستووری زمانی هیندی پێ نووسراوەتەوە. مێژووی سانسکریتی کۆن دەگاتە دەوروبەری (٥٠٠-١٠٠٠)ساڵ پێش زاین. بە شێوەی زمانی ستاندەری(زمانی نووسین) زانایان و نووسەران داهاتووەو لە ساڵانی کۆتاییدا بە ناونیشانی زمانی قسەکردن سەرنجی لێکۆڵەرانی بۆ لای خۆی لەنوێوە راکێشاوە. ئاگادارانی لێکچوونی پێکهاتنی سانسکریتی لەگەڵ لاتینی و یۆنانی لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا بۆتە هۆی سەرەکی بلاوبوونەوەی مێژووی رەخنەیی[١٨].

**ئاوێستا:**

کۆنترین شێوە زمانی خێزانە ئێرانییەکانە بە سەرچاوەی زمانی کوردی دادەنرێت و لە رووی مێژووییەوە گەشەو گۆرانی کردووە. لەگەڵ زمانی (مادی)دا مێژوویان زۆر کۆنە، جیاوازی نێوانیان ئەوەیە مادی هیچ ئاسەوارێکی بێجگە لە چەند وشەیەك

نەبێت بەجێ نەماوە، بەڵام ئاوێستا زمانی کتێبی پیرۆزە و کۆنترین زمانی خێزانی ئێرانییە، گەیشتۆتە بەردەست زانایان و چاویان پێکەوتووە. ئەم زمانە لە رووی رێزمانی دەستوورییەوە زۆر کۆنە و بەسەرچووە، لەم گوزەرەوە کەم و کورِی لەگەڵ سانسکریتی و ڤیدائی نییە. لە رووی گەردانی زمانییەوە ئاوێستا زۆر خۆدەرخەرە و فرمان و ناو و راناوەکانی گەردان دەکرێت چەشنی جۆراو جۆری بنەمای ناو و فرمان هەیە، چونکە بەشە جۆراو جۆرەکانی ئاوێستا لە سەردەمی جیاواز و لەسەر خاکی جیاوازەوە پەیدابووە (بە بۆچوونی من ئەو خاکە جیاوازی هەرهەمان زەمینەیە کە مەڵبەندی زمانە ئێرانییەکانی قۆناغی کۆن و ناوەراستە و کە لێکدانەوەی زەندو پازەندی بۆ کراوە – نووسەر) لەسەر ئەمەشەوە دیارە کە زمانەکە یەکدەست نییەو لە ئاوێستادا دوو زاری بنەرەتی دیاریکراو بەچاو دەخوێنرێتەوە. یەکێك لەوانە زاری گاتەیە و شێوەی بەشەکەی تری ئاوێستا شێوەی ( خوردە ئاوێستایە- واتە ئاوێستای بچووك). بەپێی تێروانینێکی دوورکە هەیە جیاوازی نێوان پارچەکانی زمانی گاتاکان و زمانی بەشەکان تری ئاوێستادا ئەشێت زۆرتر لە ئەنجامی هەڵومەرجی جیاوازی گواستنەوە و کۆپی کردنی ناوەرۆکی ئاوێستاوە زانراوە لەوانەیە ئەم زمانەی گاتاکان تارادەی بەسەرچوونی تێبینی بکرێت. لەبەر ئەم هۆیە کە هەیە هەنگاوی گواستنەوە و نووسینی ناوەرۆکی گاتاکان بەندە بە زەردەشت خۆیەوە. بەپێی گێراوەی پارسەکان وازانراوە سەرەتای کاری زەردەشت بەسەر خاکی بەختریای کۆنەوە بەندە. ئەم بۆچوونەی ژێرەوە گونجاو نییە و ناتوانرێت ئەوە بچەسپێنرێ کە تەواوی ئاوێستا یا بەشێکی دیاری کراوی لەبەختریا نووسراوەتەوە[١٩] هەروەها تێگەیشتنێکی هەڵەشە کە بەزمانێکی ناوبراو بە(زەندی) خوێندبێتیانەوە. زەند ئەوەیە بەپارسی ناوەراست تەنها بریتییە لە لێکدانەوەی ئاوێستا، واتە بۆ روونکردنەوەی ئاوێستا لە سەردەمی ساسانییەکاندا نووسراوەتەوە تالێی تێبگەن، چونکە لە هەر سەردەمێکدا لێکدانەوەی بۆ کراوە . وەکو زەند بەدوای زەردەشت بۆ بەشی گاتاکان نووسراوەتەوە بۆ زەند یش لە سەردەمی ناوبراودا کتێبی پازەند بەمەبەستی روونکردنەوەی ناوەرۆکەکەی نووسراوەتەوە.



ئێستاش لە رووی زمانەوە کتێبی پیرۆزی ناوبراو بە (( زمانی ئاوێستایی)) بەزمانی پارسی ناوەراست بەکارهاتووە. جێگای خۆیەتی لێرەدا هێما بۆ ئەوە بکەین کە شوێنی زمانی کوردی لە ناو هەر سێ زمانی پیرۆزی وەکو سانسکریتی، ئاوێستایی و لاتینیدا ئاوێستایە و بریتییە لە کۆنترین شێوە زمانی کوردی و لەم رووەوە قۆناغی دێرینی زمانی کوردییە لە سەردەمی دەوڵەتی میدیا و زەردەشت لە سەدەی ( ٧ پ- ز)دا. بۆ دیاریکردنی شوێنی جوگرافی زمانە ئێرانییەکان، سەرچاوە هەیە ئەم شوێنەی کە لە سەرەوە دیاریمان کرد بەم شێوەیە دیاری کردووە:

لەئاسیای ناوەندی، پشتی قافقاز و ئەفغانستان و هەموو ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست، رۆژهەلاتی نزیك شوێنی وەرگرتووە، واتە نێوان هندستان لە رۆژهەلات تا نێوان هەردوو رووبار، واتە میسوپۆتامیا لەلای رۆژئاواوە. ( کوردستان دەگرێتەوە- نووسەر)، خێزانە زمانی هیندی نزیکترین خێزانە زمانە لە زمانە ئێرانییەکانەوە، کە کۆنترین شێوەی زمانە هندییەکانیش سانسکرێتی ڤیدایییە، ڤیدائیش کە کۆنترین کتێب و بەرهەمی ئەدەبیاتی هیندۆ ئاریاییە.

لە نێوان زمانەکانی کۆمەڵەی ئاریدا، دیاریدەیەکی هاوبەش هەیە وەك بوونی سێ زمانی کۆن کە کتێبی پیرۆزی ئایینیان پێی نووسراوەتەوە یا زمانی ئاین و رێ و رەسمی ئایینییان پێی بەرێوەچووە، زمانی زانستی سەردەمەکانی خۆیانیش بوونە. وەك زمانی سانسکریتی، ئاوێستا و لاتینی بۆیە بەپێویستی دەزانین لە بارە یانەوە وەك یادگاری هەر سێ خێزانە زمانی هیندی، ئێرانی و ئەوروپایی لێیانەوە بدوێن:

دیاردەی سێیەم و هاوبەشی نێوان کۆمەڵە زمانی ئاری( هیندۆ ئاری) زمانی لاتینییە.

**٣- لاتینی:** latin

زمانێکی کۆنی خێزان و بنەماڵەی زمانە ئەوروپاییەکانە، لە زمانی فەرەنسایی، ئیتاڵیای، ئیسپانی، پورتوگالی و رۆمانیای پێکهاتووە. بۆیە بە دایکی زمانەکانی لاتینی و رۆمایی دادەنرێت. کە لە هەزارەی یەکەمی پێش زاینەوە لە

رۆماو شوێنەکانی دەوروبەری قسەیان پێدەکرد. پاشان بە هۆی ئەوبەخت و هەلومەرجەوە کە بۆی ڕێکەوت، بوو بە زمانی ئیمپراتۆریەتی رۆما لە هەموو ئەوروپا، رۆژهەلاتی ناو

زمانی لاتینی کە لە دەوروبەری سەدەی سێیەمی زایندا زمانی رۆژانەی سەرانسەری ئیمپراتۆریەتی رۆم بوو. باڵی بەسەر هەموو زانستدا راکێشابوو، لە سەرەتاوە زمانی ئایینی و دەسەلاتی کلێسەی کاسۆلیك بوو، پاشان زانستی لاهوت و ئایینی پێ دەخوێنرا ورد ورده بوو بەزمانی زانستەکانی تری وەکو نوژداری، زمانی یاساو هونەر و مێژووش تا ئەمڕۆژگارەش زاراوە زانستییەکانی بەکاردێت و پەروەردە و فێرکردن پەڕیوەتەوە ناو زۆربەی زمانەکانی تری دنیاوە. پاشان بە شێوەی وتنەوەی دەستووری زمان لە قوتابخانەکاندا کاریگەری بەرچاوی هەبووە. شێوازێکی لاتینی مەسیحیش هاتەکایەوە، کە لە وەرگێڕانی ئینجیلەوە بەو پەڕی بەرزی خۆی گەیشت. بەناونیشانی (ڤالگێت valgate ) بوو. ئەم وەرگێڕانە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زۆر بلاو بۆوە[٢٠]

ئەم زمانە لە ئەنجامی هەرەسهێنانی دەسەلاتی کلێسە و ئایین، واتە لە جیابوونەوەی دین و دەولەت لە یەکتر لە سەدەی شانزەی زایندا ورده ورده ئەو بەرفراوانیەی نەماو لە سنووری کلێسادا مایەوەو نەتەوە ئەوروپاییەکان زمانی نەتەوایەتی خۆیان بەکارهێناو ورده ورده کتێبی زمان و رێزمانی فەرەنسایی، ئینگلیزی و ئەلمانی و ئیسپانیایی و... بەو زمانانە دانران و بلاوبوونەوە. ئەوەی لە یادگاری کۆنی زمانی لاتینی مابێتەوە زاراوە زانستییەکانێتی لە هەموو دنیادا بەکاردێت.

دوای ئەم دیاردەیە لە خێزانە زمانەکانی کۆمەلی ئاری دەدوێین:



**(١) خێزانە زمانی ئێرانی**

خێزانە زمانی ئێرانی یەکێکە لە گرنگترین لقەکانی زمانە ئارییەکان( هندۆ ئاری) لەئاسیا قسەی پێدەکەن. ناوچەیەکی فراوانی لە رۆژئاوای ئاسیا و باشووری ئاسیا کە ناوچەیەکی فراوانی لە زمانە ئارییەکان لە هندەوە تا سریلانکاو مالْداڤیا دەگرێتەوە[٢١] لەم ولاتانە بەکاردەهێنن : کوردستان، ئێران، ئەفغانستان، ئازربایجانی شورەوی ( پێشو)و ئەرمانستان، تاجیکستان، کوردی جورجیا( گورجستان)، لە دەوروبەری قەفقازیش هەندێك لە زمانە ئێرانییەکان بەکاردێت کە هیچ کامیان لەڕادەی یەك ملیۆن کەس قسەکەری نییە.[٢٢]


خێزانە زمانە ئارییەکان کۆنترین بەلگەی نووسراویان ئاوێستایە، ئایینی زەردەشتی پێی تۆمارکراوە، مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ( ٧پ - ز) و دروشمە ئایینییەکەی بریتی بووە لە (بیری چاك، وتەی چاك، کرداری چاك) و لە رۆژهەلاتی ئێران بلاوبۆتەوە و گەلانی ئاری بەتایبەتی ئێرانی و هەندی شانازی بەم رابردووە کەلتوورە ئایینییەوە دەکەن و هێمای رەسەنایەتی گەلانی کۆنی خێزانە ئێرانییەکان نیشان دەدات. بەداخەوە کتێبی ئاوێستا کە بەکۆنترین شێوە زمانی خێزانە ئێرانییەکان نووسراوەتەوە و شێوەی کۆنی زمانی ئێرانییە لەلایەن لەشکری گریگی، عیلامی، بابلی و دواتریش لەلایەن لەشکری ئیسلامییەوە سوتێنراوە. جێگای سەرنجە دەق و ئەو بەشانەی کە سوودی بۆ خۆیان هەبووە وەریان گرتووە و شارستانییەتی خۆیانیان پێ دامەزراندووە.

پاش زمانی کوردی لە ناو خێزانە زمانی ئێرانی، زمانی فارسی لە سەردەمی دەولتی هەخامەنشیدا نووسراوی فەرمی پاشایاتی هەخامەنشی، نەقش و نووسینی سەر بەردو بیناو قەلاکان و ... هتد پێ نووسراوەتەوە.

میللەتانی ئێرانی لە رووی نووسینەوە ئەلف و بێی عارەبی بەدەسکاری لە ئێران، ئێراق، لاتینی لە تورکیا و سوریا، پیتی سریلیك لە کۆمارەکانی پێشووی شورەوی بەکاردێنن.

شوێنی زمانی کوردی لە رووی پەیوەندی خزمایەتی نزیکایەتی زمانەوە سەربەم خێزانە زمانەیەو لەبەر پەیوەندی بەباسەکەوە جارێکی تر زمانەکانی ئەم خێزانە دیاری دەکەین: کوردی، فارسی، بەلوجی، پەشتویی (ئەفغانی)، ئۆسیتی، تاجیکی، تاتی، تاڵشی، مونجانی، ئەرموری، پەرچی، یەغنابی، پامیری، کۆمزاری، مازەندەرانی، گێڵەکی، زمانانی ناوەندی ئێران[٢٣] (لە شوێنێکی تری ئەم باسەدا لە سەردەمی قۆناغی نوێی زمانە ئێرانییەکاندا باسی کوردی و هەریەك لەم زمانانەی سەرەوە دەکەین).





ئەم خێزانە زمانە بەو زمانە ئێرانیانە دەوترێت، کە خێزانە زمانێکیان لەسەر بنەڕەتی خزمایەتی هەیە و لە زمانێکی هاوبەشەوە وەرگیران و لە رووی ڕێچکەو ڕەگەزو دروستکردنی دەستووری وشە بنەڕەتییەکانەوە بەیەکترەوە دەبەسترێنەوە.

هۆزە کۆنەکانی کە لە کۆتایی هەزارەی دووەم و سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زاینەوە، لە ئاسیای ناوەند و خاکی دەوروبەریانەوە خۆیان بە(ئاریا) یی ناو دەبەن و ئەم وشەی ئاریایە لە خودی زمانی ئاوێستادا هەر بەو شێوەیە بە ناوی هۆزەکانی ئێرانی زمانەوە ناوبراوە کە بەرەو ناو ئێران هاتوون. هەروها لە دەشتاییەکانی کەناری دەریای رەش جێگیربوونە و بینراون.

هێشتا ناوی هۆزێکی مادی، واتە هۆزێکی ئاریایی ناوی هۆزەکانی سکائی - سەرمەتییە بەواتای ئاری لە لاتینیشدا ئالانە، لە یۆنانی کۆن ئالانوی ناوی تایبەتی سەرۆك هۆزەکانی سکائی رۆژئاوای ئاریانتەس، ئاریارامینس بە بەراورد لەگەڵ ناوی یەکێك لە باو باپیرانی داریۆشی یەکەم و هی تر لە یادمان ماوەتەوە و پاشاکانی هەخامەنشی سەدەی( ٦-٤پ- ز) خۆیان بە ئاریایی ناو دەبرد و لە هۆزەکانی پارسی بوون.

وشە وەرگیراوەکانی بنەچەو رەگەزی ئاری لە کۆنترین نووسینەکانی ئێرانی (ئاوێستاو کتێبەکانی فارسی کۆن) لە ناو هۆزەکانی سکائی سەرمەتی و مادی بینراوە. شێوەی وشەی ئێران (ērān) کە ئاریانام سەرەتای بە ئێرانام (airānām) و پاشان گۆڕاوە بە ئێران ( ērān) لە فارسی ناوەڕاستدا (ئێران)، لە فارسی هاوچەرخدا ئێران irān و ئیرون eron، لە تاجیکی هاوچەرخدا لە وشەی ئاریا arya لە دۆخی خستنەسەردا کە (ئاریانام-aryānām)ەوە وەرگیراوە ، زاراوە زمانە ئێرانییەکان لە مەوە وەرگیراون.(٢٤)

ئەم زاراوە یە مەبەست لە زمانەکانی قەلەم ڕەوی سنووری حکومەتی ئێستای ئێران لە ڕووی جوگرافییەوە نییە، بەڵکو وەکو لە سەرەتای ئەم باسەوە دیاریکرا ئەو زمانانە دەگرێتەوە کە لە رووی یەکێتی رەگەز و ڕێچکەوە پێناسە دەکرێن کە بە



هەمان شێوە دەبینن بلاوبوونەوەو پەرەسەندنی زمانە ئێرانییەکان لە قۆناغی کۆنەوە بەئەنجام هاتوون و ئەم فراوانیەی هێشتا بەردەوامییان هەیە.

٢- خێزانی زمانی هیندی

ئەم خێزانە زمانەش لقێکی بنەڕەتی کۆمەڵەی زمانە ئارییەکانە. وەکو خێزانە زمانەکانی تری ئەم کۆمەڵەیە، بە سێ قۆناغی مێژوویی وەکو قۆناغی دێرین و ناوەڕاست و نوێ تێپەڕیوە، قۆناغی کۆنی بریتییە لە زمانە هیندییە کۆنەکان و زمانی سانسکریتی کەلەگەڵ زمانە ئێرانییە کۆنەکاندا دوو لقی بنەڕەتی لە کۆمەڵەی زمانە ئارییەکان پێکدەهێنن.

وشەی سانکریتی واتای (روون) و بێگەرد دەگەیەنێت، ئەم زمانە کۆنترین زمانی دنیایە کە دەقی زمانەوانی لە بارەی وشەسازی و رستەسازییەوە لە سەدەی چوارەمی پێش زاین لەلایەن (پانینی) یەوە پێ نووسراوەتەوە. ئەمە بێجگە لەوەی زانایانی زمان لەو باوەڕەدان زمانە ئارییەکانی ناوەڕاست و نوێ لەم زمانە سانسکریتییەوە سەرچاوەیان وەرگرتووەو پێکهاتوون و بلاوبوونەتەوە.


ئەم خێزانە زمانە نزیکایەتی زۆری لەگەڵ زمانە ئێرانییەکاندا هەیە، لەم مەیدانەدا چەند وشەیەك دەکەین بەبەڵگە وەکو وشەی ((دوور)) ی کوردی و فارسی و بەلوجی پاشماوەی وشەی ((دوورا)) ی ئاوێستایی و پارسی هەخامەنشی و هیندی کۆنە، هەردوو زمانی سانسکریتی و ئاوێستایی وەکو دوو خوشکن لە دایك و باوکێك و باوباپیرانی هاوبەشیان هەیە.

لە زمانی سانسکریتی و ئاوێستایی وشەی دایك ((ماتا)) دەگرێتەوە، وشەی (گەرم و گەرما) لەم دوو زمانەدا ((تاتا)) یە، لە هەندێك کۆمەڵەزاری کوردی باشووری و گەرمیانی و بگرە لە ماچۆشدا ((کاکەیی و زەنگەنە)) (تاوستان) بەنەمانی دەنگی /ت/ بۆ سووکبوونەوە بەکاردەهێنن. یان بەگڕی گەرماو ئاگر (تاو) و (تین) لە کوردی ئێستادا باوە. وشەی ((باج)) و ((باژ)) ی کوردی و فارسی و گۆرانی پاشماوەی (باجی) پارسی کۆن و (بهاج) سانسکریتییە، وشەی (ئەرخەوان)ی

کوردی و (أرغوان)ی فارسی ڕیشەکەیان لە سانسکریتیدا ((ڕاگـەڤان_Ragavan )) لە(ڕاگا) بەواتای سوور و (ڤان/ وان) ی نەسەبە.[٢٥]

زمانەکانی قۆناغی ناوەڕاستی زمانە هیندییـەکان بریتییـە لـە لقـی ڕۆژئـاوایی، باکووری ڕۆژئاوایی، باشووری ڕۆژئاوایی یا باشووری، ڕۆژهەلاّتی و ناوەندییە. زمان و زارەکانی ئەم قۆناغە کە زمانە نوێیەکانیان بەدوادادێت بریتین لـە زمـانی: ڕاجبـانی، خاندشی، گوجەراتی، بەهیلی زمانی لقـی ڕۆژئـاواین. زمـانی سـەنیگالی پاشمـاوەی زمانی باشووری ڕۆژئاوایی هیندی ناوەڕاستە، زمانی کشمیری و پـاریزاکی پاشمـاوەی زمانە لقی باکووری ڕۆژئاوایی هیندی ناوەڕاستن. زمانی ئاسامی، بنگالی، بـەهاری، ئۆری (ئۆریەیی) پاشماوەی لقی ڕۆژهەلاّتی هینـدین. ئـەم پاشماوانـە، نموونـەی زمانـە هیندییە نوێیەکانن ئەمانەش لەگەڵیاندان وەکو: سندی، پنجابی، ئۆردۆ، هندسـتانی، لە خوارەوە یەکەیەکەی زمانەکانی ئەم خێزانە نیشان دەدەین.





## خێزانە زمانی ئەوروپایی:

ئەم خێزانە زمانە ناکرێت بە بنـەڕەت و بنـچینەی خێزانـە زمانـەکانی تـری وەکـو ئێرانی، هیندی و هیتی و ئەوروپایش، چونکە خۆی خێزانێك پێکدێنی لە نـاو کۆمەڵـە زمانی ئاری ( هیندو ئاری). لە بنچینەدا میللەتانی ئەوروپایی لە ناوچەی ئاریانا بـانی ئێرانەوە بەسەر دەریـای بەڵتیکـدا بـەرەو ئـەوروپا کـشاون و بڵاوبوونەتـەوە و زمـان و میللەتانی جیاجیـای ئـەوروپاییان لێکەوتۆتـەوە. وەکـو زمـانی (جەرمــەنی، لاتینـی، سلاڤی، سەڵتی، بەڵتیکی...) بۆیە دەچنەوە سەر کۆمەڵە زمان و میللـەتانی ئـاری یـا (هندۆ ئاری) و لە زمانی سانسکریتی و زمانی ناوچەی ئاریاوە پەیدابوونەو لـەم رووەوە، وشەی لێکچوو هاوبەشی نێوان ئەم خێزانە زمانانە بەڵگەی ئـەم راسـتییەن. لەئـەنجامی گەشەو گۆرانی زمانەوانی و مێژووەوە لەیەکتر جیادەکرێنەوە. بۆیە ئەم شـوێن و زمانـە ناوچەی ئاریا دایکزادی زمان و میللەتانی ئێرانی، هیندی، ئەوروپایی و هیتییە. وشەی هندۆ و ئاری وەکو زاراوەیەکی زمانەوانی کەلتوور و مێژووی ئەم گەلانە نیشان دەدات.


### شوێنی خێزانە زمانی ئەوروپایی:

زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا دەگرێتەوە، دانیشتوانی ئەوروپا، ئەمەریکا، ئوسـترالیا و باشووری ئەفریقا بێجگە لە خەڵکێکی کەمی ئـەوروپا وەکـو: باسـك فـین( فینـی)، مەجەر و تورکیا قـسەی پێدەکـەن. زمانـە ئەوروپاییـەکان شـوێنی زمـانی رەسـەنی هیندییە پێست سوورەکانی ئەمەریکا، کە خـەڵکی بنـەڕەتی ئـەم شـوێنە و شـوێنی زمانی دانیشتوانە رەسەنەکانی ئوستڕالیا و باشووری ئـەفریقایان گرتۆتـەوە. هـەروەها ئەم خێزانە زمانە لە روسیا ( وڵاتی شورەوی جـاران)، لـە وڵاتـانی بـەلکان ( چـیك، سلۆڤاك، سربیا، کرواتیـا، ئـەلبانیا، یۆنـان، پۆلۆنیـا، ئۆکرانیـا، بولگاریـای نـۆیَ، مەکەدۆنیا)، وڵاتـانی دوای دەریـای بـەڵتیك ( لاتڤیـا، لیتونیـا، بروسـیای کـۆن)، ئەوروپای رۆژئاوا وەکو (هۆلندا، ئەڵمانیا، ئینگلتەرا، وڵاتە ئەسکەندەنافییەکان) لـە وڵاتانی لاتینی زمان (فەرەنسا، ئیسپانیا، پورتوگال، ئیتاڵیـا، رۆمانیـا، لـە وڵاتـی ئیرلەندا، گالی، ولش، واکوس،.... لە ئەرمەنستان، ئەناتۆلیا بەکاردێت.



لە رووی رێنووسـەوە ئـەم خێزانـە زمانـە ئـەلفابێتی زمـانی ئینگلیـزی، پیتـی سریلیکی روسی و سلاڤی، پیتی لاتینی،... بەکاردەهێنن لە نووسیندا.

زمانی لاتینی لە ناو ئەم خێزانەدا لە سەدەکانی کۆن و ناوەڕاسـت دەوری زمـانی ئاییني، زانست و یاساو هونەری تا سەدەی ١٦ز بینیوە و زاراوەکانی باڵی راکێـشاوە بەسەر زمانەکانی جیهاندا و تائێستاش هەر بەکارە.






**٤-خێزانە زمانی هیندۆ هیتی: لەسەر بنچینەی نزیکایەتی خزمایەتی**

لە سەرچاوەکاندا زۆر بەدەگمەن یا هەر باس لەم خێزانە زمانە نەکراوە، زمانی ئەرمەنی نەبێت ئەویش بە شێوەی سەربەخۆ نەك وەك ئەم خێزانە زمانە کە زمانی تری لێدەبێتەوە.

ئەم خێزانە زمانە یەکێکە لە لقە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵەی زمانی ئاری. لە سەرچاوەکاندا ئەم کۆمەڵە بە هیند و ئەوروپایی دانراوە. بەلام بەپێی بۆچوونی زانستی، ئەم کۆمەڵە زمانە پاشماوەی زمانە ئارییەکانە و وشەی هاوبەشی نێوانیان کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا روونکرایەوە و لە ناو خودی زمانە جیاجیایەکانی کۆمەڵەکەوە ئەرمەنیش لەگەڵیاندا خرانەڕوو، ئارییەتی ئەم زمانانە بەکۆمەڵە زمانی ئاری دەسەلمێنێت. بۆیە دەکرێت بە خێزانە زمانی هیتی ناوبرێت نەك هیندۆ هیتی[٢٦]

ئەم خێزانە زمانە زمانەکانی ئەناتۆلی و ئەرمەنی دەگرێتەوە، هەریەکەیانیش زمانی تری لێدەبێتەوە، ئەم دوو زمانە پاشماوەی زمانی هیتین و میللەتی هیتی وەکو نەتەوە و میللەتەکانی تری ئەم کۆمەڵەیە ئاری نژادن و[٢٧] یەکێکن لە نەتەوەکانی کە لە سەرانسەری ئاسیای بچووك دەوڵەت و دەسەلات و توانایان هەبووە، لەدەوروبەری ساڵەکانی ١٢٠٠ پ-ز دەوڵەتەکەیان کەوتە بەر هێرشی نەتەوەکانی ترو لە ناو چوون. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە لێکۆڵینەوەی کۆنە ناسانی ( بوغاز کۆیی) کە لە ١٥٠ کم رۆژهەلاتی ئەنکەرە کەوتووە، بەڵگەی زمانی هیتی بەدەسکەوتووە کە باسی مانەوەی، نموونەی ئەم زمانە لە ناو زمانانی کۆمەڵی ئاری دەکات[٢٨].

لەم زمانانە پێکهاتووە: / ١- زمانی ئەناتۆلی.

٢- زمانی ئەرمەنی.


زمانی ئەناتۆلی: ئەم زمانانە دەگرێتەوە: هیتی، هیتی هیرۆگلیفی، لوکیایی، لوتایی، لیدیایی.

زمانی ئەرمەنی : وەکو ئەم زمانانە: ئەرمەنی کۆن، ئەرمەنی ناوەندی، ئەرمەنی نوێ.

لەخوارەوە باسی زمانی ئەرمەنی دەکەین کە نموونەیەکی دیار و ئاشکرایی ئەم کۆمەڵەیە:

زمانی ئەرمەنی: لقێك پێکدێنێ لە زمانە ئارییەکان لە دەوروبەری سەدەی شەشەمی پێش زاین لە باکووری مسیۆپۆتامیا و باشووری قەفقاز و قەراغی باشووری دەریای ڕەش سەقام گیربوونە. لەبەر دەنووسەکانی داریۆش ناویان هاتووە و بەپاشماوەی زمانی هیتی دادەنرێت و بەڵگەی زۆریشی لە زمانی ئۆرارتۆیی هەبووە. ئەم زمانە لە کۆماری ئەرمەنستان نێوان ئەرمەنی کوردستان و ئەرمەنییە لە ناوچۆکانی سەدەی عوسمانیدا کە وڵاتانی ئاسیا، ئەوروپا و ئەمەریکا پەرش و بڵاوبوونەتەوە بەکاردێت.





زمانی ئەرمەنی لە ناو کۆمەڵە زمانی ئاریدا لە خێزانە زمانی ئێرانی و هیتدی لە هەموویان زیاتر لە زمانی کوردییەوە نزیکترە. بۆ نموونە وشەی (گۆچان) ی کوردی لە زمانی ئەرمەنی ( گاڤازان)ە لە دوو وشەی ( گا) و (گەو)، واتە ئاژەڵی (گاوردار)، واتە گواندار وشەی (گا) بچووك کراوەی (گاو، گەو)ە، بۆتە (گاوزن) و هاو واتای (ژن)ی کوردییە. وشەی (ئاخوڕ) لە کوردی و ئەرمەنی هەمان شتە، کە بۆ شوێنی خواردن و ئەڵفی ئاژەڵە لە ناو هۆڵدا. وشەی (کەوش)، واتە پێڵاوی کوردی لە ئەرمەنیدا (کەڤش)، (کوشیك)ە، (چوار) لە کوردیداو لە ئەرمەنی (چووس)ە، ژمارە(دە)ی کوردی و (دەسە)ی گۆرانی لە ئەرمەنی بۆتە (داس)[٢٩].

بەم نموونانەوە بەگەڕان و پشکنینیتر نزیکایەتی و خزمایەتی نێوان زمانی کوردی و ئەرمەنی دەسەلمێنێ کە سەر بەهەمان بنچینەو ڕەگ و ڕیشەن ئەویش ئارییایە.



## پێناسەی زمانی کوردی لە ڕووی جیاوازی ڕێزمانییەوە

دوای ئەوەی شوێنی زمانی کوردیمان، لە ناو کۆمەڵە زمانە جیهانی و، لە ناو خێزانە زمانی ئاریدا، لە ڕووی پەیوەندی خزمایەتی و نزیکایەتی زمانەوە، واتە لە ڕووی هاوبەشی ڕەگەز و بنچینەوە[٣٠] دیاریکرد. دێینە سەر جۆری دابەشکردنی زمان لە ڕووی جیاوازی ڕێزمانییەوە، کەتیایدا شوێنی زمانی کوردی و زمانە نزیکەکان لەم زمانەوە بە مەبەستی پێناسەکردنی زمانی نەتەوەیی پێشان ئەدەین، کە زمانێکی سەربەخۆیە، زار و شێوەزار و لقی هیچ زمانێکی نەتەوەی تر نییەو لە ڕووی ڕێزمانەوە زمانێکی تەواو سەربەخۆیەو یاساو دەستووری تایبەت بە خۆی هەیە.

زمانی کوردی لە ڕووی جیاوازی ڕێزمانییەوە لە ناو خێزانە زمانی ئێرانیدا بەزمانێکی ( ئێرانی باکووری ڕۆژئاوای نوێ)[٣١] پێناسە دەکرێت.

ئەم پێناسەیە سوودی گرنگی بۆ زمانی نەتەوەی کورد هەیە و وەڵامێکە بە شێوەیەکی ئەکادمی زانستی بەرانبەر بە هەموو بۆچوونێکی نازانستی و نائاکادیمی، کە دەڵێت زمانی کوردی لقێکە لەزمانی فارسی. چونکە زمانی فارسی بەپێی ئەم پێناسەیە، (زمانێکی ئێرانی باشووری ڕۆژئاوای نوێ ) یەو پێناسەکەش بەند نییە بە شوێنی جوگرافی زمانە ئێرانی و ئارییەکانەوە[٣٢]، بەڵکو بەپێی جیاوازی ڕێزمانی ئەم زمانانەیە لە ڕووی دەنگ و گۆڕینی ناو فرمانەوەیە[٣٣].

لە ڕووی جیاوازی ڕێزمانییەوە زمانی خێزانە ئێرانییەکان بەکۆن و نوێیانەوە، لە خوارەوە دەستنیشان دەکەین کە بەزمانەکانی بانی ئێران ناودەبرێن[٣٤]، ئەم خێزانە زمانە دەکەوێتە نێوان دەریای قەزوین و چیای زاگرۆس تا ڕووباری سند دەبنە دوو بەشەوە:

١- زمانە ئێرانییە ڕۆژئاواییەکان : دوو بەشە

أ- بەشی سەرووی ڕۆژئاوا: وەك زمانی مادی، پارسی، بەلوجی، کوردی، گێلەکی مازەندەرانی، تالێشی، هتد... کۆنترین زمانی ئەم بەشە میدی یا زمانی ئاوێستایە زمانی کتێبی پیرۆزی زەردەشتییە، زمانی کوردی ئەمڕۆ و زمانە ئێرانییە کۆن و

نوێیەکانیش لە زمانی مادی و ئاڤێستاییەوە وەرگیراون و[٣٥] مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ٨ پ-ز دەکرێت پەهلەویش کە زمانی سەردەمی ناوەڕاستی زمانە ئێرانییەکانە بەم بەشە دابنرێت و لەم سەردەمەدا ئاڤێستای پێ نووسراوەتەوە[٣٦] .

ب- بەشی خوارووی رۆژئاوا: وەك زمانی فارسی کۆن و ناوەڕاست و نوێ، تاجیکی، تاتی...هتد

٢- زمانە ئێرانییە رۆژهەڵاتییەکان :

أ- زمانەکانی بەشی خوارووی رۆژهەڵات وەك: زمانی سوغدی، ئەفغانی، پامیری.

ب- زمانەکانی بەشی سەرووی رۆژهەڵات وەك: زمانی سەکی، ئۆسیتی.....



## جیاوازی رێزمان چی دەگەیەنێت؟

جیاوازی رێزمان لە زمانی کوردیدا بەپێی ئەوەی زمانی کوردی زمانێکی ئێرانی باکووری رۆژئاوای نوێیە، ئەم جیاوازییە لە رووی دەنگ و گۆڕین و گەردانی ناو فرمانەوە دیاری دەکرێت.

ئەم جیاوازییە لە رووی دەنگەوە، زانستی فۆنیمەکانی زمان دەگرێتەوە. کە بەندە بەلایەنی ئەرکی دەنگەکانی زمانێکەوە، بەشێکە لە زانستی زمان (lingustic) لە جیاوازی ئەرکی نێوان دەنگەکان دەکۆڵێتەوە، واتە دوای دۆزینەوە فۆنیمەکان زمان و دیاری کردنی هاودەنگی (allophone) هەموو فۆنیمەکان و دابەشکردنی هەموو هاودەنگەکان[٣٧] . ئەمە جیاوازی رێزمانی دەنگە.

بەم شێوەیە زمانی کوردی لە ناو زمانە ئێرانییەکاندا فۆنیمی تایبەت بەخۆی هەیە و هەندێك لەو فۆنیمانە ئەلۆفۆنی خۆیان بەپێی کاریگەری دەنگەکان لە ناو وشەدا بۆ سەر یەکتر پەیدا دەبن. بۆ نموونە:

دەنگی /ك/،/گ/ لە دوای دەنگی( ی، یٚ، وی، ویٚ) بێت هاو دەنگ پەیدا دەکات وەکو لەم نموونانەدا:

کوردستان ← کوێستان ← ك ← کـ (فۆنیم - ئەلۆفۆن)

کا ← کیٚ، کویٚ ← ك ← کـ (فۆنیم- ئەلۆفۆن)

گوڵ ← گیا، گویٚ ← گ ← گ (فۆنیم - ئەلۆفۆن)

جیاوازی رێزمانیش لە ڕووی گۆڕین و گەردانکردنی ناوەوە دیاریکردنی هەموو رێژەکانی ناو و یا ئاوەڵناو لە ڕووی ژمارە یا رەگەز یادۆخ دەگرێتەوە[٣٨]، کە مەبەست لە زمانی کوردیدا ناو لە رووی ژمارەوە تاك و کۆی هەیە، ناو لە رووی ڕەگەزەوە لە کوردیدا ناوی نێر و ناوی مێ و ناوی دوولایەن و ناوی بێ لایەن بەدی دەکرێت

**لە زمانی تردا مەرج نییە هەموو ئەم جۆرە رەگەزانە**

بۆ ناو لە زمانی تردا هەبن، لەوانەیە تەنها ناوی ڕەگەزی نێر و مێی هەبن، لە زمانی تردا سێ جۆری هەبێت و، یا هەموو ناوێك رەگەزی بۆ بەكاردێت، ئەگەر لە رەگەزیشدا نێر و مێش نەبێت. بۆ نموونە وەكو زمانی رووسی و فەرەنسایی و عارەبی.... هتد

ئەمجا ناو بە هۆی نیشانەی تایبەتییەوە لە كوردیدا كە(ان) ی كۆیە، گەردان دەكرێت بۆ كۆ ، بێ ئەوەی ئەم نیشانەیە، واتەكەی بگۆرێت، بەهۆی نیشانەی (ەكە) و (ێك)ەوە دەكرێت بە دۆخی ناسراو وەكو (گوڵەكە) ، (ێك) یش دەبێتە دۆخی نەناسراوی وەكو (گوڵێك ) ئەم نیشانانەی، واتە نیشانەی كۆ، ناسراو، تەنها دۆخی ناوەكەی گۆڕیوە[٣٩].

لە زمانی نووسینی كوردیدا (كوردی ناوەڕاست) نیشانەی تایبەت نییە بۆ گۆڕینی رەگەزی ناو، بەڵكو ناوی تایبەت بۆ هەر رەگەزێك هەیە.

جیاوازی ڕێزمانی لە رووی گەردانكردنی فرمانەوە، لە زمانی كوردیدا بەكارهێنانی فرمان لەگەڵ ڕێژە و ڕاناوی جیاوازەكاندا بۆ هۆیەوە فرمانی داخوازی و كوردی لەم رووەوە دیاری دەكرێت.

ڕێژەی فرمانی لە زمانی كوردیدا بە هۆی نیشانەی تایبەتییەوە دیاری دەكرێت وەكو نیشانەی (ب) ی مەرجی و داخوازی كە بە هۆیەوە فرمانی داخوازی و مەرجی پێكدەهێنێت بەم شێوەیە:

بنووسە ـ بنووسن    فرمانی داخوازی بۆ تاك و كۆ

بنووسم ـ بنووسین    فرمانی مەرجی بۆ تاك و كۆ

لەلایەكی ترەوە فرمان لە زمانی كوریدا بە دوو جۆر ڕێژەی جیاوازی راناوە لكاوەكانی كۆمەڵەی یەكەم لەگەڵ رابردووی تێپەڕ و كۆمەڵەی دووەمیش لەگەڵ رابردووی تێپەڕ و رانەبردووی تێنپەڕ گەردان دەكرێت.



بەم شێوەیە دەسەلمێنرێت كە زمانی كوردی لە رووی جیاوازی ڕێزمانێنییەوە زمانێكی سەربەخۆیەو لە زمانەكانی تری كۆمەڵەی زمانی ئاری جیادەبێتەوە.

هەر لێرەدا دەكرێت بوترێت لە زمانی كوردیدا بە هۆی بەكارهێنانی نیشانەی ئامرازی بەستنەوە ، پەیوەندی ڕێزمانی نێوان وشەكان لە رستەدا دیاری دەكرێت. كە ئەمەش یەكێكە لە تایبەتییەكانی زمانە لكاو و زمانە گەردانییەكاندا[٤٠].

ئەم دیاردەیە لە زمانی كوریدا بە تەواوەتی سەربەخۆی زمانی كوردی لە ناو زمانەكاندا دەردەخات و جیاوازییەكی زۆری هەیە لە رووی سیستەمی دەنگی داڕشتنەوە بە شێكیش نییە لە زمانی كۆن.[٤١].

ئەمە ئەوە دەگەیێنێت زمانی كوردی زمانێكی ئاری تەواوە و لە دێر زەمانەوە لە كوردستان تائێستا بە شێوەیەكی پاك و خاوێن و تەواو ماوەتەوە.[٤٢]

**تایبەتێتی میللەتانی كۆمەڵە زمانی ئاری**

ئەو میللەتانەی بەم كۆمەڵە زمانە قسەدەكەن ئەم تایبەتیانەی هەیە.[٤٣]

١. پێشكەوتووترین گەلانن لە سەردەمی ئێستادا لە رووی شارستانییەتەوە.

٢. زۆر چالاكن.

٣. شوێنی دیاریان هەیە.

٤. زۆر بەبەرهەمن لە لایەنە جیاوازەكانی ژیان.

٥. ئاسەوارێكی بەرزیان لە شارستانییەتی مرۆڤایەتی نوێدا هەیە.[٤٤]

لە ناو كۆمەڵە زمانی نەتەوەكانی ئاری رەگەزدا، نەتەوەكانی كورد خێزانی ئەوروپایی زمانی پێشكەوتووترن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، نەتەوەی كورد و نیشتیمانەكەی كەسەر بەخێزانی ئێرانییە، سەرەتای شارستانییەت لەوێوە سەریهەڵداوە. باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە، دۆزینەوەی پەیكەری مرۆڤی نیاندرتاڵە، لە ناو ئەشكەتەكانی وڵاتی كورد لە كوردستان وەكو ئەشكەوتی شانەدەر لە تەنیشتییانەوە ئامێری كشتوكاڵی لەبەرد دروستكراویان دۆزیوەتەوە و لە دێی

چەرمۆی[٤٥] ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوك، لە نزیك چەمچەماڵ بۆ یەکەم جار گەنم و دانەوێڵەیان چاندووە و کشتوکاڵ لە کوردستانەوە پەیدابووە و خانوویان دروستکردووە.

لێرەدا شتێکی گرنگ لە زمانی کوردی ڕەچاو دەکرێت ، ئەویش ئەوەیە ئەم زمانە لەلایەن نەتەوەکەوە ئەگەر ژێر دەسەڵاتیش بووە و بەیاساش زمانەکەی لە هەندێك ناوچەی قەدەغەکراو. بەڵام توانیویەتی بەباشی بپارێزێت و گۆڕان و پەرەسەندنی خۆی وەك هەر زمانێکی پێشکەوتوو هەبێت و شارستانییەتی نوێ و نەش و نمای شارستانییەت وەربگرێت، چونکە زمان توانای بەردەوامی و فراوانبوونی هەیە.[٤٦]

**٢ـ کۆمەڵەی زمانی سامی حامی**

ئەم کۆمەڵە زمانە لە نیشتیمانی عەرەب و باکووری ئەفەریقا و بەشێك لە ڕۆژهەڵاتەکەی بەکاردەهێنرێت[٤٧] و زمانی فەرمی خۆی هەیە، ئەم کۆمەڵەیە لە دوو خێزانە زمان پێکدێت:

أ- **خێزانە زمانی سامی**

ب- **خێزانە زمانی حامی**

أ- **خێزانە زمانی سامی بریتییە لە:**

١. **زمانی سامی باکوور:** زمانی ئەکەدی یا ئاشوری بابلی، زمانی کەنعانی، عیبری و فینیقی، زمانی ئارامی دەگرێتەوە. زۆربەی ئەم زمانانە عیبری نەبێت بریتین لە زمانە کۆنەکان.

٢. **زمانی سامی باشوور:** زمانی عەرەبی، یەمەنی کۆن، زمانە حەبەشییە سامییەکان.

ب- **خێزانە زمانی حامی بریتییە لە:**

١. **زمانی میسرییەکان:** میسری کۆن (زمانی قبتی. ئیستا تەنها لەکڵێسەی قبتییەکان بەکاردێت).



٢. **زمانی لیبی یا بەربەری:** زمانی دانیشتوانە بنەڕەتییەکانی باکووری ئەفەریقیا وەکو: لیبیا، تونس، جەزایر، مەغریب ، بیابان زمانی کۆنی هۆزەکانی دانیشتوانی جەزایر دەگرێتەوە.

٣. **زمانە کۆشیتییەکان:** زمانی دانیشتوانە بنەڕەتییەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقایە بێجگە لە ناوچەکانی حەبەشی کە بە زمانی سامی قسەدەکەن.


**تایبەتێتی کۆمەڵە زمانی سامی**

لە قسە پێکەرانی پێکهاتووە کە زۆر تێکەڵاون چوونەتە ناو یەکەوە ، میللەتەکەی لە بنچینەیەکی لەیەك نزیکەوە یەکدەگرنەوە لە شێوازی ژیان و جۆری شارستانییەت و سیستەمی کۆمەڵایەتی ڕێکدەکەون.

کۆمەڵی خێزانی حامی سامی ئەم زمانە لایەنی لە یەکچوون و نزیکایەتی زمان لە نێوانیاندا وەکو میسری و بەربەری و کۆشیتی نابینرێت کە لە نێوان بنەماڵەکانی ترە ئەم خێزانە زمانەی سامی ـ حامی دا هەیە.[٤٨]

زمانی فەرمی نەتەوەی عارەب لە ڕووی وشەسازییەوە ، بەر زمانە گەردانییەکان دەکەوێت.

زمانە سامییەکان (کۆمەڵی یەکەمی نەك حامییەکان) زۆر تایبەتیی هاوبەش لە نێوانیاندا کە بەندە بە بنچینەی وشەو دەنگ و دەربڕینی پیتەکان و ڕێزمانی داڕشتن و ڕیکخستنیانەوە کۆیان دەکاتەوە ، لایەنی لەیەکچوونیان ئەوەندە بەهێزە وای لێهاتووەکە بەزاری زمانێك بزانرێن.[٤٩]




(زمانەکانی ئەم کۆمەڵەیە ئێستا بەکاردەهێنرێت)



**دابەشکردنێکی تری زمانە سامی و حامییەکان**

دابەشکردنیش هەیە ئەم جۆرە زمانە دەکاتە سێ بە شی وەك سامی و زمانی حامی و زمانی کۆشی.[٥٠] شوێنی ئەم زمانە سامییە بەناوبانگترینیان عەرەبی و عیبرییەو لە رۆژهەڵاتی نزیك و نیمچەدورگەی عەرەبستانە. ئەم کۆمەڵە زمانە خاوەن شارستانییەتی ئاشوور و بابلی، ئۆگارتین، کەنعانی، فینیقی و سامییە. بەم شێوەیە ئەم کۆمەڵە زمانە دابەشدەکرێت[٥١] . ئەمانەی خوارەوە ئەو زمانە سامی و حامییانەن کە ئێستا بەکاردێن:

١. زمانە سامییەکان وەکو زمانی: عەرەبی ، عیبری، مالتی، ئەمهەری
٢. بەربەری: زمانی دانیشتوانە بنەڕەتییەکانی باکووری ئەفەریقیا.
٣. زمانە حامییەکان وەك زمانی: سۆماڵیایی ، عەفاری، گالایی،....

روونکردنەوەیەکی پێویست دەربارەی هەندێك لەم زمانانە: زمانی ئەمهەری زمانی فەرمی ئەتیوبیایە(ئەثیوبیا- حەبەشەیە).

خزمایەتی لە رووی پێکهاتن و وشەکانەوە بەلای زمانناسەکان زمانی سامی لەگەڵ ئەو زمانانەی کە بەحامی ناو دەبەن وەکو میسری کۆن و زمانی بەربەری پەیوەندی دەبەستێت.

زمانناسەکان پەیوەندی دوورتر و چاکتریش لەگەڵ زمانەکانی لقی ئەفەریقیا وەکو سۆماڵیایی، عەفاری و گالایی کە بەناونیشانی زمانی کۆشی دەناسرێن. لێکۆڵێەنەوە دەکەن و هەشە زمانی چادیش بە تەنها هەر بە لقێکی سەربەخۆ زمانە حامییەکان دادەنێن.

وشەی سامی و حاصی وەکو زاراوەیەکی زمانناسی لەلایەن زمانناسەکانەوە لە ناوی سام و حامەوە بەکاردهاتووە کە کوڕانی نوحن، بەم شێوەیە زمانناسی لەلایەن زماناسانەوە لە ناوی سام و حامەوە بەکارهاتووە کە کوڕانی نوحن، بەم شێوە خزمایەتی ئەم تاقمە کۆمەڵایەتییەیان بە تەواوی دیاری کردووە.

زمانی سامی یەکەمین جار بە هۆی ((سەلۆزەر))ی ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ ناونیشانی دانرا بێجگە لەوەی بناغەی ئەم ناونیشانە لە جونکردنی میللەتان لە تەوراتدا بەدەست هاتووە. دوای تۆفانی نوح میللەتانی سەر رووی زەوی بەئاوەدانکردنەوەو کشتوکاڵەوە خەریکبوونە کە لە پاش سێ کوڕی نوحەوە کەتوونەتەوە، دیاری دەکرێت. زمانی سامی لای زمانناسانەوە بە دوو لقی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی دابەشکراون. زمانی ڕۆژهەڵاتی بەهەمان زمانی ئەکەدی دەزانن و بەدوو زمانی بابلی و ئاشووری دابەشکراوە. نووسینەکانی ئەم دوو زمانە لە نووسینی بزماری لە پشکنینی کۆنە ناسانەوە دەستکەوتووە کە گرنگترینیان یاساکانی حامووراببیە کۆنترین یاسای سەرزەوی دانراوە.

لقی ڕۆژئاوای ئەم کۆمەڵە زمانە وەکو دوو زاری باکووری ڕۆژئاوایی و باشووری ڕۆژئاوایی بووە.

زمانی ڕۆژئاواییە باکوورییەکەش بریتییە لەدوو لق، وەکو زاری کەنعانی و ئەویتر زاری ئارامییە.

زمانی کەنعانیش بەدوو لقی کەنعانی باکوری و کەنعانی باشووری دابەشبووە. یەکێك لە لقەکانی باکوری زمانی ئۆگاریتییە لە باکووری سوریای ئێستا لە ناوچەی ((رأس شمرا)) دۆزراوەتەوە زمانێکی سامییە.


زمانی کەنعانی باشووری و زمانی عیبریش لقێکە لە باکووری ڕۆژئاوایی[٥٢].

**بە کورتی زمانی سامی بریتییە لەم زمانانە:**

عیبری، موئابی، فینقی، ئارامی، مەندائی، سریانی، عەرەبی



**خێزانە زمانی سامی**




**(ئەمە دابەشکردنێکی کۆنی خێزانە زمانی سامییە)**

٣ـ كۆمەڵی ئۆرال ـ ئالتیكی (ئالتایی)

ئەم كۆمەڵە بەو جۆرە زمانە دەوترێت، كە قسە پێكەرانی دەكەوێتە نێوان شاخەكانی ئۆرال و ئالتایەوە لە باكووری توركستانەوە دەستپێدەكات، هەر گروپێكی ئەم زمانە جیاوازانە بەرەو شوێنی جیاواز كۆچیان كردووە. وەكو زمانی فلندی، مەجەری ئەمانە ئۆرالین، زمانی توركی، مەگۆلی، مەنانچۆ، تەنۆكسی (تۆنقۆز) ئەمانە تاقمی ئالتایین.[٥٣]

ئەم خێزانە زمانە لە ناوچەیەكەوە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپایە تا ئێستای بچووك درێژ دەبێتەوە، بێجگە لەم زمانەی سەرەوە ژمارەیەك لە زمانەكانی ئاسیای ناوەند وەك ئۆزبەكی، قەرغیزی(قەرقیزی) و كازاخی (كازاكی ـ قۆزاقی) دەگرێتەوە. لە سەدەی نۆزدە كاسترون فنلەندی ژیانی خۆی بۆ لێكۆڵینەوە لەم زمانانە تەرخانكرد و گەشتی بۆ ئەم ناوچەیە كردو گەیشتە ئەو ئەنجامەی كە ئەم كۆمەڵە زمانەی دابەش كردە پێنج بەشەوە وەك:

١. نین
٢. ئوقور
٣. سامويد
٤. تورك ـ تاتار
٥. مەگول
٦. تونقوز و شێوەكانیان.[٥٤]

كۆنترین بەڵگەی ئەم زمانە توركییانە بەندە بەسەدەی حەوتەمی زایینییەوە لەم نێوانەدا زۆرترین بەڵگە ئەوەیە بە یەكێك لە زارەكانی ئاسیای ناوەند بە ناوی ئۆیگوری كۆن نووسراوەتەوە. لقی مەگۆلیش وەكو خەڵخە با قرلوقی، واتە زمانی فەرمی خەڵكی مەگۆلستانە، هەروەها هەندێك زمانی بچووك وەكو بۆریاتی، داگوری و خورچینی لە یەكێتی شورەوی جاران و وڵاتی چین بەكاردێن، هەندێك زمانی ئەم لقە لە نێوان هۆزەكانی باكووری سەیبریا بڵاوبوونەتەوە بەكاردێت .



زمانناسان لەو باوەڕەدان كە پەیوەندی نێوان هەر دوو لقی ئۆرالی و ئالتایی هێشتا نەسەلمێنراوەو لەو باوەڕەدان كە دوو خێزانی جیاوازن.

ئەم دوو جۆرە زمانە بەم شێوەیە دابەشدەكرێت:


١. كۆمەڵی ئالتایی (تاتار) وەك: توركی، مەگۆلی، تەنۆكسی، مانچۆ، هەروەها بەم كۆمەڵە دەوترێ كۆمەڵەی فنلندی ئەغری.

٢. كۆمەڵەی ئۆرالی (جود) وەك: فنلندی، ئەستۆنی، هەنگاری، مەجەری فینی، چومیسی ، ئەم دابەشكردنە لەلایەن زانایانی كۆنی زانستی زمانەوەكراوە، یابەخێزانی تۆرانی دیاریكراوە لای تازەكانەوە ڕەتدەكرێتەوە .

تایبەتی ئەم خێزانە زمانە:

١. یەكێكە لە زمانە لكاوەكان.

٢. تایبەتی سەرزاری لە دەربڕیندا هەیە نەك لە نووسیندا وا ئەوەی بەدەم دەردەبڕیت بەهەمان شێوە نانووسرێت، زمان هەیە دەربڕینی دەنگەكانی لە نووسینەكەیەوە نزیكە. بۆ نموونە لەكوردیدا ئەلۆفۆنی فۆنیمی /ك/ لە وشەی (كێ، كۆێ) لە توركیدا دەنگێك هەیەو وەك (ئوی ) دەربڕین و نووسینی لە یەك ناچن.






## ٤ـ خێزانی زمانی چینی ـ تبتی

گرنگترین خێزانە زمانە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا خێزانی چینی ـ تبتییە کە دوو لقی بنەڕەتی تبتی ـ بۆرمیٚ چینییە . گرنگترین زمانەکانی لقی یەکەم بریتییە لە تبتی (بەڵگەی ئەم زمانە بەندە بە سەدەی حەوتەمی زایینیەوە)و بۆرمی.

زمانەکانی تری وەکو لۆلۆ و کاچینیش بەندە بەهەمان لقەوە.

لقی زمانە چینییەکان زۆرتر زمانەکانی سەر خاکی چین کە بە بەڵگەی سیاسی و فەرهەنگییەوە بە زۆری زارە ناوبراوەکان دەگرێتەوە.

زمانی چینی لە ١٣٠٠ساڵ پێش زاینییەوە بە هۆی نیشانەی وێنەی زانراوی (دیارەوە) وەکو نیگا یا وشە بە نووسراو لەبەردەستە (یا ئامادەیە) دوایین تەنها بۆ هەر دەنگێك نیشانەیەك سوود وەرگیراوە.(٥٥)

زمانی چینی بەقۆناغدا تێپەریوە وەکو چینی کۆن کە دەکاتە دەوروبەری ٥٠٠ ساڵ پێش زاینی و چینی ناوەراست لە دەوروبەری ٦٠٠ ساڵ پێش زاینییە و زمانی مەندەرینی کۆن کە زمانی ناوچەی باکووری وڵاتی کێشوەری چینە لە سەدەی سیانزەی زاینی بورە.(٥٦)


زمانی چینی ئەمرۆ دابەش دەبێتە شەش گروپی بنچینەییەوە کە بەزۆری ئەمانە ناسراون وەك: زمانی کانتۆمی لە کانتۆن و هونگ کونگ گفتوگۆی پێدەکرێ. زاری مین(min) بەزۆری لە ولایەتی فۆکین بەکاردێت و وەکو ئامۆی و تایوانییە.

زارەکانی وو(wu) کە زمانی ولایەتەکانی شەنگەهای گرنگترینیانە. لە کۆتاییدا زارەکانی مەندرین لە کۆی بەناوبانگترین گروپەکانی زمانی چینی دەژمێرێت.

ئەم زمانانە لەگەڵ یەکتردا تاڕادەیەك نزیکایەتی لێکچوونیان هەیە. زمانی مەندرین خۆی دەبێتە سێ گروپەوە وەکو: گروپی باکووری نموونەی ئەم زمانە دەوروبەری پەکینە و لە سەرانسەری چیندا بەبەهاو پێوەر دەژمێررێت.

باشووری ڕۆژئاوای وەکو زاری سچوانە، گروپی باشووری ڕۆژهەڵاتی کە زمـانی ناوچەی (نانکن)ە، لـە کـۆی زمانەکانییـەتی. زمـانی یـەنی سـی ئاسـتێاك کـە بەدرێژایی ڕووباری یەنی سی، لە دەوربەری سەیری ناوەندی بەکاردێت لە خێزانـە زمانەکانی چینی ـ تبتییە. زمانی میا ـ یائو لە زمانە جـۆراو جۆرەکـانی پـێش چینیە کە هێشتا لە وڵاتی چێنی ماوەتـەوە، زمـانی بنەماڵەیـەکی گـەورە بـوو، گفتوگۆی پێکراو و پرش و بڵاوبوونەتەوە.





ئاینو زمانی دانیشتوانی رەسەنی وڵاتی ژاپۆنە (یابان)، ژاپۆنییەکان دوو زمانیان هەیە و پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە و لەگەڵ هەموو زمانی خێزانەکانی تردا ناسراوە ، هەندێك لە زمانناسان ئەم دوو زمانە بە زمانی کۆری دەزانن و دەیبەستن بە کۆمەڵە زمانی ئالتاییەوە. ئەم کۆمەلە زمانە بە کۆمەڵە زمانی ئاسیایی ناو دەبەن لە خوارەوە کۆمەلە زمانی چێنی ـ تبتی و بۆرمەیی دیاری دەکەین:

خێزانی چێنی: ئەم زمانە دەگرێتەوە : ماندارین ، وو(wu) ، یوئەیاکانتۆنی، مینی باشووری، تسیانگ، کی ئیا (کەژیا kegia)، هاکا گان aan، مینی باکووری، لە ناو ئەم زمانەدا زمانی ماندارین لە هەموو شوێنێ زمانەکانی تر قسەی پێدەکەن و بە زمانی دووەم دادەنرێت. ئەم زمانانە زۆرترین ژمارەی قسەکەریان لە هەموو جیهاندا هەیە، دەوری ٩٠٠ ملیۆن قسەکەریان هەیە.

خێزانی تبتی بۆرمەیی: لەم زمانە پێکهاتووە: بورمەیی، تبتی کارن ، سگائو، پوو، یی yi یا لۆلۆ، هانی، بائی، جونکا.

هەموو ئەم زمانانە تبتی و بۆرمەیی بریتییە لە (بۆرمەیی) و (تبتی).

### دابەشکردنێکی تری کۆمەڵەی زمانەکان

دابەشکردنی زمان بەسەر خێزان و کۆمەڵە زماندا کارێکی ئاسان نییە. تائێستا دابەشکردن کراوە وەکو: دیاریکردنی چوار کۆمەڵە زمانی وەك کۆمەڵەی ئاری (هیندو ئاری)، سامی ـ حامی، چینی ـ تبتی و کۆمەڵەی ئۆرال ـ ئالتایی. ئەم دابەشکردنە هەموویا زۆربەی زمانەکانی جیهان ناگرێتەوە، چونکە ژمارەی میللەت و نەتەوەکانی جیهان زۆر زۆرن و بەپێی ئەو زۆرییە زمان و زمانی جیاواز هەن.

بەپێ ئامارێك کە لە بەردەستدا بێت و تا ئێستا بۆ زمانناسان ئاشکرایەو ئامارێکی ورد بێت دەوری (٥٠٠٠) پێنج هەزار تا(٧٠٠٠) هەزار زمان[٥٧] هەیەو ژمارەی یەکەمیان تارادەیەك نزیکتر و وردترە، ئەگەر چی ژمارەی تەواو ورد نییە کە شایانی وەرگرتن بێت، بۆیە دیاریکردنی کۆمەڵەی زمان ئاسان نییە بۆ ئەم



زمانە جۆراو جۆرە. بۆیە لەبەر نەبوونی دیاریکردنی کۆمەڵەی زمانەکان، زمانەوانان پەنایان بۆ جۆری دابەشکردنی زمان بە شێوەی تاك یا سەربەخۆ زمانیان دیار و پێناسەکردووە.

دیاری کردن و پێناسەی کۆمەڵەی زمانەکان دەبێت بەپێی بەڵگە و هێنانەوەی نموونە بێت و بسەلمێنرێت، ئەوسا ناساندن و دیاریکردنیان وەرگیرێت. ئەگینا بە پێچەوانەوە کارێکی زەحمەتە.

کۆمەڵەی زمان بە هۆی خزمایەتی نێوانیانەوە دیاری دەکرێت وەکو بەشی زمانە لاتینییەکان کە گومان هەڵناگرێت، بەڵام کۆمەڵە زمانێکی فراوانی وەکە کۆمەڵەی ئاری کە نیوەی میللەتانی جیهان قسەی پێدەکەن کارێکی ئاڵۆز و گرفتاوییە. پێویستی بەبەڵگە و کاری پێویستی زمانناسان دەکات.

خزمایەتی زمانەکان لە رووی پەیوەندی مێژوویی و پێکهاتەییەوە جێگای سەرنج وەرگرتنە و بوونی ئەم دوو مەرجە بۆ دیاریکردنی کۆمەڵەی زمان پێویستە. ئەمجا نەمان و دوورکەوتنەوەی زمان و نیشانەی پەیوەندییەکان نەك هەر نامێنی بۆ دەرخستنی پەیوەندییەکە کە دەبێتە هۆی لێکچوونی پێکهاتەیی نێوان دوو زمان، سەردەم و مێژووی پەیوەندییەکە دوور و دێرینە وشەی هاوبەشی نێوانیان نامێنێ یا بەئاستەنگ و زۆر زەحمەت دەدۆزرێتەوە. لێرەدا دەمێنێتەوە ئەوەی عەقڵ و بۆچوون بۆ ئەم مەسەلە ئاڵۆزە بڕیار دەردەبێت. ناسینی کۆمەڵە زمان و نەتەوە پێویستی بە دیاری کردنی ڕەگ و ریشەی مێژووی زمانەوانی بەڵگەدارهەیە.

لێکچوونی نێوان زمانەکان لە ئەنجامی تێکەڵبوونی ژمارەیەك زمانەوە پەیدابوونەو سەرنجی لێکۆڵەرانی زمانیان ڕاکێشاوە کارێکی هەروا ئاسانیش نییە بتوانرێت بیانگێڕێتەوە سەر کۆمەڵە زمانێك تایبەت بە خۆیان و سنووری ئەم کۆمەڵە زمانە بە وردی و بە تەواوی دیاری بکرێت.

بۆ ناساندن و پێناسەکردنی کۆمەڵەی زمان کارێکی زەحمەتە و لێرەدا بە ناچاری زمانەکان بە سەربەخۆیی یا بەتاکانە ـ یەکانە ـ دیاری و پێناسە بکرێن و بەم

شێوەیە زمانەکان دیاریکراون[٥٨] و دەکرێت بڵێین ئەمەش جۆرە دابەشکردنێکە بۆ زمانەکانی جیهان:

١. زمانی هێندۆ ئاری (زمانە ئارییەکان ـ) باسکراوە
٢. زمانی دراڤیدی
٣. زمانی سامی ـ حامی (کوشی ، بەربەری ، مصری ، چادی) یا حامی ـ چاد ـ سامی
٤. زمانە پەیوندییەکان
٥. زمانە ئاوازەدارەکانی ئاسیا
٦. زمانە ئەفەریقاییە رەشەکان
٧. زمانی مالیزیایی ـ پۆلینیزیایی و خەمیری
٨. زمانە بەدەوییەکانی ئۆقیانووسی

لە خوارەوە زمانە جیاجیاکانی هەر کۆمەڵێك پیشان دەدەین تا شوێن و پێناسەی کوردی لە ناویاندا دەربکەوێت.

١ـ زمانە ئارییەکان (هێندۆ ئاری ) وەك : خێزانە زمانی ئەوروپایی: لە(لەدابەشکردنی پێشووتردا باسکران، بەڵام لەبەر دیاریکردنی لقی بە لێتیکی یاداشتی لقی زمانەکانی تریش کرانەوە): زمانی لاتینی

ـ زمانی سەڵتی
ـ زمانە سلاڤییەکان
ـ زمانە یەکانەکانی هێندو ئەوروپایی (یۆنانی، ئەلبانی، ئەرمەنی، زیگانی، زمانەکانی بەڵتێك) ـ زمانە ئێرانییەکان (کوردی ،.....)
ـ زمانە هیندییەکان (هیندی، ......)


لەم دابەشکردنەدا زمانی ئەرمەنی و زمانەکانی بەڵتیك وەکو لقێك باس نەکراون و بە زمانی یەکانە دانراون.

٢ـ زمانی دراڤیدی (لە دوای ئەم باسەوە باسی دەکەین)

٣ـ زمانی سامی ـ حامی:. سامی (عارەبی ، عیبری ، مالْتی ، ئەمهەری)



## کۆمەڵە زمانی دراڤیدی



**حامی ـ (زمانی بەربەری، میسری، کوشی)**

**چادی ـ (زمانی هوسایی)**

لە هەندێك سەرچاوەدا چادیش براوەتەوە سەر گروپی زمانی حامی و زمانی فەرمییان فەرەنسایی و عارەبییە هەشە بەلقێکی زمانە ئەفر و ئاسیاوی دایدەنێن.

**٤. زمانە پەیوەندی دارەکان:. گروپی تورکی**

**ـ فنلەندی ـ ئۆکریایی**

ـ باسکی

ـ مەگۆڵی

ـ ژاپۆنی

ـ زمانە رەسەنەکانی ئەمەریکا

٥ـ زمانە ئاوازەدارەکانی ئاسیا: (مەندرین، تسیانگ، کی ئیا، هاکا ، یوئە، چینی، کانتۆنی، خۆکین، مین، ئاموی وتایوانی).

ـ تبتی ـ بۆرمی (تبتی)، بۆرمی، کاچین، لۆلۆ، هانی، بائی، یی، جۆنکا.

ـ تای ـ ڤیتنامی

٦ـ زمانی مالیزیایی ـ پۆلینزیایی و خەمیری:. گروپی مالایایی (ئەندەنوزیایی ـتاگالوك- مالاگاسی ، .....)

- گروپی پولینزیایی

ـ مالیزیایی

٧ـ زمانە ڕەوەندییەکانی (کۆچەری) ئوسترالیا:. مونو ـ خەمیری

ـ ملانزیایی

ـ پاپو

ـ زمانە رەسەنەکانی ئوسترالیا

٨ـ زمانە ئەفەریقیاییەکان:. زمانەکانی بانتۆ

ـ زمانەکانی ئەتلانتیکی رۆژئاوا (پل، ولف)



ـ زمانەکانی مەندە (بامبارا ، ماندینگ)


ـ زمانەکانی ولتایی

ـ زمانەکانی کەنداوی گینە

ـ زمانەکانی نێوان نایجیریا و کینیا

ـ هوسایی (سەر بەزمانی چادە (تشادی)

بۆ روونکرنەوە، کۆمەڵەی هنێدۆ ئاری و کۆمەڵەی سامی لێدەرچێت باسی کۆمەڵە زمانەکانی تری ئەم جۆرە دابەشکردنە دەکەین ، ئەو دوانەشیان پێشتر لێیانەوە دواوین بۆیە دووبارەیان ناکەینەوە.




زمانی کوردی لە رووی پێکهێنانی وشەسازییەوە لە زمانە پەیوەندیدارەکانە (لکاو)



## زمانی دراڤیدی

خێزانە زمانی دراڤیدی کەوتۆتە ئەوپەڕی بەشی خـوارووی وڵاتـی هێندسـتانەوە، هەر چەندە تامیل یەکێکە لەو زمانانـەی دەوروبـەری بـاکووری سـریلانکا و زمـانی براهۆیی لە پاکستان قسە پێکەرانی هەیە. هەر چـەندە لـە زمـانی سانـسکریتییەوە کەوتۆتەوەو لە ناو گەلانی هیندستاندا بڵاوبۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لـە نـاو ئـەم وڵاتەدا جۆرە زمانی تر بڵاوە، کە بەندە بە قۆناغی پێش زمانـە هیندییەکانـەوە، کـە هێشتا لە سەردەمی پەرەسەندن و پوشکاندا بـووە. زمانـەکانی ئـەم خێزانـە زمـانی تامیل، تلەگۆو مالایالام گرنگترنیانەو[٥٩] زمانی تریش دەگرێتەوە، وەك:

کانادا، کونکانی، گوندی، کوروك.

بۆچوونی واش هەیە ئەم خێزانە زمانە بەبیست زمان زیاتر دەدەنە قەڵەم.

ئەشێ ئەم دوو زمانە لە جێگای ئەمڕۆی زمانـەکانی دراڤیـدی دوورکەوتبێتنـەوە پێش هاتنی ئارییەکان بۆ ئەم ناوچەیە لە شوێنی یەکەمی خۆیان مابێتنـەوەو ئـەوەی ماوەتەوە ئەم زمانانە لەگەڵ کۆچکردنی هیندییە رەسەنەکانا بەرەو خاڵەکانی باشوور لەگەڵ قسە پێکەرانیاندا هاتوونەتە ئەم ناوچەیە .

هەر دوو زمانی کان نادا و مالایالم هەریەکەی زیاتر لـە ٢٥ملیـۆن قـسە کـەریان هەیە و زمانەکانی تریان لە ملیۆنێك زیاتریان هەیـە، زمـانی کونکـانی دەوری سـێ ملیۆن و زمانی گوندی دوو ملیۆن و، زمانی کوڕوکیش نزیکەی دوو ملیۆنە.

هەر چوار زمانی دراڤیدی سیستەمی نووسینی خۆیان هەیە[٦٠].


**زمانە پەیوەندییەکان(زمانە لکاوەکان** Agglutinative Language)

کۆمەڵێکی تری ئەو زمانانەیە سەربەم دابەشکردنەیە، ئەم جۆرە زمانـە لـە رووی بنای وشەسازی و رستەسازییەوە دابەشدەکرێت و بەر ئـەم جـۆرە ناکـەوێت، چـونکە کۆمەڵە زمانی وایان تێدایە لەسەر بنەڕەتی تر دابەشکراوە. لە شوێنێکیتر باسی ئـەم جۆرە زمانە لە ناو ئەم کۆمەڵە زمانانەدا کراوە، کـە بـەر دابەشـکردنەکەی کـەتووە. بۆیە زیاتر لەبەر دووبارەنەبوونەوە باسی ناکەین.

زمانه ئاوازه‌داره‌کانی ئاسیا: (زمانه سه‌ربه‌خۆکان (Isolating Language) له هه‌مان شوێنی زمانه لکاوه‌کان باسکراون، بۆیه له باره‌یه‌وه به‌کورتی ده‌دوێین، ئه‌وه‌نده نه‌بێت زاراوه‌که‌ی که بۆی به‌کارهاتووه جیاوازه له‌گه‌ل وشه‌ی زاراوه سه‌ربه‌خۆکاندا. زمانی بڕگه‌ییشیان پێده‌وترێت. سیسته‌می گه‌ردانی یا دارشتن شێوه‌یه‌که له زمانه گه‌ردانییه‌کانی.

**زمانه ئاوازه داره‌کانی ئاسیا**

**(زمانه سه‌ربه‌خۆکان ـ زمانی بڕگه‌یی Isolating Language)**




**[زمانی کوردی نموونه‌یه‌کی که‌م وشه‌ی له‌م جۆره زمانانه هه‌یه پێیان ده‌وترێت وشه سه‌ربه‌خۆکان یا نموونه‌ی بڕگه‌یشی هه‌یه]**



وه‌کو (زمانی هیندۆ ئه‌وروپاییه‌کان یا زمانه لکاوه‌کان)**دا ده‌بینرێت له‌و زمانه‌دا نییه، که پێیان ده‌وترێت زمانی سه‌ربه‌خۆ یا(زمانی مۆرفیمی، زمانی پچراو).**

زمانه سه‌ربه‌خۆ ئاوازه‌داره‌کان وه‌کو زمانی چنی، زمانی ڤیتنامی، تای، کۆمه‌ڵه زمانی بۆرمی.

## کۆمه‌ڵه‌ی زمانی مالیزیایی پۆلینزیایی و خه‌میری

ئه‌م خێزانه زمانه گه‌وره‌یه ئه‌و په‌ڕی خاڵه‌کانی باشوور و ڕۆژهه‌ڵاتی کیشوه‌ری ئاسیای داپۆشیوه و گرتۆته‌وه وه‌کو زۆربه‌ی زمانه‌کانی که له دوورگه‌ی زه‌ریای ئارام و زه‌ریای هیند به‌کارده‌هێنرێت. وه‌کو زمانی مالاگاسی گرنگترین زمانه له دوورگه‌ی مه‌ده‌غشقه‌ر به‌کاردێت (کۆماری مالاگاسی) که‌وتۆته نزیکی که‌نار ئه‌فه‌ریقیاوه[٦١] به‌ته‌واوی قه‌ڵه‌مڕه‌وی زمانی ئه‌نده‌نیزی، مالیزی، فلیپینی و سه‌نگافور، ده‌گرێته‌وه و خاوه‌نی زمای فه‌رمین. پاشماوه‌ی ئه‌م کۆمه‌ڵه زمانه لای هۆزه‌کانی فرمز، هه‌ندێك چیانیشینی ڤیتنام وه‌کو جاریا، دوورگه‌ی چینی هاینان تا زمانی دورگه‌ی گوام به‌ناوی چامۆرۆ ده‌بینرێت[٦٢] له رووی ئاماره‌وه ژماره‌ی قسه‌که‌رانی ئه‌م کۆمه‌ڵه زمانه له ٢٠٠ ملیۆن زیاتره‌و ده‌وری ١٤٠ ملیۆنی له ئه‌نده‌نیزیایه‌و ٤٠ ملیۆنیشی له ڤلیپینه‌و ئه‌وانی تریش له مالیزیا، سه‌نگافوره ده‌ژین له‌م دوو شوێنه که‌مایه‌تییه‌کی زۆر به زمانی کانتۆنی و تامیل قسه‌ده‌که‌ن.


پۆلینزیش ده‌وری نیو ملیۆنه و ١٠٠٠٠٠ هه‌زاریش له فه‌ره‌نسان. زمانه‌کانی پۆلینزیایی دورگه‌ی ئارام وه‌کو: تاهیتی، ساموا، فیجی، والیس و فۆتۆنا، هاوایی[٦٣].

## کۆمەڵەی زمانی ئەفەریقیایی (ئەفەریقیاییە ڕەشەکان)

بەپێی باوەڕی پسپۆران ژمارەی زمانە ئەفەریقیاییەکان دەوری هەزار تادوو هەزار و پێنج سەد زمان دەبێت و گومانیش لەم ژمارەیە دەکرێت و لێکۆلینە. لەم رووەوە ژمارەی زارەکانی زیاترەو بەئامارێك و بەڕادەیەکی ناوەند دەوری سەد هەزار تا دوو سەد هەزار قسەکەر بۆ هەر زمانێك دەبێت، لەراستیدا هەندێك زمانی ئەم کۆمەڵە ملیۆنەها کەس و هی تریش چەندین هەزار کەس قسەی پێدەکەن.

لە ناو ئەم زمانەدا ژمارەیەکی کەمی، زمانی نووسینی هەیە و زۆریش لەم زمانانە ئەو پەیوەندییان لەگەڵ زمانە بەهێزەکاندا هەیە و بەرەو فەوتان و لەناوچوون دەچن.






(پێنج زمانی گرنگی ئەفەریقایی: سەواحیلی ـ پۆل ـ بامبارا ـ یوروبایی ـ هوسایی)

ئەم پرش و بڵاوییەی زمانە ئەفەریقیاییەکان بە هۆی گۆشەگیری کۆمەڵایەتی و ئابووری نەتەوە جیاوازەکانی ئەفەریقیاوە سەرچاوەی گرتووە، کە بەدرێژایی سەردەمەکان ژیان لە جەنگەڵ و دارستانەکان بە رقەبەرایەتی خێڵەکییەوە کە لە ژیاندا فێری بوونە دەبەن سەر. کەم و زۆر زمان بەندە نییە بەپێشکەوتنی فەرهەنگ و وێژەو ئابوورییەوە.

- زمانە ئەفەریقیاییەکان وەکو: زمانە سودانییە رۆژئاوایی و گینەکان لە دوورگەی گینە، زمانەکانی دەشتی ناوەندی ئەفەریقیا لە ناوەندی نایجیری باکووری کامیرۆن تا کۆماری ئەفەریقیای ناوەند بەکاردێت.
- زمانەکانی باکووری رۆژهەڵاتی سودان.
- زمانەکانی باشووری رۆژهەڵاتی سودان، واتە باشووری کۆماری سودان ) کە بەزمانەکانی نیلی (نیل مەبەست لە رووباری نیلە ـ نووسەر).
- زمانەکانی بانتۆ.

زمانناسان زمانەکانی چادو زمانەکانی خوسایی جیادەکەنەوە لەگەڵ ئەم پێنج کۆمەڵە زمانەی سەرەوەدا و دەیکەنە دوو بەش وەك چادی خوسایی ئەم وشەی (خوسایی)یە لە ناوە نەتەوەکانی (حوتنتۆت ـ Khoin) و خزمایەتی ئەوان، واتە بۆسیمییەکان پێکهاتووە، قسەپێکەرانی ئەم زمانی (خوئین)، دەوری دووسەد تا سێ سەد هەزار کەس زیاتر نییە[٦٤] و زۆربەی لە دەوروبەری جەنگەڵەکانی باشووری رۆژئاوای ئەفەریقیان بە تایبەتی نامیبیا، بۆتساواناو ئەفەریقیای یوروبایی و هوسایی.

باشووری بەکاردێت و هۆزە نیمچە شارستانییەکانی ئەو دەوروبەرەیە و هەندێك لە زمانەکانی خوسایی ئەنگۆلا، زامبیا زیمبابۆیەو بەزۆری زمانەکانی خوسائی لە ناوەچەکانی ناوەندو باشووری ئەفەریقیا بەکاردێت[٦٥].

زمانە ئەفەریقیاییە رەشەکان زمانە گرنگەکانی سەواحیلی، پۆل ، بامبارا، یوروبایی و هوسایی دەگرێتەوە.



هەشە بە شێوەیەکی تر زمانە ئەفەریقیاییەکان بە ناوی زمانەکانی باکووری هێڵی ئیستوا زۆر بە دژوار دادەنات و بەم شێوەیە جونیدەکەن:
- زمانەکانی بانتۆ
- زمانەکانی لقی ئەفەریقیا وەکو: کوشی، سۆماڵیایی، سامی وەکو ئەمهەری.
- زمانی پۆل و ولوف  ئەم زمانانە لەلایەن زمانناسانەوە بە زمانی رۆژئاوایی ئەتلەنتیك ناودەبرێن.
- زمانەکانی مەندە لە کۆی بامبارا لە مالی.
- زمانەکانی ولتایی
- زمانەکانی دورگەی گینە
- زمانەکانی نێوان نایجیریاو کینیا
- هوسایی زۆرترین ژمارەی قسەکەرانی لە ئەفەریقیای رەش هەیە خزمایەتی لەگەڵ چەندین زمانی دەوروپشتی هەیە.

هەر یەك لەم زمانانە سەرەوە چەندین زمانی تر دەگرێتەوە.

دابەشکردنی تری زمانەکانی هەیە، ئەم خێزانانەیان تیا دیاری کردووە لەبەر ئەوەی لە دابەشکردنەکانی پێشوتر باسنەکراون، لە خوارەوە روونکردنەوەیان لە بارەوە دەکەین:

**١. خێزانی زمانی قەفقاسی.**

ئەم خێزانە بریتییە لە زمانە قەفقازییەکانی باکووری و باشووری، لە ناوچە شاخاوییەکانی قەفقاسیا لە یەکێتی شورەوی، لە ناوچەیەکی تاڕادەیەك زمانی جۆراوجۆر بەکاردێت. هەندێك لەم زمانانە ئەتوانین بەوردی دیاری بکەین و لە خێزانە زمانە ناسراوەکانی هیندۆ ئەوروپایی وەکو زمانی ئاسی ئێرانی و زمانی ئەرمەنی جیابکەینەوە، بەڵام زمانەکانی تر کە لەم ناوچەیە بەکاردێت بە شێوەیەکی گشتی دەکرێنە دوو گروپی جیاوە کە بەخێزانی قەفقازی باکووری و قەفقازی باشووری ناسراون.

خێزانی قەفقازی باکوور وەکو زمانەکانی (لەزگی و چەرکەسی) یە.

خێزانی قەفقازی باشوور زمانەکانی گورجی، لازومینگریلی دەگرێتەوە.


شاخەکانی قەفقاز سنووری سروشتی نێوان ئەوروپاو ئاسیا پێکدەهێنی و شوێنی کۆمەڵێکی فراوانە لە زمانەکان و بە کێوی زمانەکان ناودەبرێت و هەندێك لەم زمانانەی دەوری قەفقاز وەکو خێزانە زمانی سەرەکی وەکو تورکی (ئازەری یا ئازربایجانی) دەبسترێتەوە[٦٦].

زمانی باسك: زمانێکی ناهیندۆ ئەوروپاییە ئەگەرچی هێشتا لە ئەوروپا بەکاردەهێنرێت و لە ناوچەی پیرنە کەوتۆتە باکووری ئیسپانیا و باشووری فەرەنسا لەوێ گفتوگۆی پێدەکەن. زمانی باسك تائێستا لە شێوەی زمانە تاکەکانی (سەربەخۆ) ماوەتەوەو پەیوەندی بە زمانە کۆنە و نوێیەکانە نەسەلمێنراوە[٦٧].

**٣ـ خێزانە زمانی مون ـ خومر**

یەکێك لە کۆی زمانەکانی تری باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا، خێزانی مون ـ خومرە. کە دوو ئەندامی گرنگی بریتییە لە مون لە بورمە و تایلەند قسەی پێدەکەن و زمانی خومر یا کەمبوجی کە زمانی رەسمی وڵاتی کامبوجیایە. زمانی ڤیتنامی یا ئانامی مەسەلەی تایبەتی لەڕیزی بەندکردنی پێکهاتەی زمانەکان دەهێنێتەکایەوە، ئەم زمانە لەگەڵ تەواوی زمانەکانی هاوسێی خۆی لێکچوونیان هەیە.






ـ تورکی + ئازەری ⟵ زمانەکانی دەوری قەفقازن

**ـ زمانی کوردیش لە چەند وڵاتێکی قەفقاسی وەکو : (ئەرمەنستان + ئازربایجان + تورکمانستان + کازاخستان + قەرغیزستان) هەن**

## ٤ـ زمانە ڕەسەنەکانی کیشوەری ئەمەریکا(هیندییە سوورەکان)

ئەمەریکای ئێستا شوێنی بنەڕەتی هیندە سوورەکانی ئەو وڵاتەن کە ئێستا بوونەتە پاشکۆی میللەتەکانی وەکو ئینگلیز، ئیسپانیایی، پورتوگالی و فەڕەنسایی کە لە ناوچە و شوێنی جیاجیای ئەوروپاوە هاتوونەتە وڵاتەکەیان. هیندییە سوورەکان میللەتێکی غەدر لێکراوی مێژوون و بەچەواشەوە لەلایەن خەڵکەوە ناسێنراون. ئێستا زمانی خۆیان لەدەستداوەو بەزمانە جیاجیاکانی ئەوروپایی قسەدەکەن و لەلای نەوەی نوێ و ئێستاوە زمان و فەرهەنگ و کەلەپووریان نەماوە.

پێش پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر ئەو میللەتانە هاتوونەتە ئەمەریکا و شوێنیان بەم هیندییە سوورانە لەق کردووە و وڵاتەکەیان داگیرکردووە، بە شێوەیەکی زۆر کەم ماونەتەوە و نەوەی نوێیان لە ناو میللەتانی ئەمەریکادا تواونەتەوە و بەتەواوی ناناسرێنەوە.

زمانی هیندییە سوورەکانی ئەمەریکا لە ڕووی جوگرافییەوە جونکراون (پۆلینکراوە ـ تصنیف) ، هەندێك لەم زمانانە بێ ئەوەی هیچ ئاسەوارێکیان لە شوێندا مابێتەوە لەناودا نەماون و سەبارەت بە هەندێکی تر ئەتوانرێ ئاسەواری سەرەتایی لە نووسینی گەڕۆك و ڕاگەیەنەرانی مەزەبییەوە بەدەستکەوتووە. گروپێکی تری ئەم زمانە رەسەنانە بە درێژایی سەدەی رابردوو بابەتی لێکۆڵینەوەی وردی زماناسان بووە . بەکارهێنانی تەواوی ئەم زمانانە بە زیندوویی کەم و زۆر ڕوو لە کەمییە بێجگە لە ژمارەیەکی کەمی ئەمانە وزە و توانای پێویستی مانەوەی نەماوە.


زمانناسەکانی زمانە رەسەنەکانی ئەم کیشورە بەسەر سێ خێزانە زمانی وەکو ئالون، نا ـ دنە، ئامریند دابەشکردووە.

زمانی ئەسکێمو ـ ئالوت: لە باشووری قەلەمڕەوی ئەسکێمو لە باکووری رۆژئاوایی ئۆقیانووسی ئارام ئالاسکا، باکووری رۆژئاوای کەنەدا، کالیفورنیا بە زمانی وەکو بیاڤر و زمانی چی پویایی قسەدەکەن کە بەندە بەخێزانە زمانی ئاتاباسکییەوە.



- زمانی ئاپاچی (Apachean ): لە باشووری خۆرئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی دۆزراوەتەوە، یەکێکە لە لقە سەربەخۆکانی لە خێزانی ئاتاباسکی. گرنگترینی ئەم زمانانە زمانی ناڤاهو(Navaho) هێشتا بە شێوەیەکی فراوان بەکاردێت، زمانی ئاتاباسکی بەزۆری لەگەڵ دوو زمانی تر بەناو هایدا و تلینگێتەوە دەبەسترێتەوە و بەم شێوەیە خێزانی زمانی گەورەتر بەناوی نا ـ دینی Na_Deneناسراوە[٦٨]. لەسەدەی شانزە بەدواوە بەهاتنی ئەوروپاییەکانی بۆ ئەم وڵاتە زمانە رەسەنەکانی ئەم کیشوەرە وردە وردە بەرەو خامۆشی و نەمان چوونە و زمانی ئەوروپایی جێگەیانی گرتۆتەوە و هیندییە سوورەکان بەرمەرگی مێژوو کەوتوونە.

**زمانە ڕەسەنەکانی کیشوەری ئەمەریکا**
**(زمانی هندییە سوورەکان)**




**تێبینی: ئەم کۆمەڵە زمانە ، زمانی تریشی هەیە.**



## چۆنیەتی دابەشکردنی زمانەکانی جیهان

تائێستا لەم باسەدا بەپێی چەند جۆرێك زمانەکانی دنیامان دابەشکرد، تا شوێنی زمانی کوردی نەتەوەییمانیش تیا دیاری بکەین. دیاریکردنی کۆمەڵە زمان دەبێت لەسەر بنەڕەتێکی هاوبەشی چەند زمانێك بێت کە ئەو زمانانە لە سەرەتای دروستبوونیانەوە دەچنەوە سەر زمانێکی یەك ڕەگ و ڕیشەیی هاوبەشی کەلیوەی گەشەیان کردووە و هەر چەند زمانێکی لەیەکچوو و وەك یەك خێزانە زمانێك پێکدێنن.

ئەم کۆمەڵە زمانانە وەکو لە سەرەتاوە دیاریمان کرد، هەیە بەپێی نزیکایەتی خزمایەتی و زمانەوانی خێزانە زمان پێکدەهێنن. زمانەوانەکان هەر کۆمەڵێك زمان بەپێی بوونی هاوبەشێتی دیاردەی زمانەوانی نێوانیان دابەشکردۆتە سەر چەند خێزانە زمانێکی ترەوە. وەکو کۆمەڵە زمانی ئاری (هیندۆ ئاری) هەیە بۆ سێ خێزان و هەشە بۆ چوار خێزان[٦٩] دابەشکردووە.

دابەشکردنی کۆمەڵەی زمانەکانی میللەتانی دنیاش لە چوارەوە کراوەتە هەشت کۆمەڵە زمان[٧٠] و هەشەکردوویەتی بەپێنج[٧١] یابەچوار. هەیە بەپێی شوێنی جوگرافی زمانەکان دیارییان کردووە بۆ پێنج کیشوەری دنیا وەك (ئەوروپا، ئاسیا، ئەفەریقیا، ئۆقیانووس، ئەمەریکا ) ئەمەش تێکەڵە، چونکە زمانی جیاوازیان تێدایە.

ئەوەی لێرەدا ڕەچاو دەکرێت دیاریکردنی ئەو کۆمەڵە زمانانەی دنیا تێکەڵ و پێکەڵییان پێوە دیارە، چونکە لە ناو ئەو کۆمەڵە زمانانەدا، کۆمەڵە زمانی وا هەیە بەپێی نزیکایەتی زمانی و پەیوەندنی خزمایەتی نییە، بەڵکو بەپێی بناغەی وشەسازی و ڕستەسازییەوەیە، وەك کۆمەڵە زمانی ئاوازە دار (زمانە یەك بڕگەییەکان)، یا زمانە پەیوەندی و لکاوەکان .....هتد.

بۆیە ئەم دابەشکردنانە ناتەواوی دەگرنە خۆیان، لەلایەك هەندێکیان لەناو هەمان کۆمەڵە زماندا بەپێی بوونی خزمایەتی و هاوبەشییەوە کۆمەڵی واشیان تێدایە،

دابەشکردنەکەی  بابەتی تر دەگرێتەوە. لە خوارەوە بۆ بەڵگە ئەم دابەشکردنە نیشان دەدەین کەوا بەم شێوەیە کراوە:

١. کۆمەڵە زمانی ئاری.
٢. کۆمەڵە زمانی سامی ـ حامی.
٣. کۆمەڵی زمانی دراڤیدی.
٤. کۆمەڵە زمانی ئاوازەداری ئاسیا.
٥. کۆمەڵە زمانی پەیوەندیدار (لکاو).
٦. کۆمەڵە زمانی پولینزیایی ـ مالایی.
٧. کۆمەڵە زمانی ئۆقیانووسی.
٨. کۆمەڵە زمانی ئەفەریقیای رەش[٧٢].

دوانی یەکەمیان لەسەر پەیوەندی خزمایەتییە، چوارەم و پینجەم بەپێ بناغەی صرفی و نحوییە، حەوتەم و هەشتەم  بە شوێنی جوگرافی و رەگەزە. ئەو دابەشکردنەی بەپێ کیشوەرەکانی کراوە، سوودی بۆ دیاریکردنی ژمارە و ئاماری زمانەکانی دنیا هەیە کە چەند زمان هەیە لەدنیا.

دیاریکردنی ژمارەی زمان و زارە زیندووەکانی لە دنیای ئەمڕۆ کە زمانناسان دیارییان کردووە، ئەنجامدانی کارێکی زەحمەتە، لەگەڵ ئەوەشدا لە نێوان (٧٠٠٠) حەوت هەزار تا (٢٥٠٠٠)  بیست و پێنج هەزار زانراوە. ئەم زمان و زارانە هەموو لە چوارچێوەی سیستەمی خێزانە زمانەوە جێگیربوونەوەی هاوبەشیان هەیە[٧٣].

**ژمارەی خێزانە زمان:**

دیارکردنی ژمارەی خێزانە زمان هەر وەکو هێمامان بۆ کرد دەبێت لەسەر بنچینەی هاوبەشی و نزیکایەتی نێوانیان ئەنجام بدرێت. بەپێی ئەو بۆچوونەی کە لەم رووەوە هەیە خێزانە زمانەکان بە (١٥٠) سەدو پەنجا خێزانە زمان ناسراون وە یانزەیان دیارە[٧٤] وەکو:



١ـ  هیندۆ ئاری  ٢ـ ئەفەریقیایی ـ ئاسیایی  ٣ـ چینی ـ تبتی ٤ـ ئالتایی ٥ـ دراڤیدی ٦ـ ئۆرالی (فینۆ  ـ ئویگوری )  ٧ـ نایجیریایی و کۆنگۆیی    ٨ـ ژاپۆنی ٩ـ باسکی  ١٠ـ ئەمەریکاییە رەشەکان   ١١ـ مالایی ـ پولینزیایی.  (شوێنی زمانی کوردی لە ناو ئەم یانزە خێزانەدا دەکەوێتە ناو هیندۆ ئارییەوە)

دیارکردنی خێزانە زمان لە ناو (٧٠٠٠ـ ٢٥٠٠٠)  هەزار زمان بەپێی ئاماری زمانناسان لە ناو ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی کە دەوری (٥) پێنج ملیار کارێکی زۆر ئالۆزە و کات و خۆتەرخانکردن و بودجە و ئاماری گشتی میللەتانی دنیای دەوێت.

زمانناسان باوەڕیان وایە کە ژمارەی زمانە زیندووەکانی ئێستا دەگاتە ٢٥٠٠ زمان، واتە دەوری پێنج ملیار کەس بە حەوت هەزار تا چل هەزار زمان قسەدەکەن و ژمارەی زمانە زیندووەکان  ٢٥٠٠ زمانن[٧٥].

هۆی زۆری زمانی جیاوازە، لە ناوچە جیاوازو فراوانەکاندا بۆتە ئەستەم بۆ دیارکردنی چۆنیەتی زمان و خێزانە زمانەکانی.

## دابەشکردنە جیاوازەکانی کۆمەڵەی زمان

ئەم دابەشکردنانە کە لەسەرەوە بۆ کۆمەڵەی زمانەکانی جیهان خستماننەڕوو، لە خوارەوە بەکورتی دیارییان دەکەین، چونکە لە شوێنی تری ئەم باسەدا لەهەر خێزانێك دواوین یا لە شوێنی پێویست بەخۆیان باسی ئەوانی ترش دەکەین. ئەم دابەشکردنانە هەن :

دابەشکردنی یەکەم بەمجۆرەیە[٧٦]:

١.  کۆمەڵەی هیندۆ ئاری (ئاری): خێزانی بەڵتیکی ـ سلاڤی
ـ خێزانی نیپالی
ـ زمانەکانی ئەرمەنی
ـ زمانی ئینگلیزی ناوەندی
ـ خێزانی هیندۆ هیتی

ـ زمانی ئەرمەنی

ـ خێزانی هیندی

ـ خێزانی زمانی ئێرانی (زمانی کوردی لە ناو ئەم خێزانە دایە)

٢ـ خێزانی زمانی سامی : ـ زمانی عیبری

ـ زمانی موابی

ـ زمانی فینیقی

ـ زمانی ئارامی

ـ زمانی مەندائی

ـ زمانی سریانی

ـ زمانی حەبەشی

ـ زمانی عەرەبی

٣ـ خێزانی زمانی ئالتایی(ئورال ـ ئالتایی):

٤ـ زمانییەکانەکان (سەربەخۆ) کە لە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت:

١. زمانانییەکانە (تاك ـ سەربەخۆ)

٢. خێزانە زمانی دراڤیدی

٣. خێزانی زمانە رەسەنەکانی ئەفەریقا

٤. خێزانی زمانی مالایی ـ پۆلینزیایی

٥. خێزانی زمانی چینی ـ تبتی

٦. زمانی هیندییە سوورەکانی ئەمەریکای باکوور

٥ـ ئەو خێزانە زمانانەی لە بەردەم لێکۆڵینەوەدان

جۆری دابەشکردنی دووەم: دوو بەڵگە بۆ ئەم جۆرە خراوەتەڕوو(١) خزمایەتی نێوان زمانەکان یا ئەوەیە بەئەنجام گەیشتنی بۆ نیشاندانی بوونی پەیوەندی لە نێوان دوو زماندا هەبێ .



(٢) ـ یا ئەوەیە بە تەواوی پەیوەندی نێوان دوو زمان هێشتا نەسەلمێنراوە.[٧٧]

ئەم کۆمەڵە زمانانە هەن:

١. کۆمەڵە زمانی ئەوروپاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکو:

ـ خێزانی زمانی هندۆ ئاری (زمانی کوردی لە ناو ئەم کۆمەڵە و خێزانە زمانە دایە)

ـ خێزانە زمانی حامی ـ سامی

ـ زمانی سۆمەری.

ـ خێزانی زمانی فنلەندی ـ ئورگری.

ـ خیزانی ئالتایی.

ـ خێزانی قەفقازی باکووری و باشووری.

٢. خێزانی زمانەکانی ئاسیا (خێزانی زمانە ئاسیاییەکان)

ـ خێزانی زمانی چینی ـ تبتی

ـ خێزانی زمانی تایلەندی

ـ خیزانی زمانی مون ـ خومر

ـ خێزانی زمانی دراڤیدی

ـ خێزانی زمانی مالایایی ـ پولینزیایی

ـ زمانەکانی ئوسترالیایی و پاپۆیی.

ـ زمانەکانی ئاسیای کۆن.

٣. خێزانی زمانی ئەفەریقیا:

ـ خێزانی نایجیریا ـ کۆنگۆیی خویسان

٤. خێزانی زمانی کیشوری ئەمەریکا:

ـ زمانی هیندییە سوورەکانی ئەمەریکای باکووری.

ـ خێزانی زمانی ئەسکیمۆ ـ ئالۆت و ئەتاباسکی

ـ خێزانی زمانی کانگی

ـ خێزانی  ئیرو کۆیی و ماسکوگی
ـ خێزانی زمانی سویی و ئۆتۆ ـ ئەزتەك.

## دابەشكردنی زمانەكانی جیهان بەپێی شوێنی جوگرافی [78]

زمانناسی وا هەیە زمانەكانی دنیا بە پێی شوێنی ئێستایان دیاری دەكەن. بەڵام ئەم جۆرە بۆ دیاریكردنی بەشە جیاجیاكانی ناوچە جوگرافییەكانی دنیای ئەمڕۆ دەبێتە دەرك كردنی  ناتەواو و كاری پێ نە گەیشتو بەڵێكۆڵینەوەكانەوە دیار دەبێت. لە هەموو وڵاتانی دەوروبەری ڕۆژئاوای گۆی زەوی، بەتایبەتی لە كیشوەری ئەمریكا زۆرترین ژمارەی خەڵك بە كۆمەڵەی هندۆ ئاری قسەدەكەن. كۆچكردنی خەڵك بەدرێژایی مێژوو بۆ ناوچەی زمانەكانە بەڵگەی روونی ئەم بۆچوونە بەكارهێنانی جۆراو جۆر پرش و بڵاوی زمانەكانییەتی. لە ئوستڕالیاوە هەتا ئەوروپا، یا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ئەمرۆ ناوچەی بەكارهێنانی زمانە هیندۆ ئاری، سامی و توركییە.

بەم پێیە ناوچەی شوێنی زمان دیاردەكرێت و بەهۆیەوە تازەترین جونكردنی زمانەكانی دنیا لە رووی شوێنی جوگرافییەوە، واتە بەپێی بوونی زمانی هەركێشوەرێك لە ئاسیا، ئەوروپا، ئەفەریقیا، ئۆقیانووس، ئەمەریكا،[79] لە خوارەوە ڕووندەكەینەوە:

لە:

١.  **ئەوروپا:** ١ـ١ زمانی هندۆ ئاری

١ـ زمانی جەرمەنی ٢ـ زمانی سەڵتی  ٣ـ زمانی ڕۆمیایی ٤ـ زمانانی سلاڤی ٥ـ هەندێ تر لە زمانانی هندو ئاریایی لە ئەوروپا  ٦ـ زمانانی هیندۆ ئەوروپایی غەیرە ئەوروپایی لە ئەوروپا وەكو:

١ـ ٢ـ زمانانی ئۆرالی
١ـ٣ـ زمانانی باسكی
١ـ٤ـ زمانانی قەفقازی



١ـ٥ـ زمانانی غیرە هیندو ئەوروپایی  لە ئەوروپا وەكو: (تەتەری ، چەواشی ـ مەگۆلی ـ قۆزاقی ـ (كازاكی)، ئازەری، ئازربایجانی، ماڵتی).

٢.  **ئاسیا:** ٢ـ ١ـ  زمانی ئۆرالی .
٢ـ٢ـ زمانی ئالتایی.
٢ـ ٣ ـ زمانی سیبریایی.
٢ـ٤ـ  زمانی ئەفرۆ ئاسیایی.
٢ـ٥ـ  زمانی هیندۆ ئاریایی (زمانی كوردی لێرەدایە).
٢ـ٦ـ  زمانییەكانەی (سەربەخۆ ) باشووری ئاسیا.
٢ـ٧ـ  زمانی دراڤیدی.
٢ـ٨ـ  زمانی ئوستر ئاسیایی (ئەسترۆ ئاسیایی).
٢ـ٩ـ  زمانی میائو ـ یائو.
٢ـ١٠ـ  زمانی چینی ـ تبتی.
٢ـ١١ـ  زمانی كام ـ تایی.
٢ـ١٢ـ  زمانی ژاپۆنی و كۆریایی.
٢ـ١٣ـ  زمانی ئەستراندۆ نزیایی.

**ئەفەریقیا:**

**٣ـ  ١ـ زمانەكانی ئەفرۆ ئاسیایی**
**٣ـ١ـ١ـ زمانەكانی سامی**
**٣ـ١ـ٢ـ زمانەكانی بەربەری**
**٣ـ١ـ٣ـ زمانی كوشی**
**٣ـ١ـ٤ـ زمانەكانی چادی**

٣ـ٢  زمانانی نیلی بیابانی

٣ـ٣  زمانانی نایجەر ـ کوردڤان
٣ـ٤  زمانانی خوئیسانی (خوییسانی)
٣ـ٥  زمانانی هندۆ ئاری
٣ـ٦  زمانانی ئاستراندۆ نزیایی


٣.  ئۆقیانووسی :
٤ـ ١ زمانەکانی ئاستراندۆ نزیایی
٤ ـ٢ زمانەکانی پاپوان
٤ـ٣ زمانە رەسەنەکانی ئوستراليا
٤.  ئەمەریکا :
٥ـ١ زمانەکانی هیندۆ ئاریایی
٥ـ٢ زمانە رەسەنەکان

## شوێنی زمانی کوردی بەپێی کیشوەرەکانی دنیا


زمانی کوردی لە ناو هەموو ئەم جۆرە دابەشکردنانەدا دەکەوێتە ناو کۆمەڵەی زمانە هیندۆ ئارییەکانەوە لە بەشی خێزانە زمانی ئێرانیدایە و بەپێی شوێنی جوگرافی قسەکردنی زمانەکانیش لە کیشوەرەکانی دنیادا دەکەوێتە (بەشی زمانەکانی کیشوەری ئاسیاوە لە ناو کۆمەڵەی هیندۆ ئاریدا لە خێزانی زمانە ئێرانییەکان لە باشووری رۆژئاوای کیشوەری ئاسیادایە).



زمانە ئۆقیانووسییەکان



**دابەشکردنێکی تری زمانی ئاستراندو نزیایی**






## زمانەکانی ئۆقیانووسی

لە کیشوەری ئۆقیانووسی چەند زمانێك هەن کە قسەکەری رەسەنیان هەیەو بەزمانە ئاستراندو نزیاییەکان دەژمێردرێن[٨٠] وەکو ئەم زمانانە:

١. گینیەی نوێ : تەنها لەدەوروبەری کەناری (ئش) زمانەکانی خێزانی ئەستراندۆ نزیایی بەکاردێت.

٢. لە ئوستراليا بەڵگە و نووسراوی سەربە حکومەت بە زمانی ئینگلیزی بەکاردێت و وەکو زمانی فەرمی قەبوڵ کراوە و بەکاردێت.

٣. هاوایی: لە دەوروبەری رۆژهەڵاتی ئۆقیانووسی ئارام قسەی پێدەکرێت زمانی فەرمیش زمانی ویلایەتێکی ئەمریکی ئینگلیزییە.

٤. فرانسە: زمانی زۆربەیە لە کالدۆنیای نوێ.

٥. توك پیسین: زمانێکی ئاوێتەیە بنەماکانی لەسەر زمانی ئینگلیزییە و لە گینەی نۆی سوودی وەرگرتووە.

## زمانەکانی ئەفرۆ ئاسیاوی

خێزانە زمانی ئەفرۆ ئاسیاوی بەشی سەرەکی لە دەوروبەری باکوور و بیابانی ئەفەریقیای گرتۆتەوەو تادەوربەری رۆژهەڵاتی شاخی ئەفەریقیا (القّرن الأفریقی ) بڵاو بۆتەوە.

زمانەکانی ئەم خێزانە لە سەرەکیترین زمانەکانی دەوروبەری باشووری رۆژئاوای ئاسیاشن ئەم خێزانە پێنج لقە زمانی بنەرەتی وەکو: سامی، میسری، بەربەری، کوشی و چادی هەیە. (پێشووتر رونکراوەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە شوێنی جوگرافیش زمانەکانی جیهانیمان دیاریکرد بەکورتی روونکرایەوە) زمانی ئامۆتی بەکۆشی رۆژئاوایش ناودەبرێت لقێکە لەم زمانانە. زمانی میسری کۆن و لە سەردەمی ناوەندا بە زمانی قبتی گۆراوە تا سەدەی شانزە بەردەوامی هەبووە[٨١]

## زمانەکانی ئەستراند و نزیایی

ئەم خێزانە زمانە بەزۆری قسە پێکەرانی لە ئەندەنوزیا، فلیپین و مالیزیا گرد بوونەتەوە. ئەم زمانانەن: مالایی: لەم ڕۆژگار و سەردەمەدا بەزۆری بەدوو ناوی وەکو باهاسای مالیزیایی یابە باهاسای ئەندۆنزیایی ناودەبرێ و بەزمانی فەرمی مالیزی و ئەندۆنیزی دەژمێردرێت. ئەم زمانە لە برۆنیش زمانی فەرمییە و یەکێکە لە زمانە فەرمییەکانی سەنگافورەش ۲۰ ملیۆن قسەکەری هەیە. ئەم زمانانە لەم خێزانەدا هەن: جاوەیی، وندایی، مادوری، میانگ کاباو، بالینی، بوگی نی، ماکاساری، ئاچینی، توباباتك، ساساك، لامپونگ، دایاگ، تاگالۆگ لە فلیپینە ۱۰ ملیۆن قسەکەری هەیە و بەزمانی دووەم دێت. هەموو زمانەکانی ئەستراندۆ نیزیای فلیپینی بریتییە لە: کبوئانو هەژدەملیۆن قسەکەری هەیە.

ئیلوکانۆ: پێنج ملیۆن قسەکەر، زمانی هیلی گانیون چوار ملیۆن بەکاری دەهێنێ.

بێکۆڵ: سی ملیۆن قسەی پێدەکات.

ساماری لیتە یا وارای وارای : دووتا سێ ملیۆن پێیدەدوێن.

کاپام پانگان: یەك ملیۆن و نیو قسەی پێدەکات.

پانگاسینان: دەوری یەك ملێۆن قسەکەری هەیە.[٨٢] ئەم کۆمەڵە زمانانە سەر بەکۆمەڵە زمانای ئاسیاوین لە رووی شوێنی جوگرافی و بەکارهێنانەوە.

**زمانی ژاپۆنی و کۆریایی:** نموونەی زمانە تاکەکان، واتە لە زمانە برگەییەکانن، چەنکە زۆربەی مۆرفیمەکانیان برگەیین. ئەم دووزمانە لەگەڵ هیچ زمانێکدا ئالتایی هەیە. زمانی ژاپۆنی دەوری (۱۵۰) ملێۆن کەس قسەی پێدەکات و بەزۆری لە کۆریا قسەی پێدەکەن. بەزمانێکی ئاسیاوی دادەنرێت.

**زمانەکانی سیبریایی:** لە دەوروبەری ئاسیا بەکاردەهێنرێت بە خێزانی هیندۆ ئەوروپایی، ئۆرالی یائالتایی ناژمێردرێت بە سیبریایی یاسەیبریایی کۆن ناودەبرێت. لەم زمانانە پێکهاتووە.



**زمانی کەت Ket:** یەکێکە لەو زمانانەی کە لە کەناری رووباری (یەنی سی) بەکاردێت لە زمانە تاکەکانە(برگەیی) تائێستا زمانناسەکان نەیانتوانیوە خزمایەتی بۆ ئەم زمانانە بسەلمێنن.

**زمانی یوکاقیر:** یەکێکە لەو زمانانەی کە لەناوچەی باکووری ڕۆژئاوای سەیبریا بەکاردێت هەندێك باوەڕیان وایە کە ئەمانە لەگەڵ زمانی ئۆراڵی هاو خێزانین.

**زمانی نیوخ:** لە سەرچاوەی رووباری ئامورو دوورگەی ساخالین بەکاردێت بەلای زۆر لە زمانناسەکانەوە نموونەی زمانە برگەییەکانە.

**زمانی ئاینو:** لە دوورگەی هۆکایدۆی ژاپۆن قسەکەری هەیە و باوەڕی هەندێك لێکۆڵەر وایە، کە یەکێکە لەزمانەکانی ئالتایی.

**زمانای چوکوتکو - کامچاتکایی:** لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی دەوروبەری سەیبریا قسەکەری هەیە. بەزمانی ئورسیایی(ئەوروپا و ئاسیا) دادەنرێت کە وەکو زمانەکانی(ئەسکیمۆ- ئالئوتی)یە.

ئەم زمانە یەکێکە لە لقەکانی زمانی ئورئاسیایی وەکو زمانەکانی ئەسکیمۆکانی دەوروبەری جەمسەری (قطب) باکووری سەیبریا و تا هەندێك لە هۆزەکانی ئەسکیمۆی باکووری کیشوەری ئەمریکایە[٨٣] **بەزمانێکی ئاسیاوی دەژمێرێ.**

**زمانەکانی میائو - یائو:** لە رووی شیوێنی جوگرافی بەکارهێنانیەوە سەر بەکۆمەڵە زمانی ئاسیاوییە. ئەم زمانانە بە هەمونگ - مین ناودەبرێت، ناوچەیەك دەگرێتەوە لە باشووری چینەوە تارێگای ولاتانی باشووری ئەم دەوروبەرە شۆردەبێتەوە.

**میائو:** ئەم زمانە زۆرتر بەناوی هەمونگ ناسراوە پێنج ملیۆن کەس قسەی پێدەکات .

**یائو- یامین:** ئەم دوو زمانە زۆرتر خێزانە زمانیان هەیە، هەر چەندە جێگای قەبوڵکردن نیش نییە، هەندێك لە زمانناسەکان هەوڵی ئەوەیانە تا ئەوە بسەلمێنن کە ئەم زمانانە لەگەڵ کۆمەڵە زمانی چینی ـ تبتی و ئاستریك هاوخێزانن[٨٤].

## زمانە ڕەسەنەکانی ئوسترالیا

لە کاتی بەیەك گەیشتنی ئەوروپاییەکان بە خەڵکی ڕەسەنی ئەم ناوچەیە، لە ٢٠٠ساڵی پێش ئێستا نزیکەی (٢٠٠) دووسەد زمانی جیاواز لە ئوسترالیا و دوورگەکانی نزیك بەو قسەی پێدەکەن ، ئەمەش ئێستا نیوەی ئەو زمانانە یا چارەکی ئەو ژمارەیە مابێتەوە. ئەم زمانانەی هەیە:

**زمانی تی وی Tiwi**: لە کەناری باکووری ئوسترالیایە.

**زمانی جینگیلی** : لە دەوروبەری ناوەندی ناوچەی باکووری ئوسترالیا جیابۆتەوە.

ژمارەی قسە پێکەرانی زمانە ئوسترالیاییەکان کەمەو دەگاتە دەوری دوو هەزار کەس تێپەرناکات. لەم ناوەندەدا زمانی ئاوێتەش بوونی هەیە، کە بەزمانی دایکی گۆڕاون وەکو ڕۆپەر ریۆرکریۆل کە بە دەوری (١٠) هەزار قسەکەری خەڵکی ڕەسەنی هەیە و وەکو زمانی دووەم سوودی لێ وەردەگیرێت[٨٥].

جۆرە زمانێك هەیە بەناوی زمانی پێجین و کریۆل زمانی ئاوێتەشی پێدەوترێت کە لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی دووزمانەوە پەیدادەبێت لە سەرچاوە زمانییە کوردییەکاندا تائێستا باس نەکراوە بۆیە پێویستە روونکردنەوە لە بارەیەوە بکەین[٨٦].

## زمانی پیێجین و کریۆڵ

زمانێکە پیکهاتەی دەستووری وشەکانی و ژمارەی شێوەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو کورت بۆتەوە. مێژووی پەیدابووی ئەم زمانە لە راستیدا نوێیە و زمانی ڕەسەنی هێچ کەسێك نییە[٨٧]. لە ئەنجامی پێوستی ژیان پەیوەندی لەگەڵ میللەتانی زمان جیاواز و بە هۆی تێنەگەیشتنیانەوە لە یەکتری زمانی سێیەم لە ئەنجامی زمانی یەکەم و دووەمە پەیدابووە کە پێی دەوترێت پێجین pidjin وکریول .

واتە کاتێك ئەم زمانە هاتۆتە کایەوەو پەیدابووە خەڵکی ژینگەی ئەو شوێنە باشتر خەڵکی ئەو دوو کۆمەڵەی ئەویٚ لە زمانی یەکتری تیٚ نەگەیشتوونە، هەوڵیان داوە لەگەڵە یەکتری پەیوەندی پەیدابکەن و لەمەوە زمانی پیٚچین پێکهاتووە. لێرەدا



ئەوەی سەرنجڕاکێشە خواستی پەیوەندییەکان بۆتە هۆی بە ئەنجام هێنانی زمانە. لەگەڵ هۆیەکی تری فراوانبوونی داواکاری و خواستە ئیمپریالییەکان و ڕەنگدانەوەی سەردەمانی ئیستعمارییە، لێرەدا دوو ڕووداوی مێژووی بۆتە هۆی هاتنەکایەی ئەم زمانە بە نموونە دەهێنەوە. لە دوای هێرشی ڕۆمییەکان بۆ سەر خاکی گول، واتە شوێنی باپیرانی فەرەنساییەکانی ئەم گولانە هەوڵیان داوە لەگەڵ داگیرکەرە ڕۆمییەکانی سەر خاکی خۆیان بەزمانی لاتینی قسە بکەن. لە کاتێکدا زمانی خێزانی ئەم ژینگە یە بەزمانی گوڵی قسەیان کردووە بەم شێوەیە لە زمانی ناو خێزان و زمانی پەیوەندی کردنەوە، واتە (لە زمانی گول و زمانی لاتینییەوە) زمانی فەرەنساییان لەو کاتەدا هێنایەکایەوە کە زمانێکی ئاوێتەیە پێجین بووە[٨٨].

ئەمجا زاراوەی پیجێن، گریول یا زمانی ئاوێتەشی بۆ بەکاردەهێنرێت. ئەمەی دواییان لە ئاوێتە کردنی دوو زمانەوە سەرچاوەی گرتووە. لەمەوە لە ناو خێزانیشدا لە شوێن زمانی گولی و لاتینی بە زمانی فەرەنسایی قسەیانکردووە.

ڕووداوی دووەم لە سەردەمی حەڤدەهەمدا بووە، یەکێك لە زمانی دیارەکانی پێجین کە زمانی بیسلامارە لایەن خەڵکی نوێی ((وانواتو)) وە، لە دوورگەی خاوەنی (١٠٥) سەدوپێنج زمانی جۆراو جۆرن. لەبەر ئەوەی نەیان دەتوانی بەو زمانە جۆراو جۆرانەوە لە یەکتری بگەن و پەیوەندی ببەستن، لە ئەنجامدا زمانێکی پێجین بەناو بیسلامار بوو بە زمانی ئەو دوو ڕەگەیە.

وشەی بیسلامار ڕەگەکەی لە وشەی Bichelumarواتە Bichodomar وشەکەی بە واتای (کرمی دەریایی، خەیاری دەریایی) دێت بە زمانی پورتوگالییە. ئەم گیان لەبەرە بەسزمانە خواردنێکی خۆشی چینیەکان بووە، لە سەدەی (١٧ز) دا وەکو کالآیەکی سەرەکی بازرگانی لە ئۆقیانووسی ئارام چالاکی ئابووری و بازرگانی پێوەکراوە لە ناوی ئەم گیان لەبەرەوە کە دەکاتە هۆی ئابووری و یەکێکە لەو هۆیانەی کە زمانی فەرمی {دەوڵەتی ـ زمانی نووسین، زمانی نەتەوەیی} دەهێنێنە کایەوە. دیارە ئەو بازرگانییە بەو جۆرە کرمەوە بۆتە هۆی پەیدابوونی زمانێکی هاوبەشی

نێوان خەڵکی دوورگەی ئەو ناوچەیە، هەرچەندە زمانی پیجین لە ساڵی ١٨٦٠ز پەرەی سەند[٨٩].

زۆر لە زمانە پیجینەکان لەسەر بنەمای زمانەکانی ئەوروپاییە، کە ڕەنگدانەوەی سەردەمی ئیمپریالییەتە لەسەردەمی فراوانبوونی داواکاری ئابوورییە و بە زمانێکی بازرگانی ناودەنێن بە زۆری لە دەوروبەری ناوچەی بە یەککەیشتنی زمانەکان لە ئەفەریقا ، ئاسیای باشوور ڕۆژهەڵات و ئەمەریکای باشوور زمانی پیجین بوونی هەیە. ئەم جۆرە زمانە وەکو زمانێکی یاریدەدەر هێناویانەتە کایەوە، خەڵکی کۆمەڵی ئیش و کار لەسەر ئەوەن لە ئەنجامدا زمانێکی فەرمی پێگەی هەبێ وەکو زمانی (Tok pisin) توك پیسین.

بەم شێوەیە شوێنی زمانی پیجین فراوانبووە[٩٠].

زمانی پیجین (زمانی کریۆل ـ زمانی ئاوێتە) ئەم زمانانە دەگرێتەوە : بیسلاما (بیسلامار)، کامیرۆن، کریۆل، لیبریا، مۆنۆگینیس، مۆتۆ، سانگۆ، زامبیا.

**جونکردنی زمان لەڕووی وشەسازییەوە**

دوای خستنەڕووی جۆری زمانەکان بنچینەو جۆری زمانەکان لەڕووی بنچینەو ڕەگەز و جیاوازی ڕێزمانییەوە شلیگەل لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەپێی پەرەسەندن و گەشەکردنی زمانەوە بەسەر سێ جۆرە زمانی جیاوازدا جونکردووە(تصنیف). هەر جۆرە لەڕووی پلەی پێشکەوتنی خەڵکەکەیەوە جیاوازە لەوی تر و هەر جۆرەی قۆناغێك دەنوێنێ لەو قۆناغانەی کە زمانی مرۆڤ پێیدا پەرەدەسێنێ.

دەربارەی جونکردنی زمان لەدوا چارەکی سەدەی نۆزدەهەمدا کە محازەراتەکانی بۆدوان کۆرتەنی ((دەربارەی ئەرکی زانستی زمان)) و لە وتارێکی تر بەزمانی ڕوسی دەربارەی تایبەتێتی تێکەڵاوی لە هەموو زمانێك)) داو لە بنەڕەتدا زنجیرەیەك محازەرەی دەربارەی ڕێزمانی بەراورد بڵاوکردەوە. کە لە تیایدا باسی لە جونکردنی زمانەکانی کردووە.[٩١]

جونکردنی زمان بەپێی بنای وشەسازی و ڕستەسازی بەم جۆرە دیاری کردووە.



١. **زمانەلکاوەکان:** agglutinative Language

وشە لەم جۆرە زمانانەدا هەمیشە بابەتی بنەڕەتی زمانەو واتای دووەمی کە بۆی زیاد دەکرێت بە هۆی گیرەکەوە نابێتە هۆی گۆڕانی شێوەی بنەڕەتی وشە[٩٢] هەر وشەیەك لەم جۆرە زمانەدا بەزۆری لە چەند شێوەیەك (مۆرفێك) پێکهاتووە و هەر شێوەیەکی مۆرفێمێك دەنوێنێ. ئەم جۆرە زمانە پاشگر و پێشگر بەکاردەهێنێت و بەڕیز دەچێتە سەر ڕەگ و واتا دەگۆڕێت [٩٣] وەکو زمانە ئۆرالییەکان (تورکی، مەنگۆلی، مەنشوری)، یابانی، زمانی باسك و کوردی، نموونە:

لولمدا، شول لێهەڵکێشان: لە زنجیرە مۆرفیمێك پێکهاتووە، لە ئەنجامی پەیوەندییەکان بەیەکترەوە بەپێی سیستەمی زمانەکە چوونەتە پاڵ یەکتر بەم شێوەیە:

لول: مۆرفیمێکە وشەی پێکهێناوە.

دا: مۆرفیمێکە وشەی پێکهێناوە.

شول، لێ، هەڵ، کێشان، پێنج مۆرفە، هەر مۆرفێکی مۆرفیمێکە (م سەربەخۆ+ م بەند+ م+ بەند+ م سەربەخۆ+ م بەند) زۆربەی وشەکانی ئەم جۆرە زمانە بەم شێوەیەن.

**تایبەتێتی زمانی لکاو:**

١ . وشەکانی لە مۆرفیم پێکهاتوون، هەر وشەیەکی مۆرفێمك پێکدێنێ.

٢ . مۆرفیمەکانی دەلکێن بەیەکترەوە بەدوای یەکدا ریزدەکرێن.

٣ . لەم جۆرە زمانەشدا نموونەی وشەی جۆرەکانی تری زمان وەکو زمانی سەربەخۆ و لکاوەکان هەن. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا وشە و ئامرازی(ئەگەر، تا، چونکە، هێشتا،...) وشەی زمانە سەربەخۆکانن. ئەم وشانە هیچ مۆرفێمێکی تر ناگرنە خۆیان. نموونەیەکی کەمیش لە وشەکانی کوردی بەر زمانە گەردانییەکان دەکەون، چونکە هیچ زمانێك بەتەواوی وشەکانی بەریەکێك لەم جۆرانە ناکەون.

٤ . لە زمانە لکاوەکاندا گیرەك هیچ گۆڕارنێك لەسەر ڕەگی وشە لە رووی گۆڕانی حاڵەت و گەردانییەوە ناکات، ئەمەش پێچەوانەی زمانە لکاوەکانە، وەکو

ئەوروپاییەکان بەتایبەتی فەڕەنسایی، پاشگری گەردانی فرمان، گۆڕان دەهێنێتکایەوە، چونکە حاڵەتی جیاوازو نۆی دەدات بەفرمانەکە.[٩٤]

### ٢. زمانی سەربەخۆ isolating language

زمانێکە پێکهاتەی تایبەتی خۆی هەیە، بڕگە لەم جۆرە زمانانەدا بنەمایە، هەر بڕگەیەك یەك مۆرفیمە، واتە هەر مۆرفیمێك لە یەك بڕگە پێکهاتووە و بڕگە هەموو کاتێك جێگیرە (نەجولاوە) شێوەیان بە هۆی دەوری جیاوازی گۆرانی دەستوورییەوە ناگۆریت. بەڵکو تەنها لەریزکردنی (ڕێکخستنی) هاونشینی مۆرفیمەکانەوە لەسەر زنجیرەی قسەکردن ئەتوانرێ پەی بەجۆری گەردانی(صرفی) ئەوان ببرێ [٩٥].

هەموو وشەیەکی مۆرفیمێك پێکدێنێ، وشەکانی لە شێوەی مۆرفیمی بەندان، ڕەگی وشەکانی گیرەك وەرناگرن و[٩٦] بەتەنها واتا بەخش نین. سەربەخۆیی زمان ڕادەی خۆی هەیەو هیچ زمانێك نییە بەتەواوی سەربەخۆ بێت.

ئەم جۆرە زمانانە ڕێکەوتنی تەواویان نییەو هیچ جۆرە هاوبەشی و پەیوەندی خزمایەی بەدنیای هاوبەش لەگەڵ زمانەکانی تردا نییە.[٩٧] ، ئەم زمانانە بە بەشێکی زمانی تاك دەژمێردرێن.

نموونەی ئەم زمانانە وەك زمانی: چینی، ڤێتنامی، تبتی، سیامی، بۆرمی، مالایی، پۆلینزیایی زمانناسان ئەم زمانانە دەبەستن بەیەکترەوە و ناونیشانیان بۆ دادەنێن، چونکە لەیەك ناوچە و کیشوەر هەندێك لەم زمانانە بەکاردێت، وەکو لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، سەرخاکی هیند، ئەفەریقیای ناوەندی و باشووری و لەناو ئەمەریکاییە ڕەسەنەکانی کە بەزمانی تاك دادەنرێن. جیاوازی بیرو بۆ چوون لە ناو زانایانی زمانناس بۆ جونکردنی زمان هەیە[٩٨] کۆمەڵە زمانێکی گەورەیە، لە دوای زمانە ئارییەکانەوە (هیندۆ ئاری) دێت و نیوەی خەڵکی جیهان قسەی پێدەکەن.



### تایبەتێتی زمانە سەربەخۆکان

١. وشەکانی لە رووی واتاوە بەتەنها سەربەخۆنین و لە شێوەی مۆرفیمی بەندن.

٢. لە ئەنجامی ڕێزکردنی مۆرفیمەکانی بەدوای یەکدا واتایان دەردەکەوێت.

٣. وشەکانی مۆرفیمی تر ناگرنە خۆیان.

٤. سەربەخۆیی خۆیان دەپارێزن و وەکو وشە بەکاردەهێنرێن.

٥. بەپێچەوانەی زمانەکانی ترەوە، گیرەك لەم جۆرە زمارانە نییە.

٦. زمانی واهەیە، لێرەدا نموونەی هەندێك وشەی لە جۆرەکانی ترە وەك زمانی ئینگلیزی و هەر وشەیەکی لە زمانی کوریدا: چەم، بەرد، کاوە.

٧. ئەم جۆرە زمانە(زمانی یەك بڕگەیی) شیان پێ دەوترێت. ئەم تایبەتێتییەکی هاوبەشی زمانە سەربەخۆو ئاوازەدارەکانی ئاسیایەکە بوونی یەك بڕگەییە، زمای پچڕپچڕیانیش پێدەڵێن.[٩٩].

٨. ئەم جۆرە زمانانە بە شێوەیەکی ناشایستە بەشیکردنەوەی بڕگەییەوە بەستراوان و ناگۆڕێن.

### زمانی گەردانی ـ زمانی ئەرکی inflected language

هەندێك وشە لەم جۆرە زمانانەدا بۆ گەیاندنی واتای لابەلایی و لاوەکی شێوەیان دەگۆڕێت.

ئەم جۆرە زمانە وشەکانی بە شێوەیەکی نایاسایی نەچەسپاو دابەش دەبێت بۆ مۆرفیمەکان. پەیوەندی ڕێزمانی نێوان وشەکانی ڕستە لەم جۆرە زمانانەدا بەپێی دۆخەکان دەردەکەون [١٠٠] وەکو زمانی لاتینی و یۆنانی.

### تاییبەتێتی زمانی گەردانی

١. بەزۆری گیرەکی ڕێزمانی (ئەرکی) وەردەگرێت بۆ دەربڕینی دۆخی ڕێزمانی.

٢. لەزمانە گەردانییەکاندا وشە بوونی تایبەتی هەیە کە واتای جیاواز و سەربەخۆیان نییە.

٣. ئەركی وشەی ئەم زمانە گەردانییانە بە هۆی پیتەكانەوە دەبێت كە نیشاندانی تێگەی (مفهوم) لابە لایی و پەیوەندی تایبەتی نێوان وشە بنەڕەتییەكانە[١٠١].

←

٤. زمانی ناواخنكراو 1n corporating Language

جۆرە زمانێكە، پەیوەندی ڕێزمانی بە هۆی مۆرفیمە بەندەكانەوە دەردەكەوێت و تێكەڵ بەیەك دەبن و وشەیەك پێكدێنی كە واتای ڕێزمانی دەگەیەنێت[١٠٢]. وەكو هەندێك وشەی زمانی كوردی لە شێوەی رستەدان. نموونە دێمە خوارەوە، لولی دەدەم.

**تایبەتێتی**

١. وشەكانی لەم جۆرە زمانە لە شێوەی رستەدان .

٢. پەیوەندی ڕێزمانی بە هۆی مۆرفیمە بەندەكانەوە پێكدێت.

٣. مۆرفیمەكانی تێكەڵ بەیەكتردەبن دوای كورتبوونەوەیان وەك لەم نموونانەی زمانی كوردیدا:

ب: بمینووسیایە نیشانەی مەرجییە

م: راناوی لكاوە / بەر كارە

ی: راناوی لكاوە /بكەرە

ایە : پاشكۆی نیشانەی مەرجییە بۆ رابردوو(كە ژمارەیەك مۆرفیمی ئاخنیوەتە خۆی بۆ ئەركی جیا جیا) نموونە: بهاتمایە، گەیشتبم.

**٥ـ زمانی ناوگری** Infixing Ianguage

مەبەست لەو جۆرە زمانانەیە، كە گیرەكی ناوگری رەگی وشەكانی دەسمێت و وشەی نوێی لێ دادەرێژرێت و گیرەك پەیوەندییە ڕێزمانییەكان دیاری دەكات [١٠٣] وەك زمانی عەرەبی، عیبری، لاتینی، گریكی ...هتد. نموونە: عَلِمْنا {علم: وشە، ناوگر رەگی وشەكەی سمیوە، نا: مۆرفیمە، ذاهب {ذهب: وشە (فرمانە، ا: ناو گری رەگی سمیوە ناوی بكەری پێكهێناوە.



ذهب: رەگی وشەكەیە، وشەیتری لێوە پێكدێت وەك: ذاهِب، مَذْاهَبْ ، یَذهَبُ، ذهاب... .

قَرأ ◄—— قارئ (مۆرفیمی (١) ڕەگی (قرأ)ی برپوە ناوی بكەری پێكهیناوە) مۆرفیمی ناوی بكەر بەزۆر شوێنەكەی لە نێوان پیتی یەكەم و دووەمی فرمانەكەیە.

قُرِئَ: مۆرفیمی بۆر و ژیر لەسەر پیتی یەكەم و دووەمی ڕەگی وشەكە فرمانی بكەر نادیاری پێكهاتووە.

مَقْرُؤ: ناوی بەركارە بەزەنەو (سكون) سەر دەنگی (ق) و بۆری سەر(ر)ی وشەكە پێكهاتووە.

یَقْرَأ: فرمانی ڕانەبردووە دیسان نیشانەی سەر پیتی یەكەم بە(زەنە) و پیتی دووەم بە(سەر) گۆڕا. بەم نموونانە دەردەكەوێت كە بە هۆی سمینی پیتی یەكەم و دووەمی رەگەوە وشەی نۆی پێكهاتووە.

## شوێنی زمانی كوردی لە رووی ژمارەی دەنگەكانییەوە لەناو زمانەكاندا

هەموو زمانێك بەچەند دەنگێك دەردەبڕێت، دەنگ بناغەی سەرەكی زمانە، قسەكردن خۆی بریتییە لە دەربڕینی دەنگ، دەكرێت بوترێت دەنگ كەرەسەی خاوی زمانە، بەلێكدانیان قسەكردن پێكدێنیت، بیردۆزێك هەیە بەناوی بیردۆزی پوو pooh theory ـ pooh بەوەی زمان لە بنەڕتدا لە دەنگی سەیر و هەڵچوونی مرۆڤی سەرەتاییەوە پەیدابووە[١٠٤] لێكدان و دووبارەكردنەوەیان زمانە پێكدەهێنێ.

ئێمە لێرەدا ناچینە ناو باسی زمان پەیدابوون و دەنگەوە، ئەوەی گرنگە لێرەدا بوترێت ئەو هەموو زمانە زۆر و جۆراو جۆرەی كۆمەڵی مرۆڤایەتی هەموو بە هۆی دەنگەوە دەردەبڕێت و بە هۆی دەنگیشەوەیە پێكهاتووە. لێرەوە بكرێت كە دەچێتە ڕیزی زمانە(٣٦) دەنگییەكانەوە. هەرچەندە لەم رووەوە بۆچوونێك هەیە دەربارەی دیاریكردن و وەسفكردنی تەواوی دەنگەكانی زمانی كۆمەڵەی مرۆڤایەتی، بەوەی

ژمارەی دیاری کاوی دەنگەکانی زمان ئەشێ بوونی ئەو دەنگە دیاری کراوانە لە (٣٥) دەنگە زیاتر نەبن، ئەوەش دیاریکردنێکی جیهانییە.[١٠٥]

ئەوەی لێرەدا گرنگە زمانی کورد لە رووی دیاریکردنی ژمارەی ئەو دەگانەی کە زمانەکەی پێکدەهێنێت بریتییە لە ٣٦ دەنگ و لەم رووەوەو شوێنی زمانی کوردی لە ناو زمانە ٣٦ فۆنیمێکانە.

لێرەدا پێویستە دەنگەکانی کوردی بۆ سەلماندن دیاری بکەین:

دەنگە بزوێنەکان: (i) بزرۆکە، ە، ا، و، ۆ، وو، ی، ێ.

دەنگە نەبزوێنەکانی: ب، پ، ، ت، ج، چ، خ، د، ڕ، ر، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ك، گ، ل، ڵ، م، ن، و، هـ، ی، ء (همزة).

ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێت بەزۆری زمانەوانە کوردییەکان دان بەبوونی هەمزە(ء) وەکو فۆنیم لە زمانی کوردیدا نانێن. بەڵام لەڕاستیدا دەنگێکە وەکو فۆنیمیش دەردەکەوێت لەم نموونانەدا:

ئەز، رەز، بەز

نەء ، نەو. بەڵام جێگای سەرنجە لە کوردیدا ئەم دەنگەیە ناوەڕاستی وشەوە نایەت، ئەمەش تایبەتێتی زمانی کوردی پیشان دەدات، دەنگی تریش هەیە لە شوێنی ترەوە نایەت وەکو: دەنگی(ر) سووك و (ڵ) قەڵۆیش..هتد، کەواتە دەنگەکانی زمانی کوردی ٣٧ دەنگن.

## دیاریکردنی شوێنی زمانی کوردی
## بەپێی سیستەمی ریزکردنی بەشە بنجییەکانی ناو رستە

شوێنی زمانی کوردی بەپێی ریزکردنی بەشە بنجییەکانی ناو رستە لەبکەر، بەرکار و فرمان، واتە چۆنیەتی دەرکەوتنی کەرەسەکانی زمان، لە ناو، جێناو و فرمان. کە ئەم ئەرکانە دەبینن. دەچێتە ریزی ئەو زمانانەوە کە فەرمان یاگوزارە (پریدیکەیت ـ predicate) دەکەوێتە کۆتایی رستەوەو بەم شێوەیە ریزدەکرێن



ئەوەی ئیشوکارە جێبەجێ دەکات لە ئاخاوتندا دەکەوێتە سەرەتای قسەکردن، واتە لە زمانەوانیدا پێی دەوترێت رستە، چونکە بەشداری لە جێبەجێ کردن یا لە باسکردندا لە سەرەتاوە دێت، ئەوەشی باسی دەکرێت یائیش و کارەکەی بەسەردا هاتووە لە زنجیرەی قسەکردن و جێبەجێکردندا ژمارەی دووەمی بەردەکەوێت لە دوای بکەرو هەڵسوڕێنەری کارەکەوەیە. بەشی سێیەم و یا راگەیەنەری هەواڵە کە یاباس(گوزارە ـ هەواڵ ـ predicate) دێت ئەمەی دواوە بۆ جۆری ئەو رستانەن کە رستەی باسیان پێ دەوترێت، واتە رستەی بی کات و بێ فرمان. بەم هێڵکارییەی خوارەوە شێوەی ریزکردنی بەشە بنجییەکانی ناو رستە دیاری دەکەین و شوێنی زمانی کوردیش لە ناویاندا دەردەخەین.

**سیستەمەکانی ریزکردنیان بریتین لە شەش جۆر و بەم شێوەیەن:**

١. سیستەمی یەکەم: بکەر(ب)+ بەرکار(ك)+ فرمان(ف)= ب ك ف

أ- رستەی فرمانی: من نامە دەنووسم(بکەر، بەرکار، فرمان ) Sov.

ب- رستەی باس (بێ فرمان): من لەگەڵ تۆدا قوتابیم.

نیهاد (ن) ـ تەواوکەر (ت) باس (ب) = ن ت ب

من کوردم ، ئێمە مرۆڤین، من بەتۆوە جوانم

سیستەمی رستەی زمانی کوردی بەرستەی فرمانی و رستەی باسەوە لە ریزکردنی بەشە بنجینەییەکان وەك بکەرـ بەرکار ـ فرمان لە رستەی فرمانیداو لە رستەی باسیشدا نیهاد، تەواوکەر، گوزارە / هەواڵ (predicate) لەم جۆرە سیستەمەدایە فرمان دەکەوێتە کۆتایی رستەوە.

٢. سیستەمی دووەم: ریزکردنی بەشەکانی رستە: بکەر ـ فرمان ـ بەرکار = ب ف ك

Svo = He draws Apicture

سیستەمی ریزبوونی بەشە بنچینەکانی وەك بکەر، فرمان، بەرکار لە رستەی زمانی ئینگلیزیدا لەم جۆرەیە.

٣.  سیستەمی سێیەم: لە ریزکردنی بەشە بنچینەکانیدا بەجۆرەیە: ف ب ب
فرمان ـ بکەر ـ بەکار=  ف ب ك/ Vso
کَتَبَ محمدٌ  درسَهُ- زمانی عربی لەجۆرەیە دەنووسێت محەمەد وانەکەی نووسیەوە.

بەپێی بۆ چوونی گرنیبێرگ[106] بکەر هەمیشە لە رستەی ئاسایی هەموو زمانەکانی جیهاندا دەکەوێتە سەرەتای رستەوە، بەپێی بۆچوونەکەی ئەم بێت سێ سیستەمەکەی تری ریزکردنی بەشە بنچینەکانی رستە کە بکەر تیایدا لە سەرەتاوە دەرناکەوێت دەبێت پەیرەو نەکرێن و لە هیچ زمانێکدا نەبن، لە خوارەوە ئەم سێ سیستەمەش دیاری دەکەین:

٤.  سیستەمی چوارەم: بەرکار ـ بکەر ـ فرمان = ك ب ف/ Osv
٥.  سیستەمی پێنجەم: بەرکار ـ فرمان ـ بکەر = ك ب ف/ Ovs
٦.  سیستەمی شەشەم : فرمان ـ بەرکار ـ بکەر = ف ك ب/ Vos

لێرەدا دەردەکەوێت شوێنی زمانی کوردی لە سیستەمی ریزکردنی بەشە بنچینەکانی رستەدا لە ناو زمانەکانی جیهاندا لە سیستەمی یەکەمدایەو فرمان لە کۆتایی رستەی زمانی کوردییەوە دێت.

## پەرەسەندن و گەشەکردن لە زماندا چییە؟

بریتییە لە گۆڕان و گەشەکردنی زمان، لە ئەنجامی گۆڕانی قۆناغی مێژوودا زمانەکە پەرەدەسێنێت و زمانەکان لەیەکترەوە بەتایبەتی زمانە نزیکەکان لەیەکتر بە هۆی پەیوەندی خزمایەتی و نزیکایەتی وشە و شێواز و تەنانەت دیاردەی ڕێزمانیش لە یەکترەوە وەردەگرن.

١٠٦ ـ وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی زمانەوانی، بەرگی ١، هەولێر ٢٠٠٤، ل ٢٣٨. بەکارهێنانی وشەی (چەند) نەگونجاوە، دەبوایە (ئاسۆیەکی زمانەوانی) بێت، چونکە یەك کتێبە و ئاسۆیەك پێکدێنێ نەك چەند. پاشان نووسەر خۆی هێمای بۆ سەرچاوەکە نەکردووە، چونکە دیارکردنی ئەم سیستەمەی زمان لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەسەر زمانەکانەوە بە ئەنجام هاتووە.



ئەم وەرگرتنە نابێتە هۆی روودانی کێشەیەکی مکوم وەکو ئەوەی یەکێکیان بییەوێت زاڵ ببێت بەسەر ئەویتردا.[107].


زمانی کوردی لە رووی پەرەسەندن و گەشەو گۆڕانەوە، لە مێژووی دوورو درێژیدا بەسەدان وشەی لە زمانە خزم و نزیکەکانییەوە وەرگرتووەو بەهەمان شێوەش وشەی لێوە وەرگیراوە. بۆ نموونە لە ناو زمانە هاوبەشەکانی کۆمەڵەی زمانی ئاریدا دەیان وشەی فارسی، هیندی، ئەوروپایی تێکەڵ بە زمانی کوردی بووە و لەکوردیشەوە  وشە چۆتە ناو ئەو زمانانەوە، یا وشەی هاوبەشی فەرهەنگی لە نێوانیاندا زۆرە وەکو ژمارە یەك ـ ئێك، دوو ـ تو ـ دڤی، مانگ ـ مون، ستار ـ ئەستێرە ...هتد

**زمان لە ئەنجامی پەرەسەندن و گەشەکردندا دەکەوێتە بەر کاریگەری چەند هۆیەکی وەکو:**

١.  گواستنەوەی زمان لە پێشینانەوە بۆ دواتر.
٢.  کاریگەربوونی زمان بەزمانێك یا بە چەند زمانێکی ترەوە.
٣.  کاریگەری کۆمەڵایەتی و دەروونی و جوگرافی، وەك شارستانییەتی نەتەوە و سیستەم و خوورەوشت و باوەڕ و رۆشنبرێتی و لایەنی بیروباوەڕو ژینگەکەی، بەسەر پەرەسەندن و گەشەو گۆڕانییەوە، کە هەریەکەی کاریگەری خۆی هەیە لەو گەشەو گۆڕانەی زماندا[108].

زمانی کوردی لە پەرەسەندن و گەشەو گۆڕانی مێژووی خۆیدا ئەم ئەنجامانەی لێوە رەچاوکراوە:

١.  سەربەخۆیی پاراستووە.
٢.  دۆخی ڕێزمانی تایبەت بە خۆی هەیە وەکو نیشانەی کۆ، ناسراوی و نەناسراوی، کاتی بەردەوامی،...هتد
٣.  نەمانی دۆخی رەگەزی نێر و مێ لە زمانی نووسیندا (زاری کوردی ناوەڕاست) یا مانەوەی زۆر بە کەمی بۆ بانگ کردن.
٤.  بوونی فۆنیمی تایبەت بەخۆی لە رووی دەنگناسییەوە(فۆنۆلۆجی).



ئەرمەنستان
دەریای قەزوین
تورکیا
ئەرارات
ئاگری
بایەزیدی
ماکۆ
جۆمی ئاراس
ئەرزنجان
ئەرزەرۆم
دەرسیم
زازایی
کرمانجی
خەرپوت
مەلاتیە
دیاربەکر
سێرت
باتمان
بۆتانی
زاری
سەلماس
ورمێ
هەکاری
سیوەرەک
ماردین
قامشلی
جزیرە
مەرعەش
ئورفە
ئەفرین
دهۆک
بادینی
موسل
ناوەراست
زاری کوردی
سۆرانی
موکریانی
هەولێر
گەرووس
ئەردەلانی
هەورامی
سلێمانی
سنە
شوانی
کەرکوک
گۆران
کەلهوڕی
خانەقینی
گەرمیانی
کرماشانی
سەرپێل زەهاو
لەکی
ئیلام
خورەم ئاباد
فەیلی
زاری کوردی باشوری
لوڕی بچووک
هەمەدان
بروجەرد
شاری کورد
دیزفول
لوڕی گەورە
ئیران
عێراق
سوریا
دەریای ناوەند
کەنداو
شار
چیا
رووبار
شیوەزار
زار (دیالیکت)
نەخشەی
زارەکانی زمانی کوردی

**شوێنی نەخشەی کوردستان**

**ل ١٠٢-١٠٣**

## شوێنی جوگرافیی زمانی کوردی

زمانی کوردی، زمانی نەتەوەی کوردە، لە سەرانسەری خاکی وڵاتی کوردستان پێی دەدوێن و بەکاردەهێنرێت.

ئەم وڵاتە کەوتۆتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە[١٠٩] لە باکوورەوە ناوچەی کوردنیشینی ناگۆرنی قەرەباغە لە نێوان ئەرمەنستان و ئازربایجانی شورەوی کەوتووە و سنووری باکووری لە تورکیاوە بەدرێژایی ئەرزە رۆم تەواو دەبێت، سنوورەکەی لەلای باشوورەوە دەگاتە خوارووی ریزە چیای زاگرۆس چیایی پشتکو لەلای ڕۆژهەڵاتی کەنداوی عارەبی، لەڕۆژئاواشەوە بانی ئەنادۆڵ و لەڕۆژهەڵاتیشەوە بانی ئێرانە[١١٠].

شوێنی جوگرافی زمانی کوردی بە پیلانی نیو دەوڵەتی و بە هۆی بەرژەوەندی سیاسییەوە لە یەکتری ترازاوەو بە بڕیاری سیاسی لە یەکتری دابڕاوەو کراوەتە پێنج پارچەوە هەر پارچەیەکی بەر وڵاتانی زمانی نەتەوەی جیاوازی وەکو زمانی عارەبی، تورکی، فارسی و روسی و ئازەری کەوتووەو کەوتۆتە بەرکاریگەری ئەم زمانانەوە و رۆشنبیری ئەم نەتەوانەشی زاڵبووە بەسەر کوردی ئەم شوێنە جیاوازانەوە، لەزاری ناوچە جیاوازەکانی زمانی کوردی ئەو وڵاتانە ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان دەنگی /ڤ/ لە هەندێك وشە بە /و/ دەری دەبڕن و لە باکووردا دەنگی /ح/ و/ك/ بە/ه/ و/ق/ دەردەبڕن.

لە باشووری کوردستانیشدا چەندین وشە بەکاریگەری دەنگسازی عارەبی دەردەبڕێت . بۆ نموونە: شیشان، سین، صابر، چاد، ئیسرائیل، فوئاد،....هتد لە جیاتی چیچان، چین، سابیر، چاد، ئیسرایل، فەهاد/فواد.

ئەمە بێجگە لە بەکارهێنانی وشە و زاراوەیەکی زۆری ئەو زمانە جیاوازانەی تورکی، عارەبی، فارسی و ئازەری لە ناو زمانی کوردی لەو پارچە دابڕاوانەی کوردستان بە هۆی شوێنی جوگرافی جیاوازی و زمانی جیاوازەوە وەکو دیاردەیەك لە ناو زمانی کوردی نەتەوەکەدا ڕەچاو دەکرێت و یەکێکیشە لەو هۆیانەی کە بۆتە بەربەستی تەشەنەسەندن و پەرەسەندنی زمانی ستاندەری کوردی یا ئەو زارەی کە



دەوری ستاندەری لە خزمەتی نەتەوەی کورد و لە بواری جیاجیادا بەداخەوە سەرچاوەی واهەیە نووسەرەکەی، ژمارەی دانیشتوانی کوردیان کە شوێنی زمانی کوردییە، بە نادروستی داوەتە قەڵەم. هەر لەیەکەم سەرنجەوە بۆ خوێنەر کە من ژمارەکە دەردەکەوێت، کە ئەمەش لە سەرچاوەی بیری ڕەگەز پەرستییەوە سەریهەڵداوە. گوایە شوێنی زمانی کوردی (٥) ملیۆن کوردی لە وڵاتی تورکیا، ئێراق، ئێران، سوریا، یەکێتی، شورەوی، جاران هەیە. لە هەرسێ وڵاتی پێشەوە (تورکیا، ئێراق، ئێران) بە (١,٥) ملیۆن و نێوێك و لە سوریاش بە (٢٥٠,٠٠٠) هەزار کەسی و لە شورەویش (١٠٠,٠٠٠) کوردهەیە.[١١١]

ڕاستییەکەی ئەمە ژمارەیەکی یەکجار کەمەو بەڵگەی زانستی ئەمەڕەتدەکاتەوە. ئەمە بۆ کاتی نووسینی کتێبی.

(زبانهای جهان) لە ساڵی ١٩٧٧ بەتایبەتی وەرگێڕەکەی کە لەو مێژووە دایە، دەبوایە ئەم ژمارەیەی هەر هیچ نەبێت بۆ کاتی وەرگێرانەکەی هێمای ئەوەی بکردایە کە ژمارەی کورد ئێستا زۆر لەوە زیاترە.

دیسان کتێبێکی تر بەناوی ((مقدمة فقة اللغة ایرانی)) کە کریم کشاورز وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی باس لە زمانەکانی و شوێنی بەکارهێنان و ژمارەی نەتەوەکەی لەرووی قسە پێکەرانییەوە دەکات، ژمارەی کوردی زمانی بە (٧ـ ٨) ملیۆن[١١٢] لە ساڵی ١٩٧٦ بە ١٢ ملیۆن داناوە[١١٣] . راستی زانستی بۆ ئەم ژمارانە بۆ ساڵی دانانی کتێبی مقدمە فقە اللغە ایرانی بەتایبەتی وەرگێرانی لە ساڵی ١٩٧٩ زۆر کەمە دەکرێت بڵێین تەنها لە باکووری کوردستان ژمارەکە لەوەندە زیاترە و لێرەدا بەبەڵگەیەکی زانستی جوگرافی و سەرژمێری ئەو ژمارە هەڵەیە لەخوارەو راست دەکەینەوە کە بە مجۆرەیە و لە چەند کاتی مێژووی جیاواز لە ساڵی ١٩٢٥، ١٩٥٠، ١٩٧٠، ١٩٧٥، ٢٠٠٠ لە تێکرایی پارچەکانی کوردستان کوردی شورەویشی تێدا نییە:

## ژمارەی کورد بەهەزار لە ساڵ وکوردستانی:

| ساڵ | کوردستانی گەورە | باکوور | باشووری | رۆژهەڵات | رۆژئاوا |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٢٥ | ٤٣٨٦ | ١٩٦٥ | ٧٧٢ | ١٥٨٦ | ٦٣ |
| ١٩٥٠ | ٨٥٠٤ | ٣٧٦٠ | ١٤٩٣ | ٣٠٤٦ | ٢٠٥ |
| ١٩٧٠ | ١٥١١١ | ٦٧٨٦ | ٢٦١٢ | ٥٢٢٠ | ٤٩٣ |
| ١٩٧٥ | ١٧٥٠٥ | ٧٧٧٩ | ٣٠٧٧ | ٦٠٧٢ | ٥٧٧ |
| ٢٠٠٠ | ٣٥٢٤٧ | ١٤٧٤٨ | ٦٣٩٠ | ١٣٣٦٨ | ٧٤١ |

ژمارەی کورد لە ساڵی کتێبەکەدا ١٩٧٩بە (٧ـ ٨) ملیۆن کوردی داناوە، لە خشتەکەدا تەنها لە ساڵی ١٩٧٥ بەگشتی ژمارەی کوردی (١٧,٥٠٥,٠٠٠) ملیۆنەوە تەنها لە باکووریش لەو ساڵەدا (٧,٧٧٩) ملیۆن. کە هێشتا ژمارەی کوردی شورەویشیدا نییە و لە ساڵی ٢٠٠٠ دا ژمارەی کورد گەیشتۆتە (٣٥,٢٤٧) ملیۆن[١١٤].

## قۆناغی مێژوویی زمانە ئێرانییەکان

زمان وەکو دیاریدەیەکی زیندووی کۆمەڵایەتی لە گۆڕان و پەرەسەندندایە، کۆمەڵی مرۆڤایەتی ڕاناوەستێت، لەگەڵ خۆیدا هەموو دیاریدەیەکی ژیان دەگۆڕێت، بەرەو پێشەوە دەڕوات، تازە نۆی دەبێتەوە، شێوازی ژیان دەگرێتەوە، ئەم گۆڕانە پەرەسەندنە لە زماندا ڕەنگەداتەوە، گۆڕانەکە بەپێ گۆڕانی مێژوویی سەرەتاو کۆتاییی قۆناغی زمانی کوردی بە نموونەوە دیاری دەکەین.

لەم باسەدا قۆناغی مێژوویی زمانە ئێرانییەکان بەگشتی و قۆناغی گۆڕانی مێژوویی زمانی کوردی بە نموونەوە دیاری دەکەین.



### زمانە ئێرانییەکان بە سێ قۆناغی مێژوویی تێپەڕیوە، وەك:

### ١ـ قۆناغی کۆنی زمانە ئێرانییەکان:

بەلای کەمەوە مێژووی کۆنی زمانە ئێرانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ هەشت تا نۆ سەدەی پێش زایین، لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی میدیاوە تا کۆتایی دەسەڵاتی هەخامەنشیەکان[١١٥] هەشە بۆ نێوان سەدەی (٨ـ٦) پ ـ ز، دیاری کردووە وەك: زمانی مادی، زمانی ئاوێستایی، پارسی کۆن (فارس کۆن)، سەکی.[١١٦]

بەرهەمی زمانە کۆنەکانی ئێران بە نووسینی مێخی(بزماری) نووسراونەتەوە و جێگای باوەڕ بووە و گەیشتۆتە سەردەمی ئێستا و بوونی هەیەو ماوەتەوە. زمان و زارە کۆنەکانی هۆز و نەتەوە کۆنەکانی ئەم سەردەمە کۆنەی زمانە ئێرانییەکان کەرەسەو شت و مەکی زۆر دیاریکراوی هەیە.

کتێبە نووسراوەکانی ئەم سەردەمە بە فەرمان و ناوی پاشایانی یەك لە دوای یەکی هەخامەنشییەکان سەدەی ( ٦ـ ٤) پ ـ ز لەسەر بەردەکانی ڕۆژئاواو باشووری ڕۆژئاوای ئێران بە درێژایی ڕێگای بازرگانی و لەسەر گۆڕی پاشایان و کۆشك و تەلارو لەسەر ڕووی زێڕ و چەك و خشڵ و تابلۆکانی بەرد هەڵکەنراوە.[١١٧]

ئەم کتێبانە بەڵگەی مێژوویی و زمانی زۆر بەنرخیان هەیەو ناوەڕۆکەکانیان دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە بۆ پاراستنی زانست و زایاری کۆن بەناوی داریۆشی یەکەم(٤٨٦ـ ٥٢٢) پ ـ ز لەسەر بەردە گەورەکانی کێوی بێستونی نزیك کرمانشایە.

زمانی ئەم سەردەمە، واتە زارەکانی کۆمەڵی ڕۆژئاوایی دەبنە دوو لقەوە، وەك:

١. زارەکانی باکووری ڕۆژئاوا: وەك مادی کە لە باکووری ڕۆژئاوای دەشتاییەکانی ئێران بەکارهاتووە تەواو بووە. زمان و زارەکانی کوردی ئەمڕۆ سەر بەم لقە زمانانەن.

٢. زارەکانی باشووری ڕۆژئاوا: (پارسی) کە لە باشووری ڕۆژئاوای دەشتاییەکانی ئێران لە نزیکی کەنداوی فارسی، واتە (لە هەرێمی فارس)

بەکارهاتووە و هەبووە. زمانی کتێبەکانی فارسی کۆن کە بە نووسینی بزمارییە، سەر بەم لقە زمانییە.[١١٨]

بەرهەمی زمانە کۆنەکانی ئەم دەورەی ئێران لەمێژووی نوێدا بە زمانی مردوو ناودەبرێن و هەردوو زمانی مادی و پارسی کۆن لە سەردەمی دەوڵەتی میدیاو پاشان دەوڵەتی هەخامەنشییەکان، نموونەی ئەم دەورەن. زمانەکانی قۆناغی کۆن ئەمانەن:

١. **زمانی ئاوێستا:** زمانی ئاوێستاییشی پێدەوترێت و زیاتر وەکو کتێبی ئایینی بەناوبانگە(لە شوێنێکی تر بەگشتی لێی دواین، لێرەدا وەکو زمانێکی کۆنی ئێرانی باسیدەکەین)، کۆنترین شێوە زمانی ئێرانی کۆنە و لە کوردییەوە زۆر نزیکە، بۆیە بەپێی لێکچوونی وشەکانیان دەکرێت بەکۆنترین شێوەی زمانی کوردیدا بنرێت. لەگەڵ زمانی مادیدا مێژوویان زۆر کۆنە، زمانی ئاوێستا چەند کتێبێکی پێ نووسراوەتەوە، ناوەڕۆکیان پێکهاتووە لە سروود و بڕیار و مەزەبی نەتەوە کۆنەکانی ئێرانی زمان[١١٩] ئاوێستا ئەگەر زارێکی زمانی مادی نەبێ، ئەوا زمانێکی سەربەخۆیە، ئەمە باوەڕی زمانناسانی ئێرانییە. ئەم زمانە ڕێزمانێکی کۆنی هەیە و بەسەرچووە. وشەی ئاوێستا واتای (حەشارگە، پەناگە و سپێرگە/ سپارگە) دێت.

ئاوێستا وەکو کتێبیش بە ناوی زمانەکەوە ناوی دەرکردووە کە پێی نووسراوەتەوە. بەڵام پیرۆزی ئایین وایکردووە وەکو کتێب بناسرێت و بریتییە لە سروودی ئایینی جیاواز لە ئەفسانەو بڕیاری ئایینییەکان و ڕێ و ڕەسمی مەزەبی کە ناوەڕۆکەکەی پێکدەهێنێ، بۆ یەکەمجار لە سەدەکانی یەکەمی پێش زاینەوە دەسکاری کراوە و گۆڕاوە، بە شێوەی زنجیرە نووسینێك ئامادەکراوە[١٢٠].

هەر لەو سەردەمەوە زمانی ئاوێستا بە زمانێکی مردوو دەژمێرێت. ئاوێستا لە سەردەمی ساسانییەکانەوە لە سەدەی (**٣ـ٧**) دوای زاین کتێبی پیرۆزی ئێرانی کۆن بووە، واتە لە سەردەمی ئایینی زەردەشتیدا. ئاوێستا لەلایەن گریك، عیلامی، بابلی و دواتر لە هاتنی لەشکری ئیسلامەوە بۆ کوردستان و ئێران سوتێنراوە. شێوەی کتێبە کۆنەکەی ئاوێستا کە بەزمانی کۆنی ئاوێستایی نووسراوەتەوە، شێوەکەی



نەگەیشتۆتە ئێمە و فەوتێنراوە، ناوەڕۆکەکەی بەزمانێك بووە دواتر لێکدانەوەی بۆکراوە. ئەوەی هەیە وێنەی دووەمی ئاوێستایە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سیانزەو چواردەی زاین، ئەم زمانە لەسەر خاکێك بووە، ئێستا پێیان وتووە ((ئاریاڤیج)).

٢. **زمانی پارسی:** زمانێکی هۆزە کۆنەکانی ئێرانییە و یەکێکە لە زمانە ئێرانییە کۆنەکان[١٢١] لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زاین، بەشی خوارووی ڕۆژئاوای دەشتەکانی ئێرانی گرتۆتەوە. زمانی پارسی کۆن لەسەر ڕووی کتێبە بزمارییەکان کە لە بنەماڵەی پارسی پاشاکانی هەخامەنیشی سەدەی شەشەم تا چواردەمی پێش زاین بەجێماوە و ناسراوە.

٣. **زمانی سکایی (ئەسکێنی):** زمانی هۆزەکانی سکایی و سەرمەتییە لە سەدەی هەشتەم و حەوتەمی پێش زایینییەوە تاسەدەی چوارەم و پێنجەمی دوای زاین لە کەنارەکانی باکووری دەریای ڕەش و دەریای ئازۆف نیشتەجێبوونە. ئەسکێتی و زیاتر ناوی تایبەتی و ناوی هۆزو شوێن لەدانراوو کتێبە یۆنانییەکاندا دەبینرێت.[١٢٢]

بریتین لە دوو هۆزی وەك هۆزەکانی سەکی ڕۆژئاوایی لە دەریای ڕەش و دەریای ئازۆف و هۆزەکانی سەکی ڕۆژهەڵاتی لە ڕۆژهەڵاتەوە تاسنووری چین نیشتەجێ بوونە[١٢٣].

٤. **زمانی مادی:** زمانی مادەکان بووە، پێشنیانی کوردی ئەمڕۆن و لە سەردەمی دەوڵەتەکەیاندا، لە نێوان سەدەی (**٨ـ٦** پ ـ ز) زمانی فەرمی بووە.

سەرچاوە هەیە سەردەمەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زاین، لەبەشی باکووری ئێران و باشووری دەریای قەزوێن (خەزەر) نیشتەجێ بوونە. زانیاری لە بارەی ئەم زمانەوە تەنانەت لە زمانی سکایش کەمترە.

ناوەڕۆکی پەیوەندیدار کە بگاتەوە بە زمانی مادی لەبەردەستی زانایان نییە[١٢٤] هەندێك وشەی کەم نەبێت لە زمانی مادی لە کتێبەکانی هێرۆدۆتی یۆنانی کۆن هەندێك ناوەڕۆکی یۆنای پارێزراو ماوەتەوە.

لە كۆتایی باسكردنی قۆناغی یەكەمی مێژووی كۆنی ئێرانییەكان سەرنجڕابكێشین بۆ بوونی راستییەكی مێژوویی، ئەویش بوونی زمانە زاگرۆسییەكانی وەكو سۆمەری، گۆتی، لۆلۆیی، ئیلامی، كاسی، ئۆرارتۆیی... لە پێگەو ئاسەواریان لە وڵاتی كۆنی كوردەواریدا بووە.

لە قۆناغی كۆنی مێژوویی زمانی كوردی و زمانە ئێرانییەكان مێژووەكەی بە دوو ماوە تێپەڕیووە، ماوەی یەكەمی قۆناغی یەكەم بریتییە لە مێژووی زمانە زاگرۆسییەكان كە پێش زمانی ماد و دەوڵەتی ماد و زمانی ئاوێستاو زمانی پارسی دەكەوێت. لە پاش توانەوەی ئەم زمانە، ماد و میللەتەكانی زاگرۆسیش لە ناو میللەتی مادا تواونەتەوە، بێگومان ئەمە راستییەكی مێژووییە بۆ خۆی. پاش ئەمە ماوەی دووەمی زمانە كۆنەكانی زمانە ئێرانی و كوردی دێت. بۆیە پێویستە ئەم راستییە كە هێشتا لە هیچ سەرچاوەیەكی مێژوویی و زمانەوانی بە تایبەتی لای لێكۆڵەران و زمانەوانە كوردەكان تۆمار نەكراوە.

**٢. قۆناغی ناوەڕاست:**

زمانەكانی مێژوویی سەدەی ناوەڕاستی میللەتانی ئێرانییە لەسەدەی (٤ـ٣ پ ـز)ەوە دەستپێدەكات تا سەدەی (٨ـ٩ ز) بەردەوام دەبێت وەك سەردەمی دەوڵەتی ئەشكانی و ساسانی. لەكۆتایی سەردەمی دەورەی یەكەمەوەیە، كە رووخانی دەوڵەتی هەخامەنیشبە لە (٣٣١پ ـ ز)[١٢٥]، دەورەی كۆنی ئێرانی دوایی دێت و دەورەی پەهلەوی دێتە پێشەوە لە نێوان (٣٠٠پ ـ ز ـ ٢٢٦ز)، قۆناغی ساسانییەكانیش دەگەڕێتەوە بۆ (٢٢٦ پ ـ ز ـ ٧ز) ئەم قۆناغە لە مێژوودا بەكۆتایی دەوڵەتی ساسانی دەبڕێتەوە و كۆتایی دێت. ماوەیەكی یەكجار تاریك و نوتەكە بۆ مێژووی زمانی كوردی كە بەڵگەی ئەو سەردەمەی دیار نییە و نەگەیشتۆتە رۆژگاری ئەمڕۆ بۆ خۆی. بەڵام بەرهەمی ئەم قۆناغە بەزمانی فارسی ناوەڕاست، (پارتی )، سوغدی، خەوارزمی و سكایی لەبەردەستدایە و لە پشكنینەكانی دواییدا لە ئەفغانستان بەرهەمی زمانێكی ئێرانی ئەم سەردەمە بەزمانی بەلەخی (بلخی) یاتوخاری



دۆزراوەتەوە [١٢٦] هەروەها هەندێك كەرەسەی تایبەتی بەزمانی ئالانی بەردەست كەوتووە، كە ئەم ئالانیانە لە باكووری قەفقاز و باشووری روسیا ژیاون.

نووسینی زمانە ئێرانییەكانی ئەم قۆناغە (پارتی، فارسی ناوەڕاست، سوغدی، خەوارزمی، ...هتد) بە نووسینی ئارامی نووسراونەتەوە دەستكەوتوون، وەك ساسانی و كاروباری سیاسی و مەزهەبی سەردەمی ناوەڕاست كە لە سەر بەرد هەڵكەنراوە ماوەتەوە.

ئەدەبی فراوانی مەزهەبی زەردەشتی و نامەزهەبی كە لەم قۆناغەی دەسەڵاتی ساسانییەكان سەدەی (٣ـ ٧ ز) و لە سەدەكانی یەكەمی ئیسلامەتیدا نووسراوەتەوە و پێكهاتوون. تەواوی ئەم بەرهەمانە بە شێوەی كتێب و چ بە نوسخە بە جۆری جیاواز نووسینی فارسی ناوەڕاست (پەهلەوی ) نووسراونەتەوە[١٢٧] لە خوارەوە باسی زمانەكانی ئەم سەردەمە دەكەین.

١. **زمانی پارتی (پەهلەوی ئەشكانی):** دەكرێت بەپێی وشە لێكچووەكانی بوترێت ئەم زمانە شێوەی زمانی نزیكە لەكوردییەوە، هێمای واهەیە كە شێوەی زاری لوڕی و هەورامی پاشماوەی پەهلەوین و تەنانەت وشەی فەیلی شێوەی گۆڕاوی پەیلی و فەهلەوییە و پاشان بۆتە فەیلی. مێژووی پەهلەوی وەكو زمانێكی سەردەمی ناوەڕاست.

لە كۆتایی هەزارەی یەكەمی پێش زاین و سەرەتای هەزارەی یەكەمی دوای زاین واتە (٣٠٠پ ـ ز ـ ٢٢٦ز) لە بەشی خوارووی ئاسیای ناوەڕاست و خۆراسان و دەوروبەری بەشەكانی تری باكووری دەشتی ئێران بەكارهاتووە. زمانی پارتی زۆرتر بە پاڵپشتی مانەوی تۆرەڤان و گواستنەوەی بەردەنووسەكانی پارتی كە بە زمانی پارسی ناوەڕاست نووسراوەتەوەو هەروەها بەڵگەی جۆراوجۆری دارایی بوونی هەیە هەروەها بۆ توێژینەوەی ئەم زمانە زۆر سوودبەخش بووە.[١٢٨]

٢. **زمانی پارسی ناوەڕاست:** ئەو زاراوەیە لە زماندا كاریگەری بەرادەیەكی جۆراو جۆر بەجێهێشتووە كە زۆرتر لەسەر خاكی ئێران دەست كەوتووە بە جۆرەها

نووسینی ئارامی نووسراوەتەوە و بە شێوەیەکی گشتی بە سەدەی سێیەم و چوارەمی دوای زاینەوە بەندە. لە سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەی ساسانییەکان لە ئێران، واتە لە نێوان سەدەی سێیەم و چوارەمی پ ـ ز تا سەدەی هەشتەم و نۆیەمی دوای زاین زمانی پارسی ناوەڕاست لە رووی بەردەنووسەکانەوە زۆرتر بەندە بەسەدەی سێیەم و چوارەمی دوای زاینەوە و کتێبی ئایینی و بە شێوەیەکی فراوان و دانراوی تری نامەزەبی بەندە بەم سەردەمەوە. پاڵپشتی کردنی مانەوی، واتە کاریگەری چالاکی کۆمەڵەی مانەوییەکان لە تۆرەڤان واتە(تورکستانی چین) دۆزراوەتەوە و بایەخێکی زۆریشی هەیە. ناوبردنی زمانی پارسی ناوەڕاست بە پەهلەوی ناونانێکی ورد نییە. ئەم قۆناغە زمانە قۆناغێکی گواستنەوەو ئەلقەی پەیوەندی زمانە ئێرانییە کۆنەکان و نوێیەکانە بە یەکترەوە دەبەستێن و قۆناغی زمانە ئێرانییەکان لە قۆناغی کۆنی و هاوبەش و هاوشێوەی رەوەندی خۆیان زیاتر لە پێشتر دووردەخاتەوە[١٢٩].

٣. **زمانی سوغدی:** زمانی سوغدییەکان یازمانی دانیشتوانی کۆنی شیوو دۆڵە درێژەکان و دەوروبەری نزیکی ئەو بووە. زانایانی شورەوی لە کۆشکە وێرانەکان کەموغەکان لێی جێگیربوونە، واتە لە رێگای سەرووی رووباری زرافشان و رۆژهەڵاتی لەنچی کەنت ـــ دەوروبەری زەحمەت ئاباد لە کۆماری شورەوی تاجیکستان دۆزی یانەتەوە.

زۆربەی نیشانە گرنگەکانی زمانی سوغدی لە تورکستانی چین دەستکەوتووە چونکە لە هەزارەی یەکەمی دوای زاین سوغدییەکان لەوێ لەسەرانسەری شەقامی گەورەی ئاوریشم کە رێگای کاروانی بازرگانی بووە، کەناری رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بە چینەوە دەبەستێت. کۆمەڵی بازرگانییان لێی دامەزراندوبوو پارچە گۆزەی نووسراو و پارەش کە بە زمانی سوغد نووسراوە لێی دۆزراوەتەوە[١٣٠].

٤. **زمانی خوارزمی:** زمانی دانیشتوانی کۆنی گۆمەکانی رێگای خوارووی رووباری جەیحون بووە. بەڵگەیەك لەوانەیە بەند بێت بەیەکەمین سەدەکانی دوای زاین، بە هۆی کۆنە ناسەکانی شورەوی کاتێ لێکۆڵینەوەکان لە خوارزمی کۆن دۆزراوەتەوە،



هێشتا بڵاونەبۆتەوە. ئاگاداری زانایان لە بارەی زمانی خوارزمییەوە زۆرتر بەندە بەزمان و رستەی خوارزمییەوە[١٣١]. ئەمەش لە دانراوە عەرەبییەکان زۆر دواتر دانراوە(سەدەی سیانزە و چواردەمی زاینی، خەوارزمی خزمی سوغدیە، نووسینی کۆنی وەکو نووسینی ئێرانی و ئاسیای ناوەند لە ئارامییەوە دارێژراوە)[١٣٢].

٥. **زمانی سکائی (خۆتەنی):** زمانی گروپێکی پاڵپشتی مەزەبی(بودایی) و نامەزەبیی کە بە ئەلف و بێی رۆژهەڵاتی(سین تسزیان) بەتایبەتی لە خوتەن دۆزراوەتەوەو بەو شێوە ناونراوە ئەم پاڵپشتە بە شێوەیەکی تەواو بەدواین سەدەکانی هەزارەی یەکەمی دوای زاین[١٣٣].

٦. **زمانی باختری (باکترییایی):** زمانی خەڵکی کۆنی باخترییایە کە شارێکی مێژوویی بووە لە رێگای سەرووی رووباری جەیحونە ناوەڕاستی قولەی شورە لە باکوور و هندوکەش لە باشوور وتەکانی ناوەڕۆکی بەندە بەزمانی باکتریاوە کە لە کۆتایی دەیەی شەشەمی سەدە ئێستاوە (سەدەی بیست ) لە باکووری ئەفغانستان بووە. ناوەڕۆکی بریتییە لە چەند کتێبێك (یەکێك لەوکتێبانە گەورەیە) یاپارچەیەك لە کتێبەکەی بەئەلف و بێی یۆنانی نووسراوەتەوە بەندە بە سەرەتای مێژووی مەسیحیەوە[١٣٤].

٧. **زمانی ئالانی:** زمانی ئالانییەکان، کە یەکێ لە هۆزەکانی یاگروپی دانیشتوانی دەشتەکانی باشووری روسیە و باکووری قەفقاز لە سەدەکانی ناوەڕاست بووە. هەندێك وشە و رستەی ئالانی لە دانانی دانەرەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بە پارێزراوی ماوەتەوە.

بێجگە لەم زمانانە، زمانی تری خێزانی ئێرانی هەیە، بەڵام زانیاری لە بارەیانەوە نییە، هەرساڵێك لەوانەیە شتی تازە بدۆزێتەوە و ئەو کاتە بڵاو دەکرێتەوە، بۆ نموونە تانیوەی سەدەی ئێستا لە بارەی زمانی پارتی و سوغدی و سکائی و خۆتەنی و خەوارزمی هیچ نەزانراوە، چونکە هیچ زانیارییەك لە بارەیانەوە نەبووە و کە پاشان لە بارەیانەوە زانیاری بڵاوکرایەوە.[١٣٥] بێجگە لەم زمانانەی سەرەوە کە ناوبران زمانی گێلەکیش سەربە زمانە ئێرانییە نوێیەکانە.

٣. **قۆناغی نوێی زمانە ئێرانییەکان:** لە سەردەمی جیابوونەوەی دین و دەوڵەتی ئیسلام، واتە زمانی دەوڵەتی سەرانسەری ئیسلام، لە سەدەی نێوان(٩ــ١٠ز)ەوە ئەم قۆناغە لە مێژووی زمانە ئێرانییە نوێیەکان دەستپێدەکات. لەم سەردەمەدا پێدەچێت بۆ ماوەی دوو سەدەی تەواو، واتە(٧ـ٨ز) تاسەدەی (٨ـ٩ز) میللەتانی موسڵمانی نا عارەب زمانی عارەبییان لە نووسینی کاروبارو ئەدەبیاتدا قەبوڵ کردبێت. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئایین و بە پیرۆزی زانینی زمانەکە بەوەی زمانی قورئان شەریعەتی ئیسلام بووە.

کەچی دوای ئەم مێژووە بە تایبەتی لە دوای سەدەی نۆیەمەوە بەگشتی و بۆ زمانی کوردیش لە سەدەی دەیەمی زایینییەوە گەڕانەوە و وەرچەرخانێك لە ڕووی زمانی نەتەوایەتییەوە ڕوویدا و شاعیران و نووسەرانی ئەو میللەتە ناعارەبانەی وەکو کورد، فارس، تورك، ئەفغانی و هیندی و...هتد، واتە گەلانی ڕۆژهەڵات کە ئایینی ئیسلامیان وەرگرتبوو گەڕانەوە سەر بەکارهێنانی زمانی زگماکی نەتەوەیی خۆیان و لێرەو لەوێ لە سنووری وڵاتەکانیاندا میرنیشین و دەسەڵاتی دەوڵەتی بچووك بچووکیان پێکهێناو زمانەکەیان لەو سنوورەدا بەکاردەهێنرا.

کوردیش وەك یەکێك لەم نەتەوانە لە سەدەی دەیەمی زایینەوە گەڕایەوە سەر زمانی کوردی و بابە تاهیری هەمەدانی لە نێوان سەدەی (١٠ــ ١١ز)دا، نموونەی گەشی ئەم دیاردە و گۆڕانە مێژووییە، لە نێوان ساڵی (٩٣٥ــ ١٠١٠ز) بە شێوەی زمانی دایك کە زاری لوڕی زمانی کوردییە بەرزترین شیعری بە شێوەی دوو بەیت(متنوی) لە ناوەڕۆکێکی سۆفیگەری خواپەرستی، جوانی و دڵداری تۆمارکردو تائێستاش نرخی لەهەڵکشان بەرەو لوتکەو بەرزیدایە. شیعرەکانی ئەم شاعیرە بەتەواوی بە هۆی دوژمنان و داگیرکەرانی وڵاتەکەمانەوە فەوتێنراوەو نەگەیشتۆتە دەست ڕۆڵەی میللەتەکە.

ئەم قۆناغەی زمانی ئێرانی و زمانی کوردی لە دوای سەردەمی ناوەڕاستی زمانە ئێرانییەکانی دەوری پەهلەوی و ساسانی دێت. ئەم قۆناغە، ڕاستە زۆر گرنگە بۆ



میللەتانی ئێرانی و بۆ کورد بەتایبەتی، بەڵام بەقۆناغی شێوەزار دادەنرێت، چونکە بۆ مێژووی زمانی کوردی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی وەك کوردستان کە زمانی کوردی پێی ناوەتە قۆناغی زمانی نووسینی جۆراو جۆرەوە لە بابەتی جیاجیای ڕۆژنامەییدا بەقۆناغی نوێی مێژووی زمانی کوردی دادەنرێت و بریتییە لە قۆناغی بوژانەوەو بژارکردنی زمانی کوردی لە کاریگەری زمانی بێگانە، کە کورد پێی بەپێ لەگەڵی ڕۆیشتووەوە زمانەکەی بەرەو خاوێنی و بەکارهێنانی کوردی پەتی بردووە، کە تا ئێستا بەردەوامە.

## زمانە ئێرانییەکانی سەردەمی نوێ

زمانەکانی ئەم قۆناغە وەکو کوردی، فارسی، پەشتو، تاجیکی، ئۆسیتی، تاتی، تالشی، بەلوجی و زمان و زاری تریش هەن لەم باسەدا باسیان لێوەدەکەین: لەخوارەوە باسی هەریەك لەم زمانە ئێرانییە نۆییانە دەکەین:

١. زمانی کوردی: زمانی نەتەوەی کوردە و لە زمانە ئێرانییە نوێیەکانە. لە تەواوی کوردستان و دەرەوەی سنوورەکەشی لە چەندین وڵاتی جیاجیادا لە لایەنی کوردی زمانەوە بەکاردێت. شوێنی زمانی کوردی کە کوردستانە دابەشکراوەتە سەر وڵاتی تورکیان ، ئێران، ئێراق، سوریا، شورەوی وەکو (ئەرمینیا، ئازربایجان) . (ناوچەی ناگۆڕنی قەرەباغ) لە خەڵکی کوردستان جۆرجیا(گورجستان)، تورکمانستان [١٣٦] ، کازاخستان، ئۆزبەگستان، تا جیکستان، ئەفغانستان و باکووری خوراسانەو.

لە ناوچەکانی تری دەرەوەی خاکی کورد، کوردی راگوێزراوو پەراگەندە قسەی پێدەکەن وەکو:

لە دەوروبەری دیلمان (باکووری قەزوین و کەناری ڕاستی سفید ڕود، هەردوو کەناری شاهرود) و دەوروبەری کەلون عەبد وفارس ـ باکووری ڕۆژئاوای شیراز) و دەوری ٢٠٠ تا ٣٠٠ هەزار کورد لە باکووری خوراسان و نزیکی نیسابوری و بجنورد و شێروان و قۆچان و لە درێژایی سنووری ئێران و شورەوی جێگیربوونە. ئەمانە پاشماوەی

ئەو هۆزە کوردانەن کە شا عەباسی یەکەم بۆ پێشگرتن لە دزی کردنی هۆزە تورکەکان بۆ سنوورەکانی باکووری خوراسان کۆچی پێیان کردو بەتایبەتی لە سەردەمی دەسەڵاتی نادرشا (١٧٣٦ ـ ١٧٤٧) هەندێك هۆزی کوردی بۆ ئەم دەوروبەرە گواستەوە[١٣٧] کورد لە کوردستان، لە تورکیا، کوردی دەشتی ئەرمەنستان و بەشی سەرووی مسیوپۆتامیا و دەوروبەری نزیکی ئەوێ جێگیربوونە. لە سەرانسەری زەوی ناوبراو لە دەوروبەری سنووری باشووری ئەرمەنستانی شورەوی لە باکووری رۆژئاوای ئێران (دواتر دیاری دەکەین)، لە سنووری نێوان تورکیەو سوریا و لە بەشی سەرووی رووباری دیجلە (لقەکانی لە پێش بۆتان و زێی گەورە) و فورات و لقەکان ئاوی فوراد (مرادصو) لە ناوچەی بۆتان رۆژئاوای دەرسیم تا ئەوپەری ناوچەی بایەزید، شەمزینان، وەك : ئۆرفە، دیاربەکر، ئەلعەزیز (ئەلازیز)، بەدلیس، ماردین، وان، سێرت، جولەمێرگ، ئاگرێ، شەمزینان، موش، خەرپوت، سیوەرەك، چەولك، واتە(ناوچەی دەرسیم)، ئەزرنجان، مەلاتییە، قارس، ئەردەهان، مەرعەش، سیواس، ئەرزەرۆم، دانیشتوانی کوردزمانن.

ئەمە بێجگە لە ناو شوێنەکانی تری تورکیا وەك ئەستەنبول، ئەنکەرە، مێرسین، بانی قۆنیا هەروەها لە ئەنەدۆڵ کورد هەیە، کە لە ئەنجامی شۆڕشی کوردەوە، لە دوای جەنگی جیهانی لە نێوان ١٩٢٠ـ ١٩٣٠ [١٣٨] و رووداوەکانی بۆ ئەوێ کۆچیان کردووە.

لە باشووری کوردستان لای عێراقەوە لە ناوچەی بادینان (رۆژهەڵاتی رووباری دیجلە تا سەری زێی قەندیل).

ناوچەی سۆران (نێوان هەردوو زێی بچووك)، ناوچەی کەرکووك و گەرمیان تا زرباتییە، ناوچەی سلێمانی (شارەزوور و شارباژێر و دۆلی سورداش تا دەربەندی بازیان)، لە بەغداش دەوری ملیۆنێك کورد هەیە. لە رۆژئاوای کوردستان لە سوریا باکووری رۆژهەڵاتی وەکو: قامشلی، حەسەکە، دێرك، دربسێیە، عەفرین. کۆبانی، لە ئیسرایلیش کوردی زمان هەن. لە ئەرمەنستانیش بەزۆری لە دەوروبەری باشووری



چیای پمبك و رۆژئاوای دەریاچەی سوان ـ دەراچمیادزین، ئەشترك، تالین، نوربایات و ئەلەگەز لە ئازربیجانی شورەوی لە دەوروبەری شاخەکانی باشووری رۆژئاوای ئەوێ، وەکو کەڵباجارو لاچینی و شووشە، قوباتلی لە رۆژهەڵات. لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش لە ناوچەی لوڕستان، سەرپێڵ، ئیلام، کرماشان و هەمەدان، ناوچەی ئەردەلان (سنەو دەوروبەری)، هەورامانی تەخت و لهۆن، ناوچەی موکریان، ورمێ تا سەرئاوی ئاراس.

لە گورجستان(جۆرجیا) لە تەفلیس و هەند شوێنێکی تر، ژمارەیەکی کەمیش لە تورکمانستان لە دەوروبەری سنوور لەگەڵ ئێران وەکو فەیروزە لە باشووری عەشق ئاباد دەژین، ئەمانە لە کۆتاییەوە ناویان برا لە خۆراسانەوە هاتوون و بەزاری کرمانجی قسەدەکەن.

لە ئەفغانستان و پاکستانیش بەتایبەتی لە ناوچەی مولانی ئەفغانستان دەوری شانزە هەزار کوردی زمان دەژین.[١٣٩].

ژمارەی کوردی زمان دەگاتە نزیکەی (٣٥ـ ٤٠) ملیۆن لە هەموو جیهان[١٤٠]
هەندێك نووسەری زمانەوانی ئێرانی لەرێزکردنی زمانە ئێرانییە نوێیەکاندا زاری لوڕی و بەختیاری و گۆرانیش لەریزی زمانە ئێرانییەکانیان داناوە، واتە وەکو زمانێکی سەربەخۆ باسیان لێوەکردووە. بەڵگەی زانستی رێزمانی لە رووی دەنگسازی، وشەسازی، گەردانی و رستەسازییەوە، ئەمانە شێوەزاری زمانی کوردی پێکدەهێنن، وەکو هەر زارێکی تری زمانی کوردی لایەنەی لێکچوون و جیاوازییان لەگەڵ زمانی کوردی بەگشتی هەیە. ئەمەش سروشتی پێکهاتنی زارە لە ناو زمانی نەتەوە و زارەکانیدا.[١٤١] .

ناوی کورد بۆ یەکەمجار لای گەزەنفون لە کۆرشنامە داهاتووە، لای نووسەرە ئەرمەنییەکان بەوڵاتی (کردۆك) و لە دەقە سریانییەکانیشدا بە (قردۆ ) ناسراوە. بەکوردی(شبانان) لەبەڵگەی پارسی ناوەڕاست (پەهلەوی ساسانی) لە سەدەی شەشەمی زاین ناوی هاتووە.

بەزمانی نوێی کوردی لە سەردەمی پەیدابوونی قۆناغی شێوەزاردا لە نێوان (٩٣٥ـ١٠١٠ز) بابەتاهیری هەمەدانی شیعرەکانی بەلوڕی کوردی باشووری داناوە، ئەمە دەکاتە سەردەمی هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی یەکگرتوی ئیسلامی، واتە جیابوونەوەی دین و دەوڵەت لەیەکتر و گەڕانەوەی نەتەوەکانی موسڵمانی ناعارەب بۆ بەکارهێنانی زمانی زگماکی نەتەوەیی خۆیان.

پاش شێوەی زاری لوڕی کوردی باشووری لە نێوان سەدەی پانزە و سەدەی حەڤدە هەمدا زاری کرمانجی بۆتانی دەبێتە زمانی شیعری کوردی و پاشان لە سەرەتای سەدەی (١٩) هەمەوە زاری کوردی ناوەڕاست لای نالی دەوری زمانی شیعری بینیوەو دواتر هەر ئەم زارە بەردەوامی بەخۆیەوە لە بواری زمانی خوێندن و ئەدەبیات، راگەیاندن و زانست و بواری ئەکادیمییەتدا وەکو زمانی ستاندەر دەورەکەی تائێستاش بەرەو پێشەوە دەڕوات و گەشەی سەندووەو بەرەو فراوانی هەنگاوی ناوە.

لە رووی رێنووسەوە لە باشووری کوردستان و رۆژهەڵاتی لە ئێراق و ئێران بەدەسکارییەوە لە نووسیندا ئەلف و بێی عارەبی بەکاردەهێنن، لە باکوور و رۆژئاوای کوردستان لە تورکیا و سوریا ئەلف و بێی لاتینی و لە سوریاش لە ساڵی ١٩٣٧ ئەلفو بێی ئەنجوومەتی خاوەریان داناو لە شورەوی لاتینی و بەزۆری پیتی سریلیك بەکاردەهێنن.



## زمانی فارسی

زمانێکی باشووری رۆژئاوای ئێرانە، زمانی دەوڵەتی ئێرانە، لە پاشماوەی دەوڵەتی قاجاری، سەفەوی و پەهلەویدا پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیوە. ئاسەوارێکی زۆری زانستی جیاجیای لە زمانە ئەوروپاییەکانەوە پێی کراوەتە فارسی. لە باشووری رۆژئاوای ئاسیا بەکاردێت، زۆربەی خەڵکی فارسی زمان لە شارە سەرەکییەکان و گەورەکانی باشووری ئێران واتە (هەرێمی فارس) وەك شیراز، ئەسفەهان، کرمان، فارس، تاران، ...هتد قسەی پێدەکەن. لە ئەفغانستانیش بەکادەهێنرێت و تاساڵی ١٩٣٣ز زمانی فەرمی بووە لەوێدا. ئێستاش شان بەشانی زمانی ئەفغانی بەکادرێت و لەلای تاجیکی زمانیش لە هەندێك شوێن بەکاردێت و فارسی زمان لە هەندێك کۆماری شورەوی هەن وەکو: بوخاراو سەمەرقەند.[١٤٢] ئەم زمانە ئەلف و بێی عارەبی بەدەسکارییەوە لە نووسیندا بەکاردەهێنن و ئەم زمانە لە رووی دانانی فەرهەنگەوە، فەرهەنگی چاك و جۆراو جۆرو ئەنسکلۆپیدیای پێدانراوە[١٤٣].

## زمانی بەلوجی

بەلوجییەکان یا (بەلوچان) کوزۆرتر ئەوان لە باشووری رۆژهەڵاتی دەشتی ئێران لە شوێنێك دەژین ئەوان بەخۆیان بە (بەلوچستان)ی دەخوێننەوە و بەزمانی بەلوچی قسەدەکەن بەلوچستان لەدیوی باشوورەوە سنووری دەریای عومان لە رۆژهەڵاتەوە شیوو دۆڵی رووباری سندەو لە رۆژئاواو باکووری رۆژئاواوە بەبیابانی لوت و بانی مەقاص رووباری سند بێجگە لە بەیەکگەیشتنی دەریاچەی موریانیش دەگرێتەوە.

بەشی گەورەی لە خاکی پەهناوەرەوە کێوەکانی (بوێژە لە رۆژهەڵات و کێوەکانی سلێمان و مەکران و کرتار) و بیابانەکانی و دەشتاییەکان دەگرێتەوە. خاکی بلوچستان سنووری ئێران و پاکستان لە ناوەڕاستەوە دەکات بە دووبەشەوە، وەك بەشی رۆژئاوای بەلوجستانەوە بەشی رۆژهەڵاتی بەلوجستانی ئینگلیزی پێشینە کە ئێستا یەکێك لە ولایەتەکانی پاکساتان دەژمێررێت. بەلوجی لە شورەویش هەن وەك بەشی ماری تورکمانستان. بەلوچییەکان لە نیمچە دوورگەی عەرەبستان وەك مەسقەت و عومان

دەوروبەری شاریقەش هەن. نووسینی بەلوچی تێبینی بڵاوکردنەوە نەکراوە و تەنها لەم دواییەدا بەلوچی بەزۆری شیعر و ڕۆژنامەکانی پێ چاپ و بڵاوکراوەتەوە. زمانی فارسی بۆ بەلوچییەکان زمانی خوێندەواری و زمانی نووسینە، بەلوجییەکانی خاکی پاکستان سوود لە نووسین و نووسراوەی زمانی ئۆردو وەردەگرن بەلوجییەکان فەرهەنگ و فۆلکلۆرێکی زۆر دەوڵەمەندیان هەیەو زانایانی شورەوی لە پێگەیشتندا هەوڵی زۆریان داوە[١٤٤]

**زمانی پشتۆ:** واتە زمانی فەرمی ئەفغانستان، لەزۆربەی سەرچاوەکاندا بەتایبەتی کۆنەکان بە زمانی ئەفغانستان ناوبراوە، لە دەوروبەری ساڵی ١٩٣٠ وەکو زمانی دەوڵەت ناسراوە[١٤٥] (زمانی فەرمی) وڵاتی ئەفغانستان بەکارهات و بەتەواوی لە ساڵی ١٩٣٢=١٩٣٦ وەکو زمانی فەرمی ئەفغانستان ولایەتەکانی باکووری ڕۆژئاوای پاکستان بەم زمانی پشتوە قسەدەکەن[١٤٦]، ژمارەیان دەوری ١١ ـ١٢ ملیۆنە و ٥,٥ ملیۆن نیو لەپاکستان و٢٠٠ هەزار لە بلوجستان ٥٠ هەزار لە ئێران بەزمانی ئەفغانی ناودەبرێ، ئەلف بێی عەرەبی لە نووسیندا بەکاردەهێنن وەکو زمانی ئەدەبی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزە، پشتۆ بە شێوەی پەخشتوش دەنووسرێ[١٤٧] یەکەم بەلگەی بڕوا پێکراوی ئەم زمانە سەدەی پانزەهەمە و بریتییە لەبەرهەمی مێژووی لەمەش کۆنتر کتێبی شێخ مالییە دەربارەی مێژووی هۆزەکانی یوسف زای لەمیرنشینی سوات (١٤١٢ ـ ١٤٢٤ ز).

**زمانی تاجیکی:**

زمانی تاجیکی لە ئاسیای ناوەڕاست زۆرتر لە باشووری ڕۆژهەلاتی بڵاوبوونەوە، خەڵکی کۆماری شورەوی تاجیکستان و دەوروبەری جەند ملیۆنێك بەم زمانە قسە دەکەن، ئۆزبەگستان ژمارەیەکی زۆر تاجیکی هەیە و بەم زمانە قسەدەکەن و لە دەوربەری شاری تاشقەندو لە باکووری ڕۆژهەلاتی تاشقەندیش دەچێتە ناو خاکی کۆماری کازاخستان لە دەوروبەری ((پریچ مول)) و ((باستاندیك)) کە دەچێتە ناو خاکی کازاخستانەوە و زمانی تاجیکی بەکاردەهێنن، هەروەها لەم شوێنانەش



تاجیکی زمان هەن وەکو کۆماری قیرغستان و شارەکانی تورکمانستان لەدەوروبەری جلال ئاباد و ئوش سەدرەدین عەینی مامۆستای ئەدەب و نووسەر و شاعیر و زانا و پیاوی کۆمەڵایەتی تاجیکییەکانە (١٨٧٨ـ ١٩٥٤)[١٤٨]

**زمانی ئۆسیتی**

زمانی زۆربەی خەڵکی کۆماری خودموختاری ئۆسیتی باکووری (یەکێتی شورەوی سۆشیالستی ڕوسییە) و ولایەتی خودموختاری ئۆسیتی باشووری (ئەندامی کۆماری شورەوی گورجستانە. ناوچەی بڵاوبوونەوەی زمانی ئۆسیتی زنجیرە چیایەك ڕەچەڵەکی قەفقازی دابەشکردوە بە دوو بەشی نایەکسانەوە و بە شێوەیەکی تەواو هەمان ئەو دوو بەشە و سنووری خودموختار) ئۆسیتین، شاری سەرەکی ئۆستینی باکوور ئەرزنکیدزەیە کە پێشا زایندەی قەفقازبووە شاری سەرەکی ئۆسیتی باشووری ناوی(ئستالینی ری) بوو. ئەم زمانە لە دوو زاری بنەڕەتی وەکو ئیرونی (ڕۆژهەلات ) و دیگۆری (ڕۆژئاوای ) دابەش دەبێت ، زاری یەکەم لەڕووی مێژووی زمانەوانییەوە دوورتر کەوتۆتەوە و کۆنترە[١٤٩].

زمانی ئۆسیتی لە کۆتای سەدەی هەژدەهەمەوە نووسینی هەیە نووسینی ئۆستی یەکەم لە ساڵی ١٧٩٨ کە بە مەبەستی ڕاگەیاندنی ئایینی پێکهات لەو سەردەمەوە لەسەر بنەمای پیتی مەزهەبی سلاڤی بڕیاردرا، پاش ماوەیەك پیتی نامەزهەبی، ڕوسی بنەمای نووسینی ئۆسیتی بڕیاردرا.

زمانی تاتی: زۆربەی قسەکەران زمانی تاتی تاتاینی . تاتایی نەتەوەیەکن لە هەندێك شوێنی دەوروبەی ئازربایجان و داغستانی شورەوی ژیان دەگوزەرێنن . بەشێك لە دانیشتوانیان لە نیمچە دوورگەی ئاو شوران (دەوروبەری باکووری، سوراخانی و باڵاخانی و ناوچەی تری ئازربایجانی شورەوی و لقێکی تری لە دەوروبەر داغستانەوە وەکو (کایتاگو ـ تەبسەران) بەزمانی تاتی قسە دەکەن، لە شاری گرۆزنیشن هەن.

له چل پەنجا ساڵی دواییدا کتێب و دانراو بە شێوەیەکی فراوان بە زمانی تاتی بڵاوبۆتەوە . بۆ نموونە دەتوانین شیعر و داستانە گاڵتە جاڕییەکانی (پیەس) م . بەخشی ئۆف (١٩١٠ لە دایکبووە) و شیعر و داستانەکانی د. ئاتنی لۆف (١٩١٣ ـ لە دایکبووە) و ئەفسانەکان خ . داداش ئوف لە ١٩٤٧ ناوبرێ لە ساڵی ١٩٤٠ کۆمەڵێك لە فۆلکلۆری تاتی چاپ و بڵاوبۆوە. لە ساڵی ١٩٢٨ لەسەر بنەمای ئەلف و بێ لاتینی بۆ دانیشتوانی تاتی زمانی لە داغستان بۆ نووسینی زمانەکەیان دانرا پاشان لە ساڵی ١٩٣٨ بەئەلف و بێ روسی گۆرا، زمانی تاتی کەوتۆتە بەر کاریگەری تورکی ئازەرییەوە بەتایبەتی لە رووی وشەکانی و تاڕادەیەك یەکیش لە رووی سیستەمی دەنگییەوە. تاتییەکان زمانی قوتابخانەیان بەئازربیجانیە لە ئازربیجان و لە داغستانیش بەزمانی دایکی خۆیان ئەدەبیاتیان دەنووسن. [(١٥٠)]

زمانی تاڵشی: زمانی تاڵشییەکانە لە بنەماڵەی ئێرانی زمان، لە ئازربایجان بڵاوبوونەتەوە، ژمارەیان کەمە، خودی خۆیان کەمە بە(تولێش ) دەخوێننەوە لە بانی لە کەناری ڕۆژئاوای خەزەرو و ناوچە شاخاوییەکانی نزیکی دەژین.

تاڵشییەکان زۆربەی (زیاتر لە ٨٠٪) خەڵکی دەوروبەری لنکران و زووند و پارێزگاکانی ئازربیجان شورەوی پێکدەهێنێت لە باکوورەوە سنووری بڵاوبوونەوەی زمانی تاڵیشی تا دێی بردیك درێژ دەبێتەوە. لای ڕۆژئاوای شاخەکانی سنووری ئێرانە. لە تەرەفی باشوورەوە سنووری بڵاوبوونەوەی زمانی تالشی سنووری ئێران دەبڕێت و لەویوە ئیتر سنووری زمانی گێلەکی دەست پێ دەکات لە دەوروبەری شاخەکانی ئێرانیش گشت دەوروبەری ئەردەبیل یا کەناری دەریای خەزەر، دێهاتی تاڵشی هەن.

ئایە دەکرێت: زاری لوری و بەختیاری لە ناو زمانە ئێرانییەکاندا، زارەکانی کوردی جیاکراوەتەوەو بە زمانی ئێرانی سەربەخۆ دابنرێت، وەکو سەرچاوە زمانەوانییە فاریسییەکاندا کراوە؟ دوور و نزیکی لێکچوون و جیاوازی لە دەستووری زماندا بڕیاڕی ئەوە ئەدات کە دوو زمان یا زار و زمانێك نزیك یادوور یالەیەکتر بچن



یاجیاوازبن، یا زارێك سەر بە زمانێك بێت یاجیادەبێتەوە لێی. لە هەموو زارێکی زماندا لایەنی لێکچوون و جیاوازیش لە نێوان زارو زمانەکەیدا لە هەر سێ ئاستی دەنگسازی و وشەسازی و رستەسازی بەدی دەکرێت.

ڕادەی لێکچوون و جیاوازییەکە لەو ئاستانەدا بەتەواوی لەیەکتر دەچن، نەبەتەواوەتیش لەیەکتر جیاوازن، چونکە ئەگەر لە هەموو ڕووەکانەوە لێکچوون لە نێوان زار و زمانەکەیدا هەبێت بێگومان ئەوا زار پێکنایەت و هەر زمانەکەیە ئەگەریش ڕادەی جیاوازییەکە بەتەواوی و گشتی بێت لەنێوان زارزمانەکەدا، لەو حاڵەتەدا بەزاری نامێنێتەوەو دەبێتە زمانێکی سەربەخۆ.

لایەنی لەیەکچوون لە ئاستی بوونی دەنگ و وشە و حاڵەتی ڕێزمانی نێوانیان دەگرێتەوە کە هەرزارێك چەند دەنگی بزوێن و نەبزوێنی خۆی دەبێت و لەبواری وشەسازیشدا وشەو مۆڕفیمی تایبەت و حاڵەتی ڕێزمانی خۆی هەیە و لە هەمانکاتیشدا دەنگ و وشەو مۆڕفیم و حاڵەتی ڕێزمانییە گشتییەکەیان وەکو یەکەو، ئەویش بریتییە لەرێزمانی زمانی نەتەوەکەو بۆ لایەنی جیاوازیش هەر هەمان شتەو ئەم دوو دیاردەیە کەم و زۆر لە ناو هەموو زارێکی زماندا هەیە.

لایەنی جیاوازی لە ڕووی دەنگەوە لە زاری لوڕی و کۆمەڵە زاری کوردی باشووریدا نەبوونی دەنگی (وو)ی درێژ کە لەم زارە دەبێتە: (وی) وەك لە وشەی: دوور دویر ئەمە لە کرمانجیشدا هەمان دەنگە.

ژوور ← ژویر، شوو ← شوی

بوونی دەنگی (وی)لەجیاتی (وێ)ی کوردی ناوەڕاستدا، وەك:

خوێن ← خوین

کەچی لە هەندێ وشەی تری وەکو:سوێر ← سوور (وێ ← وو)

بوونی(و) کورت لەجیاتی(وو)درێژ وەك لە وشەی:

سور ← سوور

له ڕووی وشەسازیەوە بوونی وشەی وەك:(سپیاتی) له شێوەزاری کوردی باشووری کەلوڕی یەکێکە له شێوەزارەکانی و بوونی هەمان وشه لەکرمانجیدا هەر(سپیاتی) یە.

(نەردەوان) له شێوەزاری شوانی کێشك و خانەقین و هەمان شێوەزارەکانی تری کوردی باشووری، له جیاتی (پلیکان)ی کوردی ناوەڕاست.

(کول) له شێوەزاری شوانی کێشك و خانەقین و لەك و کەلوڕ بەرانبەر وشەی (کۆڵ). خۆیشك ـــ خوشك.

(دوێت) لەلوڕی و شوانی و خانەقینی هەموو کۆمەڵە زاری کوردی باشووری و له کرمانجیشدا وەك دۆتمام.

له رووی ڕستەسازیشەوە نەبوونی ئامرازی پەیوەندی (بەستان) لە کۆمەڵە زاری باشووریدا وەك (شارکورد) (ماڵ برام) (ماڵ باوکم) هەمان دیاردە لە شێوەی کەرکووکی و گەرمیان هەیە.

بوونی هاوشێوەی مۆرفیمی کاتی بەردەوامی لە زمانی کوردیدا: (د) لەلوری کرمانجیدا وەك: دەچم چم. بوونی هاوشێوەی دیان وشەی کوردی پەتییە لە شێوەزاری لوڕی له شیعری بابه تاهیری هەمەدانیدا بەکارهاتووە و هەمان ئەو وشانە له زارەکانی تری کوردیدا بەدی دەکرێن وەك:

وینەم/ وینم: دەبینم

نیمه شەو: نیوه شەو

دامان: دامان، داوێن

سەرتاپا: سەرتاپا

ئەم نموونانە بەفراوانی له شیعری بابەتاهیرو زاری لوڕی و زمانی کوردی ئەمڕۆدا هەیە، بۆیە لوڕی زارێکی زمانی کوردییە و سەر بە کۆمەڵە زاری کوردی باشوورییە وەك: لەکی، کەلهوڕی، کرماشانی، فەیلی، خانەقینی، گەرووسی، شوانی کێشك، ئەمە وەلامێکە بۆ ئەو سەرچاوانەی کە لوڕی بەزمانێکی سەربەخۆ دادەنێن و دەڵێن: لوڕ و بەختیاری له هۆزەکانی باشووری رۆژئاوای ئێرانە و بە شێوەیەکی تەواو بەندە



بەکۆمەڵی زارەکانی ئێرانییەوە که زارەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئێرانەوە که زارەکانی باشووری ڕۆژئاوای فارسیش بەشێکە لەو، جیاوازییەکی دیاری لەگەڵ زارەکانی کوردیدا هەیە[١٥١] زاری لوڕی و هەموو زارەکانی کوردی بە باکووری ڕۆژئاوای دادەنرێن و له فاریسییەوە دوورترە وەك لە کوردی بەلام دەستکاری کردنی دەقە شعرییەکانی بابە تاهیری هەمەدانی بەرەو زمانی فارسی بەهۆی دەمارگیری و ڕەگەزپەرستییەوە بڕیاری وانازانستی دەدرێت.

بۆ دەرخستنی نزیکایەتی هەردوو خێزانی زمانە ئێرانی و هیندی بۆ دیاریکردنی پێناسەو شوێنی زمانی کوردی له ناو کۆمەڵە زمانی ئاریدا باسی ئەو زمانە جۆراو جۆرانە دەکەین که خێزانە زمانی هیندیان پێکهێناوە.

**زمانی هیندی**

له ولاتی هیندا ژمارەیەك زمانی جۆراو جۆری هەیە و بە مەشۆرەتی دەرکردووە، زمانی ئینگلیزی هۆی پەیوەندی نێوان دانیشتوانەو زمانی فەرمی یاریدەدەر و هیندیش زمانی دەوڵەتە(حوکمەت).

لەم ولاتە دوانزە زمانی یاساییش هەیە وەکو: تلۆگو، مەراتی، تامیل، بنگالی، کۆجەراتی، ئۆرردو، کنارەیی، مالایالم، ئۆریەی، ئاسامی، کشمیری، بنجابی، بێجگە له زمانی سانسکریتی کەبەکاریش ناهێنرێت، بەلام نیشانەی بەردەوامی ژیانی فەرهەنگی و مێژوویيە، بێجگە له زارەکانی ژمارەی زمانەکان له سەد سەد تێپەڕ دەکات.

له رووی رێنووس و ئەلف و بێوە، ئەلف و بێی جیاواز جێگای سوودوەرگرتنە وەکو: دیڤانگەری (دڤانگەری)، نگالی عەرەبی ـــ فارسی، گورموخی، کوجەراتی، ئۆریەیی، تلوگۆ، کنارەیی، مالایالم، تامیل، لاتینی، تبتی.

زیاتر له٩٥٪ دانیشتوانی خەڵکی هیند له نێوان دوو کۆمەڵە دابەشبوون وەکو: هیندۆئاریایی و کۆمەڵەی دراڤیدی.

کۆمەڵەی یەکەم: هیندی باکووری، کۆمەڵی دووەم سێیەکی (٣/١) باشووری نیمچە دورگە هیند دەگرێتەوە، هیندی گرنگترین زمانە لە هیندی باکووری دەوری سێیەکی دانیشتوانی خەڵکی وڵاتەکە قسەی پێدەکەن کە٢٠٠ملیۆن کەسە هەموو زمانەکانی باکوور لە ڕووی وشەکان، دەستوور و تەنانەت ئەلف و بێی خاڵەهاوبەشەکان زیاتر لەگەڵ زمانی هیندیدا هەیانە، ئەم خزمایەتیە لە هەندێك ڕووە وە، وەکو خزمایەتی زمانە فەرەنسایی و ئیتاڵییەکان زۆرکەمە.

لە هیندی باشووریدا چوار زمانی وەکو: دراڤیدی، تامیل، تلوگۆ، کنارەیی، مالایالم لێکچوونی زۆریان لەگەڵ یەکتردا هەیە.

لەوە زیاتر فەرهەنگی هندۆ بەزمانی دوو کۆمەڵەوە، واتە هیندی باکووری و دراڤیدی وشە هاوبەشەکانی گرنگە بەتایبەتی لە ڕووی ڕوونکردنەوەی کەسانی تیپی براهمایی هەستپێکراو، لە٥٪ هیندییەکان کە شێوەیەکی گشتی بەکۆمەڵی ناوبراوەوە بەستراون لە گروپی موندایی و دانیشتوانی ناوچەکانی هەمالایا یا لەگروپی تبتی و بۆرمی لەسەر فەهەنگی کۆچەری و ڕەوەندن(١٥٢) زمانی هیندی پاش زمانی چینی پەکین و ئینگلیزی سێیەمین زمانەکانی دنیایە، لە باکووری هیند و دەوروبەری حەوزی(کنگ)ن بەکاردەهێنرێ، زمانی فەرمی ولایەتەکانی بەهار، ماهیا، پرداش، واتە ولایەتی ناوەندی، ولایەتەکانی باکور، ولایەتە شاخاوییە بەفراوییەکانی هەمەلایا و ناوچەی دەهلی لەگەڵ پەنجابی و کۆجەراتی و ئۆردوو دەورووبەری(٢٥٠ـ٣٥٠ ملیۆن قسەکەری هەیە).

**زمانی پنجابی:**

زمانی سیکەکانە باوەڕیان بەتاك خواییە لە سەدەی ١٦مامۆستا نانك بنەماکانی داناوە، لە ساڵی ١٩٤٧ لە نێوان هیند و پاکستان دابەشکراوە، پەنجابی لەزمانی هیندییەوە زۆرنزیکە. ئەم زمانە لەگەڵ ئەوشدا زمانی نووسینی نییە گرنگترین زمانی وڵاتی پاکستانە، لەم وڵاتەدا لە زمانی ئۆردوو وەکو زمانی نووسین سوود وەردەگرێت.



بە ئەلف و بێی تایبەتی کە لە نووسینی دوانگارییەوە بەناوی گورموخییەوە دارێژراوە دەنووسن دەوری ١٥ملیۆن قسەکەری هەیە.

**زمانی کۆجەراتی:**

کە لە ولایەتی کۆجەرات لە کەنار و قەراغی ئۆقیانووسی هیندە لە سنووری پاکستان و بۆمبای کەوتووە بەکاردەهێنرێت و سوودی وەردەگیرێت ئەم زمانە دەوری (٣٠) ملیۆن قسەکەری هەیە، لەگەڵ زمانی هیندیدا خزمایەتی نزیکی هەیە، بەڵام نووسینی تایبەتی هەیەو زمانی یاسایی هیندەو بە حەوتەمین زمانی گرنگی ئەم وڵاتە، واتە هیند دەژمێردرێت.

**زمانی مەراتی: (بەهاراتی)**

زمانی یاسای ولایەتی ماهارشتارایە کە مەڵبەندی ئەو شاری بۆمبایە ئەم زمانە وەکو زمانی هیندی یە ئەلف و بێی دوانگری دەنووسێت، لە زمانی سینهالی دەچێت، دەوری ٥٠ملیۆن قسەی پێدەکەن لەوڵاتی هیند و دەوروبەری ٢٥ملیۆنیشی لەم ژمارەیە لە ولایەتی ماهاراشتارایە و بە چوارەمین زمانی گرنگ لە هیند دەژمێردرێت.

**زمانی بەنگالی**

زمانی فەرمی بنگلادیش و ولایەتی بنگالی هیندە، ئەمانە موسڵمان و هندۆن، بەرۆژهەڵاتی ترین زمانی هندو ئەوروپایی دەژمێردرێت، لە ڕووی ژمارەی قسەپێکەرانەوە هەشتەمین زمانی جیهانە و پێش فەرەنسایی و دوای هیندی دێت، توانای ڕۆشەنبیری و بایەخی ئەم زمانە شایەنی باسە کە نووسەری گەورەی بنگالی ڕابیندرانات تاگور لە١٩١٣خەڵاتی ئەدەبی بە دەستهێنا.

**زمانی ئاسامی:** لە زمانی بەنگالییەوە نزیکە بەهەمان ئەلف و بێی بەنگالی دەنووسێت دەوری ١٠ملیۆن قسەکەری لە قەراغی رووباری براهابۆترا مەڵبەندی ولایەتی ئاسام هەیە. ئاسامی زمانی یاسایە.

**زمانی ئۆردوو**

ئەم ناوە ((ئۆردوو)) لەوشەی تورکییەوە وکە ئۆردو بەواتایی (سوپا) دێت وەرگیراوە، وشەی هۆردی فەرەنسایش هەمان شتە، زمانی دەست و پێوەندی فەرمانڕەوایانی مەغۆل بووە لە سەدەی هەشتەمدا، ناوی ئۆردیش بەندە بەو سەردەمەوە، واتە زمانی ئۆردی سەڵتەنەتی بووە نووسینی ئەم زمانە بەنووسینی نیپالییە کە زمانی فەرمی ولایەتی نیپالە، عەرەبییە و لە رووی شێوەی نووسینەکەیەوە زیاتر لە فارس دەچێت، دەوری ١٠٠ملیۆن کەس بەم زمانە دەنووسن کە (٣/٢) ئەوانە لە پاکستانن و(٣/١) شی لە هند دەژین.

**زمانی نیپالی**

زمانی فەرمی نیپالە، زمانی نیوەی نیپالە لە کۆمەڵێکی دوانزە ملیۆنی ئەم وڵاتەیە، ئەمانە بەزۆری بەزاری تبتی دیارترینیان زاری(نواری) یەو بەزمانەکانی تری هیند قسە دەکەن، لە وڵاتی هیندیشدا دەوری ١/٥ملیۆن و نیو قسەکەری هەیە.

**زمانی سینهالی**

بەزمانە هەرە باشوورییەکانی زمانە هیندو ئەوروپاییەکان دەژمێرێت. لە سریلانکا، واتە سیلانی پێشوو نزیکە (٣/٢) خەڵکی ئەم وڵاتە بەزمانی سینهالی قسەدەکەن لە زمانی (تامیلی) یش سوودوەردەگرن.

**زمانی کشمیری**[١٥٣]

زمانی کشمیرییەکانە لە ولایەتی کشمیر، کەوتۆتە نێوان زمانی هیندی و زمانە ئێرانییەکان ئەم زمانە لە سەدەی چواردەهەمی زاینەوە ئەدەبیات و نووسینی تایبەتی خۆی هەیە، واتە ئەلف و بایی شارادا نزیکی نەمانەو لە ئەلف و بێی عەرەبی(کە بەکەمی پێکهاتووە) سوودوەردەگرن تەنها سێ ملیۆن قسەکەری هەیە و زمانی یاسایی هیندەو بۆتە هۆی ئەوەی تاڕادەیەکی زیاد ببێتە هۆی جیاوازی و ناکۆکی نێوان هیند و پاکستانە.



## قۆناغەکانی مێژووی گۆڕانی زمانی کوردی

بەم شێوەیەی خوارەوە ئەو قۆناغە مێژوویانەی گۆڕانی زمانی کوردی پێیدا تێپەریوە بەپێی بەڵگەی مێژوویی دەیخەینەڕوو.

**١. قۆناغی زمانی کوردی کۆن(دێرین)**

ئەم قۆناغە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی میدییەکانەوە دەست پێدەکات لە نێوان ساڵی ٧٧٠پ. ز.[١٥٤]زمانی ماد، زمانی فەرمی دەوڵەتی ماد بووە هەرچەندە بەڵگەی نووسراو نەدۆزراوەتەوە، کۆنترین بەڵگەی نووسراوی قۆناغی کۆن زمانی ئاوێستابووە، گاتایی ئایینی زەردەشتی بەشی هەرە دیاریەتی، کە گەورەترین و بەنرخترین بەشی کتێبی پیرۆزی ئاوێستاپێك دەهێنێت، بریتییە لە سروودە ئایینییەکانی پێغەمبەر زەردەشت خۆی وکاکڵەو ناوەڕۆکی ئایینەکەیە لە ناو گەلانی ئارییدا وەك: کورد، فارس، هیند،........هتد بڵاوبۆتەوە، تائێستاش زەردەشتی لە ئێران و لە بۆمبای وڵاتی پاکستان هەن و لەسەر ئایینەکە ماونەتەوە و ڕێ و ڕەسمی ئایینەکەیان پاراستووە.

**٢. قۆناغی زمانی کوردی ناوەڕاست.**

ئەم قۆناغە لە سەرەتایی دەسەڵاتی هێلینییەکانەوە[١٥٥] تاکۆتایی قۆناغی ساسانییەکان درێژەی کێشاوە، ئەم قۆناغە لە مێژووی زمانی کوردی تاریکە، بەوەی بەڵگەی نووسراو بۆ ئەم سەردەمەی زمانی کوردی بەتەواوی نابینرێت، ئەم ماوەیە بەدوو قۆناغی وەکو دەوری پەهلەوی ئەشکانی(پەهلەوی باکووری) لە(٢٢١ پ ـ ز ـ ٢٢٤ پ ـ ز) دەوری پەهلەوی ساسانی (پەهلەوی باشوور) لە نێوان (٢٢٥ـ٦٥٠ز) درێژەی کێشاوە [١٥٦] دووەمیان دەکرێ بە نموونە بۆ مێژووی زمانی کوردی، کە کۆمەڵە زاری باشووری زمانی کوردی وەك: فەیلی و لوڕی پاشماوەی زمانی پەهلەوییە قەباڵەکانی هەورەمان نموونەی ئەم دەورەیەن[١٥٧] و ئاوێستایی سەردەمی ساسانییەکان کە زەند و پازەند دەگرێتەوە بەڵگەی نووسراون ئاوێستای ئەم سەردەمە

بەفەرمانی ئەردەشێر پاپك لەلایەن پیرە ئایینییە زەردەشتییەکانەوە دوای فەوتان و و سووتاندنی ئاوێستایی یەکەم نووسراوەتەوە.

ئەم ئاوێستەیە تابلاّوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە سەدەی (٧ز) لە کوردستان ماوەتەوە هۆیی نەبوونی بەڵگەی نووسراوی ئەم قۆناغەی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ توندوتیژی و ژێردەست خستنی زمانی کوردی لەلایەن ناحەزانی نەتەوەی کوردەوە.

**٣. قۆناغی شێوەزاری زمانی کودی:**

ئەم قۆناغە لە مێژووی گۆڕانی زمانی کوردی بەسەردەمی هاتنە کایەو بەکارهێنانی شێوەزارەکانی زمانی کوردی ناودەبرێت قۆناغێکە لە ئەنجامی هەڵوەشانەوەی دین و دەوڵەتی ئیسلامەوە لە سەدەی (١٠ز) دەستی پێکرد و نەتەوەکانی موسڵمانی ناعەرەبی وەکو: کورد، فارس، .....هتد دەوڵەتی بچووك بچووك و میرنشینیان دامەزراند و لە سنووری میرنشینەکانیاندا گەڕانەوە، سەر بەکارهێنانی زمانی زگماکی نەتەوەی خۆیان.

ئەمەش لە ئەنجامی پاش دوو سەدە بێدەنگی لە چالاکی و پاشەکشەکردنی گەشەکردنی زمانی کوردی لە نێوان سەدەی(١٠ــ ١١) دا چوارینە شیعرییەکانی بابەتاهیری هەمەدانی بە شێوەی لوڕی نموونەی دەق و بەڵگەی نووسراوی زمانی کوردین لەو سەردەمەدا(١٥٨). پاش لوڕی قۆناغی شێوەزار لە سەردەمی جیاجیای مێژووی زمانی کوردیدا وەکو هەورامی لە نێوان نیوەی دووەمی سەدەی (١٧ز) و سەرەتایی سەدەی بیستەم بەرهەمی شیعرەکانی بێسارانی مەلای جەباری و مەولەوی وسەی یاقۆ شاعیرانی تر نموونەی شیعری نووسراوی ئەم قۆناغەن.

قۆناغی شێوەزاری زمانی کوردی لە مێژووی گۆڕانی ئەم زمانەدا ماوەیەکی زۆری خایاندووە، لە نێوان سەدەی (١٥ــ ١٧ ز) شیعری شاعیرانی سەروو وەکو: علی حەریری و فقێ تەیران و مەلای جزیری و خانی بەڵگەی نووسراوی ئەو سەردەمەن و لە سەرەتای سەدەی (١٩ز) بەدواوە زاری کوردی ناوەڕاست بە هۆی شیعرەکانی نالی و سالم و کوردییەوە بەڵگەی نووسراون لەوسەردەمەدا.



ئەم قۆناغە لە کۆتایی سەدەی (١٩ ز) بەدەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان لە ١٨٩٨/٤/٢٢ کۆتایی دێت:

**٤. قۆناغی نوێی زمانی کوردی**

زۆر بەدەگمەن باسی مێژووی زمانی کوردی کراوە، یەکێك لەوانە باسی قۆناغە مێژوویەکانی زمانی کوردییە کە ئاوڕی لێنەدراوەتەوە و ئەوەشی هەیە یەك دوو باسە و تەنها سێ قۆناغیان لە گۆڕانی مێژووی زمانی کوردی دەستنیشان کردووە(١٥٩).

هەر قۆناغێکی گۆڕانی مێژووی زمانی کوردی بەندە بەڕووداوێکی مێژووی دیارەوە کە سەرەتا و کۆتایی لە مێژوودا دیارە، تائێستا کەسێ قۆناغ بۆ ئەم مەبەستە خراوەتە ڕوو، لەگەڵ بلاّوبوونەوەی ئایینی ئیسلامدا قۆناغەکە تەواوبووە و بەدوایدا قۆناغی تر دەستنیشان نەکراوە یان کراوە ڕون نەکراوەتەوە.

ئەمجا قۆناغی چوارەمی گەشەو گۆڕان و پەرەسەندنی زمانی کوردی وەکو قۆناغی مێژوویی پێویستە لە دەرکەوتن و دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردییەوە، کوردستان لە١٨٩٨/٤/٢٢ ز بکرێتە سەرەتایی قۆناغی چوارەم بۆ مێژووی گۆڕانی زمانی کوردی چونکە زمانی کوردی لە زمانی شیعرەوە دەوری زمانی نووسینی بینیوە و گۆڕانی چۆنایەتی بەخۆیەوە بینیوە، لەوە پێشتر زمانی کوردی لە قاوغێکی تەسکی زمانی شیعریدا بووە، بەلاّم لەم مێژووەوە هەنگاوی گرنگی بەرەوپێشەوە ناوە، چونکە زمانی ڕۆژنامەگەری جۆراوجۆرە وەکو زمانی نووسینی وتاری جۆراوجۆری سیاسی، کۆمەلاّیەتی، ئابووری، ڕۆشەنبیری و ئەدەبی، مێژووی، ئایینی، زمانی ڕاگەیاندن، تەنانەت ڕۆژنامەی کوردستان زمانی ئاگاداری و پڕوپاگەندەی بازرگانی و ئابووریشی تێدا بلاّوبۆتەوە.

بۆیە پێویستە مێژووی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کە کوردستانە بکرێت بەقۆناغی نوێی زمانی کودی، زمانی کوردی لەم دەورەیەدا وردە وردە بوژاوەتەوە، فەرهەنگی زمانەکەی بە هۆی وشە و زاراوەو تازەو نوێی ڕۆژنامەگەرییەوە فراوان و بلاّوبۆوە، بێجگە لەوەش زمانەکە بەرەو پوختی و بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی و

خۆماڵی هەنگاوی بەرەو پێشەو ناوەو ڕۆژبەڕۆژیش هەر لە دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیەوەو لە ڕۆژنامەکانی تریشەوە شێوازی بەکارهێنانی زمانەکەی لەوشەی بێگانە پاك بۆتەوە و ڕادەکەی لەناو زمانەکەدا بەرەو کەمبوونەوە وکزبوون چووە.

ئەمەش هەر لە زمانی ڕۆژنامەکانی دەوری شێخ محمود، دەوری چل و پەنجاکان، پاشان زمانی کوردی لە دەوری بەیانی یانزەی ئازار و پاشان لە دوایی ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ بەدواوە ئەم ڕاستییە دەردەکەوێت ئێستا لە کۆڕ و کۆبوونەوەی نێو دەوڵەتیدا بەکاردێت، لەبەر ئەم هۆیەو لە دوای ئەم ڕوونکردنەوەیە بە قۆناغی بژارکردن و نوێ بوونەوەی زمانی کوردی دادەنرێت.



## تایبەتێتی قۆناغی مێژووی نوێی زمانی کوردی

بەپێی ڕاستی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە واقیعی ژیانی ئەمڕۆی کوردا چ لە کوردستان و چ لە دەرەوە لەلایەن پەنابەرانی کوردی ئەوروپاوە، زمانی کوردی گۆڕانی مێژوویی بەخۆیەوە دیوە، دەکرێت ئەم تایبەتیانە دەستنیشان بکرێت.

١) زمانی کوردی لە زمانی شیعرەوە بوو بەزمانی ڕۆژنامەگەری و زمانی نووسین.

٢) زمانی کوردی بەرەو بژارەکردن و نوێ بوونەوەی بەردەوام هەنگاو دەنێت،

٣) مەودای بەکارهێنانی بەرەو فراوانی و بەربڵاوی دەچێت.

٤) لە دوایی ١٩٩١ەوە شێوازی زمانی دیبلۆماسی دەگرێتەخۆی.

٥) بۆتە زمانی دەزگا جۆراو جۆرەکانی ڕاگەیاندن لەڕادیۆ، کەناڵی ئاسمانی، تۆڕی ئینتەرنێت، ڕادیۆی ئەمریکا.

٦) بۆتە زمانی فەرمی دام و دەزگاکانی بەڕێوەبردنی کارگێڕی دەسەڵات.

٧) دەوری زمانی زانست و ئەکادیمیەت بەتایبەتی لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بە شێوەیەکی کارەکی دەبینێ و بەردەوامیشە.

٨) زمانی کوردی قۆناغی نوێ، گەشەو گۆڕان و پەرەسەندنی لە بواری فراوانبوونی وشەو شێواز بەخۆیەوە بینیوە.

## هۆی ستاندەربوونی زاری کوردی ناوەڕاست

زاری کوردی ناوەڕاست کە بناغەکەی شێوەزاری ناوچەی سلێمانی، کەرکووك، موکریان، ئەردەڵان و سۆرانە دەکرێت لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە دەوری ستاندەربوون ببینێت:

١) بەردەوام بوونی لە خزمەتکردنی کەلتوور و ئەدەبیات و فەرهەنگ و رۆشەنبیری نەتەوەیدا بێ ئەوەی بپچڕێت، یا لە کاربکەوێت بەپێچەوانەوە لەگەشەسەندن دابوو هەردەم بواری جۆراوجۆر و مەودای کارکردنی بەکارهێنانی فراوان بووە.

٢) لە بەکارهێنانیدا یەکەم زارێکە لەناو زار و شێوەزارەکانی تری زمانی کوردیدا بەردەوامی بەخۆیەوە بینیوە وەکو زمانی نووسین.

٣) ناساندنی نەتەوەی کورد لەلای خۆی و چ لەلای دەرەوە بەرێگای وەرگێران و ناساندنی کلتوور و فەرهەنگ و ناودارانی رۆشەنبیری و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و نشتیمانیداو کوردانی وڵاتی شورەوی جارانیشی لەڕوی شیعر و ئەدەبیات و رۆشەنبیری و ڕۆژنامەگەریدا ناساندووە بەنەتەوەکەی خۆی.

٤) زاری کوردی ناوەڕاست بەپێچەوانەی زارەکانی تری زمانی کوردییەوە، لە زمانی شیعر و ئەدەبیاتەوە، بۆتە زمانی خوێندن و رۆشەنبیری و ڕۆژنامەگەری و زانست و ئەکادیمیەت و دەیان و سەدان نامەی زانستی و ئەکادیمی لە زانستە مرۆڤایەتییە جیاجیاکاندا پێی نووسراوەتەوە.

٥) وەکو زمانی فەرمی لەبەڕێوەبردنی دام و دەزگاکانی دەسەڵاتی باشووری کوردستان بۆ ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی ئیش و کاری ڕۆژانە بەکاردەهێنرێت.

٦) هەنگاوی ئەوەی ناوە لەلایەن سیاسەتمەدار و لێپرسراوانەوە، لە کۆڕو کۆبوونەوەی دەرەوەی وڵاتان بەرێگای وەرگێرانەوە بەکاربهێنرێت.

٧) لەتۆڕی ئینتەرنێت و سایتەکاندا، بۆ گواستنەوەی هەواڵ و زانست و زانیاری بەکاردێت و زانیارییەکانی سەرجۆرە مۆبایلی(LG)یشی پێ نووسراوەتەوە.



٨) ناوەندو شوێنی زاری کوردی ناوەڕاست بەتایبەتی مەڵبەندی زارەکە لە رووی ڕۆشەنبیری و ئەدەبیات و شارستانیەتەوە لە ناوچەکانی تری کوردستان پێشکەوتوو ترە و بەردەوام مەڵبەندی شاعیران و نووسەران و دەرچوونی ڕۆژنامەو گۆڤار خوێندنی کوردی بووە.

٩) دانانی کتێب لە بارەی زمان و ڕێزمانی کوردییەوە بەزاری کوردی ناوەڕاست لە سەرەتایی سەدەی بیستەوە نیشانەی گەش و دیاری ستاندەربوونی ئەم زارەیە دەورێکی نوێ لە مێژووی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی دەستی پێدەکات، بۆ نموونە وەك لای سەعید صدقی کابان لە بارەی ڕێزمانی کوردی وشەسازی و رستەسازی لە ساڵی ١٩٢٨ و دەستووری زمانی کوردی تۆفیق وەهبی لە١٩٢٩ و بەردەوام بوونی ئەم دیاردەیە لە بوارە جیاجیایی بابەتە زمانەوانییەکان وەك ڕێنووس، دیاریکردنی دەنگەکانی زمان، ڕێزمان، چۆنیەتی پەیدابوونی زمان، وەرچەرخانێکی مێژوویی بۆ زمانی نەتەوە، وەك بایەخدان بەزمانی نەتەوە جیاوازەکانی ئەورووپاو بوژاندنەوەیان لە دوایی نەمانی زمانی لاتینی لە سەدەی ١٦ لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەم زارە ئاوێتە بکرێت بەوشە و زاراوەی شێوەزارەکانی ناوچەکانی تری وڵاتی کوردەواری و خۆشی بکرێتە بنەڕەت و بنچینە بۆ ئەو زمانە نەتەوەییەی کە خەڵکی ڕۆشەنبیری نەتەوە پەرست و روناکبیری نەتەوەیی چاوەڕوانییەتی.

## دیاریکردنی زارەکانی زمانی کوردی و دیاریکردنی زاری ستاندار لەناویاندا

لە کۆتایی ئەم باسەوە بەپێی پێویست و دیاریکردنی زمانی کوردی و شێوەو زارە جیاجیاکانی بەکورتی و بێ لێدوان لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو* بەپێی زمانی ئەوەی لە

* بڕوانە د. ڕەفق شوانی، دابەشکردنی نوێی زارەکانی زمانی کوردی، باسێکی ئەکادیمی و نیمچە مەیدانیشە، لە گۆڤاری کۆلیجی زمانی زانکۆی بەغدا بە نووسراوی، ژمارە(٥٩) لە١٢ / ٩/ ٢٠٠٥ ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی وەرگرتووە.

مێژوودا کامیان بەپێی گۆڕانی بارودۆخی نەتەوەکە بۆتە زمانی شیعرو ئەدەبیات و زمانی نووسین.

١) کۆمەڵە زاری کوردی باشووری: لوڕی(فەیلی)، بەختیاری، کرماشانی، لەکی، کەڵهوڕی، خانەقینی، گەروسی ـ شوانی کێشك ـ دەربەندی قوورەیی.

٢) کۆمەڵە زاری گۆران: هەورامی، باجەلانی، ماچۆ(کاکەیی، زەنگەنەو شێخانی)، واتە گۆڕانی ئەسڵ، زازایی.

٣) کۆمەڵە زاری کرمانجی : بۆتانی، بادینی ، بایەزیدی، هەکاری، شکاکی ، ڕۆژئاوایی.

٤) کۆمەڵە زاری کوردی ناوەڕاست: سلێمانی، گەرمیانی و جافی، موکری، ئەردەلانی(سنەیی) سۆرانی.

شێوەی سلێمانی یاپوختەی زاری کوردی ناوەڕاست ئێستا دەوری زمانی ستاندەری کوردی بینیوە، چونکە بەبەردەوامی لە سەرەتایی سەدەی(١٩ز) مەوە تاکو ئێستا بێ پچڕان دەوری زمانی شیعر ، ئەدەبیات، زمانی خوێندن، ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری (ڕادیۆ، تەلەفزیۆن)، زمانی دانراو و سەرچاوە ڕۆشەنبیرییەکانی کوردە، زمانی زانستی و ئەکادیمی و کۆڕی زانیاری، زمانی کۆڕ و کۆنفرانس و کۆنگرەی زانستی ، زمانی کەناڵی ئاسمانی، لە تۆڕی ئینتەرنێت و دەزگا خێرا پەیوەندییەکانەو لەمەشدا بەردەوام بەرەوپێشەوە دەڕوات و لە پێشکەوتنی بەردەوام و هەڵکشاندایە.

ئەمە بێجگە لە بایەخ پێدانی ڕۆشەنبیرانی کورد بەلێکۆڵینەوەی ئەدەبە و مێژووی نەتەوەکەیان، لەوسەردەمەدا زەمینە خۆشبوو، کە باشووری کوردستان ببێتە مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەبیات و دەرچوونی چەندین ڕۆژنامەو گۆڤار بەزمانی کوردی ناوەڕاست.



## هۆی پێکهاتنی زمانی نەتەوەیی (زمانی نووسین، زمانی فەرمی، زمانی دەوڵەتی)

لە زانستی زماندا وەکو تاقیکردنەوە یەك لە مێژووی زمانی نەتەوەکاندا چەند هۆیەکی وەکو: ئایینی، ئابووری، سیاسی، ڕۆشەنبیری، یەکێك یادوو لەم هۆیانە زارێك لە زارەکانی زمانی نەتەوەدا دەکەن بەزمانی نەتەوەیی سەرانسەری دەکرێ پێی بوترێت زمانی ستاندەر، و هەریەك لەم هۆیانە لە مێژوودا زمانی نەتەوەیی بۆ نەتەوەکان پێکهێناوە، بۆ نموونە لە مێژووی زۆر کۆندا زمانی کۆنی هیندی، واتە سانسکریتی لە دەوری ٢٥٠٠ ساڵ پێش زاین بۆتە زمانی ئاییینی هیندۆو نەتەوە کۆنەکانی هیندستان.

هۆی ڕۆشەنبیریش زاری شاری لەندەنی بەهۆیی سەرکەوتنی شانۆگەرییەکانی شەکسبیرەوە کرد بەهەموو وڵاتی ئینگلستان، زمانی عەرەبی شێوازی هۆزی قورەیشی لە ئەنجامی هۆی ڕۆشنەبیری و شیعر خوێندنەوەی شاعیرانی هۆزە عەرەبەکان لەڕۆژانی هەینی لە بازاڕی عەکاز و هۆی بازرگانی و ئابووری نێوان کوڕانی هەر دوو بنەماڵەی هاشم و ئومەییە لەوڵاتی حیجاز و لەگەڵ وڵاتی شام و پاشان هۆی ئاییینی بە هۆی ئەم زەمینە خۆشکردنەوە کە بریتی بوو لە هەردوو هۆی ڕۆشەنبیری و بازرگانی و ئابووری زاری قورەیشی کرد بەزمانی نەتەوەیی و فەرمی هەموو وڵاتانی عارەب لە زەریایی هادییەوە بۆ کەنداو، بەم شێوەیەش و بەهۆی بوونی بەرهەمی ئەدەبی بەهەردوو زاری سەکسونی لە وڵاتی ئەڵمانیاو توسکانی لە ئیتاڵیا و نەبوونی بەو شێوەزارەکانی تری ئەو دوو وڵاتە هۆی ڕۆشەنبیری و ئەدەبی زمانی نەتەوەیی (زمانی فەرمی ـ زمانی دەوڵەتی ـ زمانی نووسین) لەزاری سەکسونی و زاری تۆسکانییەوە وبۆ هەموو ئەڵمانیا و ئیتاڵیا پێکهات و زاری سەکسۆنی بووبە زمانی ئەڵمانی و توسکانیش بەئیتاڵی [١٦٠] زاری مەدریدی پایتەختی ئیسپانیابوو بەهەموو زمانی وڵاتی ئیسپانیا.

هۆیی ئایینیش لە مێژوودا لە پێکهاتنی زمانی نەتەوییدا دەورێکی گرنگ و پێشینەی بینیوە، زمانی سانسکریتی بە هۆی ئایینی هیندەوە بوو بەزمانی نووسین و رێزمان و زانای هیند پانینی دەوری ٢٥٠٠ پ ـ ز لێکۆڵینەوەی لە سەر ڕێزمانی هیندی بە سانسکریتی کردو بیروڕایی هەندێك زانایان هەیە کە ئەم زمانە هیندۆ ئەوروپیەکان پێکدێنێت، هەر لەم ڕووە دەکرێت باسی زمانی ئاڤێستا بکەین وەکو کۆنترین شێوە زمانی کوردی و ئێرانی لە سەدەی(٧ پ ـ ز ) دا ئایینی زەردەشتی پێ نووسراوەتەوە، تاسەردەمی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە سەدەی (٧ ز) ئاوێستا بەهۆیی ئایینەوە دەوری زمانی نەتەوەیی بینیوە، پاشان بەهۆیی هاتنی ئایینی ئیسلام و زمانی عەرەبییەوە ئاوێستا پاشەکشەی کردووە وەکو زمانی ئایینی، کەواتە هۆی ئایینی ئەگەرچی لە سەرەتاوە زەمینەی خۆشکردووە بۆ پەیدابونی زمانی نەتەوەیی، بەڵام دواتر نەیتوانیوە بەردەوام بێت و هەر بەهۆیی ئایینی ترەوە لەکارکەوتووە.

لێرەدا دەوری ئایینیش تەواوبوو نەی توانی بۆ کورد دەورببینێ بۆ پەیدابوونی زمانی نەتەوەیی، لێرەوە ڕوو دەکەینە هۆی ترە وەکو:

**هۆی ئابووری:** لە زانستی زماندا دەوری هۆی ئابووری لە مێژووی زماندا بۆ پێکهێنانی زمانی نەتەوەیی باسکراوە، لەم ڕووەوە جاری وایە هەیە ناوەندێك بۆ چالاکی بازرگانی و ئابووری لەوڵاتدا پێکدێت و دەبێتە هۆی پەیدابوونی پەیوەندی نێوان ئەم دوو ناوندە و ناوچەکانی تری وڵات، بەهۆیی ئاڵ وگۆڕی بازرگانی وکڕین و فرۆشتنەوە هاتووچۆیی بەردەوام دینێەکایەوەو لەو ناوەندەدا دەشێت زاری ناوچەکەی یازارێکی تر دەوری لەو مامەلە و پەیوەندی کردنەدا بۆ تێگەیشتنی نێوان خەڵك ببینێ و وردە وردە شێوەی قسەکردنی ئەوێ لە نووسینی کاروباری بازرگانی و ئابووری بەکاردێت و بەهۆیەوە بەڕێوە دەچێت و ئەگەر بەردەوامی بەخۆیەوە ببینێت دەبێت بەزمانی نووسین و بەڕێوەبردنی دام و دەزگا فەرمییەکانی وڵات و بەڕێوەبردن.

بەزۆری ئەم ناوەندە ئابووری و بازرگانییە، لە شوێنی نزیك دەریاو رووباری گەورە وڵات دەبەستێتەوە بەوڵاتی ترەوە روودەدات و کەشتی بازرگانی و گواستنەوە روو



دەکاتە ئەو شوێنانە و هەزاران کەس لەوێدا کۆدەبێتەوە ولەم رووەوە هیچ بەشێکی کوردستان بەدەم دەریاوە نییە و سنوورێکی دەستکردیش پەیوەندییەکەی نەهێشتوە، بۆیە ئابووری هیچ دەورێك لە پێك هێنانی زمانی نەتەوەیی بۆ کورد نابینێ و لەڕابردووشدا نەی بینیوە، چونکە کوردستان وڵاتێکی لەیەکدابڕاو و پارچە پارچەکراوە و پەیوەندیی نێوانیان لەیەکترازاوە.

هۆیەکیتر کە مابێتەوە بۆ پێکهێنانی زمانی نەتەوەیی کوردی یارێگا خۆشبکات بۆ ئەم مەبەستە دوای هۆی ئایینی و ئابووری هۆیی ڕۆشەنبیری و سیاسییەوە لێرەوە دێینە سەری هۆی ڕۆشەنبیری.

هۆی ڕۆشنەبیری بۆ پێکهێنانی زمانی نەتەوەیی کوردی، لە مێژووی زمانەکەدا، لە سەردەمی پەیدابوونی شێوەزاری زمانی کوردییەوە، لەدوایی بڵاوبوونەوی ئایینی ئیسلام و هەڵوەشانەوەی دین و دەوڵەت لەیەکتر وگەڕانەوەی میللەتی کوردی بۆ بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی دەوری بەردەوامی بینیوە.

لە سەرەتای ئەم بارودۆخە تازەوە، لە نێوان سەدەی(١٠ ـ ١١ز) داشێوەزاری لوڕی بە هۆی شیعرەکانی بابەتاهیری هەمەدانییەوە لە ساڵی (٩٢٥ـ ١٠١٠ ز) بوو بەزمانی شیعر پاشان زاری گۆران هەورامی لە نێوان نیوەی دووەمی سەدەی (١٧ز) و سەرەتایی سەدەی (٢٠ ) لەلایەن بێسارانی (١٦٤١ـ ١٧٠٢ )ز، مەلایی جەباری (١٨٠٦ـ ١٨٧٦ ز)، مەولەوی (١٨٠٦ ـ ١٨٨٢ ز)، سەی یاقۆ (١٨٠٨ـ ١٨٨١ ز) شاعیرانی دوایی تریش وەکو حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە، خانای قوبادی، ......هتد لە نووسینی شیعر لە ناوچەی هەورەمان و کەرکوك بەکارهاتووە و پاشان لە سەرەتایی سەدەی بیستەمەوە لە کارکەوتووە و زاری کوردی ناوەڕاست لەبرەو دابووە.

لە سەرەتای سەدەی (١٩ ز) زاری کوردی ناوەڕاست لەلایەن علی بەردەشانی، نالی (١٨٠٠ـ ١٨٥٦ز)، سالم (١٨٠٠ ـ١٨٦٦ز)، کوردی (١٨٠٩ ـ ١٨٤٩)ز[١٦١] بۆتە زمانی شیعر و بەدەیان و سەدان شاعیری تر، بەم شێوە زمانە شیعریان نووسیووە.

ـ ئەوەی زاری کوردی ناوەڕاست، وەکو زمانی شیعر لەزارەکانی تر کە بوونە بەزمانی شیعر جیادەکاتەوە، ئەوەیە کەزاری کوردی ناوەڕاست بەردەوامی بەخۆیەوە بینیوە و لە زمانی شیعرەوە بۆتە زمانی ئەدەبیات و ڕۆژنامەگەری و پاشان دەوری زمانی نووسین و خوێندن و زانست و ئەکادیمیەت و رادیۆو تەلەفزیۆنی کەناڵی ئاسمانی و زمانی تۆڕی ئینتەرنێتی بینیوە.

بۆیە هۆی ڕۆشنبیری لەناو هەموو هۆیەکانی تر لە پێکهێنانی زمانی ستانداری کوردی دەوری بینیوە لەوەی زاری کوردی ناوەڕاست بەرەوستاندار بەرێت.

ئەوەی لێرەدا ماوەتەوە، بڕیاری سیاسییە بە هۆی گونجانی بارودۆخی سیاسییەوە لە سەردەمی نەتەوەییدا زارێك بکات بەزمانێکی فەرمی و نەتەوەیی یان بەلای کەمەوە بکات بەزمانی ستاندار، ئەم بڕیارەش بۆ زمانی کوردی بۆ نەتەوەی کورد دەبێت ڕەچاوی بارو هۆی ڕۆشەنبیری زمانی کوردی بکات، کە چ شێوەزارێکە ئەم دەورەی بینیوە و لەخزمەت و بەکارهێنانی نووسیندا بەردەوامە تا بەم بڕیارە زاری کوردی ناوەڕاست بە هۆی ئەم زەمینە لەبار و گونجاوە کە لە مێژوودا بە بەردەوامی بەردەوامی هەیەتی لە خزمەتکردندا بکرێت بەزمانی ستاندار.

پێویستە بڕیاری سیاسی لەم ڕووەوە پاشگەزبوونەوەی لە دوا نەبێت و شایستەی جێبەجێکردن بێت لەلایەن خەڵك و ڕۆشەنبیران و فەرمیاتەوە.

کەواتە لێرەدا دەرکەوت هۆی ڕۆشەنبیری لەپاڵ هۆی سیاسیدا ماوەتەوە لە مێژووی زمانی کوردیدا زارێکی زمانی کوردی بکات بە زمانی نەتەوەیی، چونکە هۆیەکانی تری وەکو ئایینی و بازرگانی و ئابووری بۆ کورد و زمانەکەی دەوری هێنانە کایەی زمانی ستانداری یازمانی فەرمی نەبینیوە.

**هۆی سیاسی:** هۆی سیاسی یەکێکە لەو هۆیانەی کەزارێك یا شێوەزارێکی زمان دەهێنێتە کایەوە و لە ئەدەبیات و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیدا بەکاردەبرێت.

**هۆی سیاسی:** لە سەردەمی بەرپاکردنی ڕاپەڕین و شۆڕشدا بەزارێك بڵاوکراوە و ڕاگەیاندراوەکانی لە ڕۆژنامەو ڕادیۆدا بڵاودەکاتەوە، وردە وردە ئەو زارو شێوەزارە بە



هۆی کاری سیاسییەوە گەشەدەستێنێت و مەودای بە کارهێنانی فروان دەکات و بەهۆیی وشیاری و بڵاوبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی و نشتیمانپەروەرییەوە، لە ناو ڕۆشەنبیر و خوێندەوار و نووسەرانەوە بەکاردەهێنرێت، بەکارهێنانیشی بەرهەمی ڕۆشەنبیری جیاوازی پێ تۆماردەکرێت، ئەم بەکارهێنان و بڵاوبوونەوەیی ئەم زارە، زەمینەی بۆ خۆشدەبێت لە سەردەمی ڕزگاری نشتیمانی نەتەوەییدا پێویستی بەبڕیارێکی سیاسی گونجاو هەیە بۆ ئەوەی بکرێت بەزمانی فەرمی و نەتەوەی یا بەلای کەمەوە لە بەڕێوەبردنی دام و دەزگا کارگێری و خوێندن و هۆیە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن بە شێوەی سەرانسەری بەکاربهێنرێت و بوارنەدرێت بە شێوەزارێکی تر لەبەرانبەریدا بەکاربێت.

بێجگە لەوەی ئەگەر شێوەزارە بەکارهێنراوەکە هی سنووری دەسەڵات و زاری ناوچەی دەسەڵات و پایتەختەکەی بێت، سەرکەوتنێکی چاك بەخۆیەوە دەبینێ بەرەو بوونی بەزمانی سەرانسەری(زمانی نەتەوەیی، زمانی فەرمی، زمانی دەوڵەتی، زمانی نووسین).

لێرەدا ئەوەی گرنگە بوترێت بەبڕیاری سیاسی پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکات کە ئەو زارە یائەو شێوزارە ڕابردوویەکی چاك و پڕ بەرهەم و بەردەوامی هەیە و لە خزمەتکردندا دانەبڕاوە و بەردەوامی بەخۆیەوە دیوە و لەوەش گرنگتر ئەگەر زمانی خوێندن و زانست و سەرچاوەی سامانی ڕۆشەنبیری و نووسراو و زانراو نەتەوەکەی بێت بە عەمدەن ڕێگای لێ نەگیرێت ئەوا ئەمرۆبێت یاسبەی دەبێت بە زمانی نەتەوەیی و بڕیارێکی سیاسی زانستی ئەمەی بۆ مسۆگەر دەکات.

هەروەکو لە هۆی ڕۆشەنبیری هێمامان بۆ کرد وتمان ئەم حاڵەتە بۆ زاری کوردی ناوەڕاست هەیەو خەملاوە و ڕابردوویەکی چاك و پڕ خزمەت و پڕ بەرهەمی هەیە و ئەگەر کۆسپ نەخرێتە سەر ڕێگای پێویستە بە بڕیارێکی سیاسی بکرێتە زمانی فەرمی.

## پەیوەندی زمانی کوردی بە زمانە کۆنەکانی زنجیرە چیایی زاگرۆسەوە

زۆربەی سەرچاوە زمانەوانییە نوێیەکانی ئێرانی کە بەزمانی فارسییە جەخت لەسەر بوونی پەیوەندی زمانی کوردی بە زمانە کۆنەکانی میللەتانی نیشتەجێبوی چیاکانی زاگرۆسەوە لەڕووی بوونی وشەی هاوبەش و لەیەکچوو دەکەن، ئەمە بێجگە لەڕووی گۆڕانی دیاردەی دەنگسازی هەندێك دەنگ لەو زمانانەدا وەکو زمانی سۆمەری، عیلامی، لۆلۆیی، گۆتی، کاسی، ئۆرارتی، سۆرباتۆ و هیتی.

هۆی بنەڕەتی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی میللەتانی خاوەن ئەم زمانە جیاوازانە نیشتەجێبووی ریزە چیاکانی زاگرۆس و یەك یەك و یا لە دەرووپشتی یەکتر ژیاون و هەبوونە، بۆیە ڕەگ و ریشەی زمانی کوردی بەدرێژایی مێژووی گەشەو گۆڕانی بەپێی بوونی بەڵگەی مێژووی زمانەوانی پاشماوە و زایندەی زمانی ئەم میللەتانەی چیای زاگرۆسە، دەکرێت و کارێکی زانستیشە بە زمانی کوردی بڵێین: زمانی کوردی زمانێکی زاگرۆسییە و کوردی ئەمڕۆش پاشماوەی میللەتانی لۆلۆ، گۆتی، کاسی، ئۆرارتۆیی و سۆبارتۆییەو ئەمانیش پێشینانی کوردی ئەم ڕۆژگارەن، هەر لەم ڕووەشەوەیە چیایی زاگرۆس ناوی لای کورد پیرۆز و مێژوویی و بەڵگەی ڕەسەنایەتی کوردە، چونکە ئەم ریزەچیایە لانکەی نش ونمای ئەم میللەتانەی زاگرۆسی بوو بەکوردیشەوە. لە خوارەوە پەیوەندی نێوانیان بەتایبەتی لەڕووی لە یەکچوونی وشەوە ڕووندەکەینەوە:

### پەیوەندی زمانی سۆمەری و زمانی کوردی:

زمانی کوردی وشەی لە یەکچوونی زۆرە لەگەڵ وشەکانی زمانی سۆمەریدا کە لە هەزارەی چوارەمی پێش زاین[١٦٢] لەسەر خاکێك لە نێوان دیجلە و فوراتدا بەناوی سۆمەر)ەوە ژیاون. کۆنینە ناساکان: (کۆنەناس) لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیاندا دەریان خستووە، کەسەرزەمینی خاکی ئێرانی ئێستا لە باکووری گەیلان و مازندەرانەوە تا کەناری دووڕگەی فارس، شوێنی هەڵسوکەوتی ئەم میللەتانە و نیشانەی شوێن پێی



ئەوانی پێوەیە. ئەگەر کتێب و بەردە نووسراوەکان لە شوێنی سۆمەری و عیلامی هەموو میللەتانی ریزە چیایی زاگرۆس بە بەڵگەی وردو و لێکۆڵینەوە وەربگێڕین، ڕەگ و ریشەی قوڵی شتەماوەکان هەست پێدەکەین کە باس لە کاریگەری وەرگرتن و تێپەڕبوون کاریگەرییە بەهێزەکانی بۆ سەر ڕەگی ئەو خزمایەتییە نەژادی و فەرهەنگییە بەچاو دەرکەوتووە. لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی سۆمەری ئەمە باسدەکات. بۆ نموونە:

بۆ نموونە وشەی(گەنە) بەزمانی سۆمەر بەواتایی کچ دێت و ئەم شێوانەی لە زمانی کوردیدا هەیە(کەن)، (کەن)، (کەنا)، (کەناچێ)، (کێنی)، (کەنیشك).

(گەل) بەسۆمەری واتە مەزن، فراوان، لەکوردیداوگەلێ ـ گەلێك خۆشم دەوێ هەروا(کەڵ)ی عیلامی بەواتایی گەورە و زل، لەکوردیدا کەڵەپیاو، کەڵەکێوی، (نین nin) لەسۆمەریدا نازناوی خوداوەندی مێیینەلە کوردیدا(نەنە) واتە نەنك، ناوی خوداوەندی لۆلۆییە، ناوی شوێنیش وەکو(نینوا) لە ئاشوریدا، (نینۆس) یا(نین) ناوی کچی نەمرود دەدات، لە کوردیشدا (نەنە، نەنێ، نەنك) لەکوردی و فارسیدا هەمان ڕەگەز و ریشەی هەیە.

(شاور)ی سۆمەری خواوەندی شارە، لە عیلامی و ئەکەدی (شارو، شهر) (سار) لە زمانی مادی، سۆمەری (ئوڕ) وەك لە وشەی (ئۆرمێ، ورمێ)، ئۆرشەلیم، ئۆربیلوم(أربیل، هەولێر).

(گابا، گاب) لە سۆمەری، واتە(گوان)ی کوردی گواندار،(پستاندار)، واتە مەڕی گواندار لە سۆمەری، واتە(سینگ، قفص، صدری)

((ئیگ ـ ئیگی)) لە سۆمەری، (کی) لە عیلامی، (ئك) لە میتانیش(ئایکا) لە سانسکریتی ((ئیك))، لە زمانی مادی((ئیو))، لە پشتویی(پیکی)، لەگۆرانیشدا((یۆ)) لە کوردی و فارسیشدا(یەك).

((شوشا)) لە کوردی بۆتە(شەش)

پاشگری((گین)) لە سۆمەریدا بە واتایی (وەکو ـ لێکچوون) دێت وەکو(وادگین)، لە گۆرانی و کوردی ((ژورگین))، ((خوارگین))، ((غەمگین))، ((زەردکین))

((ایکور)) له سۆمەری له کوردی و گۆرانیدا بەم شێوانە دێت وەکو: ((کەوێڵ، کەوێر، گەوڕ، گەوەڕ،)) له دوو وشەی وەك ((ئی))، واتە(خانە) و((کور))، واتە(کوە) لە سۆمەریدا (ئی)، واتە پەرستگا، لە زمانی خوزیدا((ئیبار))،((بارەگاە)) لە کوردیدا((هێوان)) (ایوان، هال، ڕاڕەو) و((هێلان))، واتە ئاشیانە لە کوردی.

نیشانەی نەرێ لەعیلامدا((نۆوnou)) لەکوردی و فارسیدا((نە)) و لەگۆرنیدا(نا).

**پەیوەندی زمانی کوردی بە لۆلۆییەوە:**

پێویستە شوێنی لۆلۆییەکان دیاری بکەین، تاشێوەی بوونی پەیوەندییەکە بەهێزتر بێت. لۆلۆیی: نەتەوەیەك بوونە، لەریزەچیای زاگرۆس لە حەلوان(زوهاو) شارەزور و سلێمانی نیشتەجێ بوونە. زانایانی لێکۆڵەر لەو باوەڕەدان کە فەرهەنگ و زمانی لوڕی[١٦٣] پاشماوەی فەرهەنگ و زمانی نەتەوەی لۆلۆن. کۆنترین بەڵگەیەك لەم رووەوە لەبەر دەستدا بێت، کتێبەکەی نارام سینە لە دەوروبەری ساڵی ٢٥٠٠پ-ز نووسراوەتەوە، بەڵگەی دووەمی لۆلۆییەکان لە قسە بەناوبانگەکانی((ئانۆپانینی))ی پادشایی خۆیانە کە لە دەوروبەری کرماشان روویداوە، کە شێوازو جۆری جل و بەرگی پاشاو خوداوەندەکانە بەباشی دیارە، بەڵام باران نیوەی شوشتۆتەوە و دیارنەماوە، جۆرج کامیرۆن و سپایزەر لەو باوەڕەن لۆلۆ و گوتییەکانیش لە نەتەوەکانی چیای زاگرۆسن خێزانی ئاریایین بەقەفقازی دەزانن.

بەڵگەی زمانەوانی وشەی(بڵ)[١٦٤] کە ناوی خواوەندێکی لۆلۆیەو بەواتای شادی و خۆشی دێت و ناوی سەرچاوەی سروشتی پڕ ئاوە کە لە شاخەوە هەڵدەقوڵێت، لە هەورەمان دێیەك بەناوی(بڵبەر) هەیە لەم وشەیەوە نزیکەو وەکو یەکن، (بێڵو) ناوی کانی ئاوە لە کوردستان لەسەر و ئاباد وشەکە ناوی کانی و ئاو دەگرێتەوە لە وەرزێکدا هەڵدەقوڵێت. وشەی ((بوم)) لە لۆلۆییدا بەواتایی نیشتیمان دێت، بومەلەرزە ڕەسەنایيەتی ئەمە دەردەخات، وشەی((ئاراپها))، واتە کەرکوك پایتەختی گوتیوم ((گوتییەکان)[١٦٥].



دیاردەیەکی دەنگسازی لە زمانە کۆنەکانی زاگرۆسدا بەدی دەکرێت ئەویش دەنگی(ه، خ، س، ش) دەگۆڕێت بەیەکتری و ئێستاش ئەمە باوە وەك: (سار) واتە: (شار)، هوری واتە: خوری، کاسی، کاشی، نیسابور، نیشابور، هوزی، خوزی، هوژی لە زمانی عیلامدا. لەم ڕووەوە ئەم دەنگانە لە عیلامدا وەکو: پ ـ ب ـ د ـ ت، ك ـ گ، s_z، ئێستاش لە زمانی کوردی ئەمڕۆد لەوشەدا گۆڕانیان هەیە لەگەڵ یەکتردا.

**پەیوەندی زمانی کوردی و کاسی:**

هەموو بەڵگەکان کە هەن باسی خزمایەتی کاسییەکان لەگەڵ هەموو نەتەوەکانی ڕیزە چیایی زاگرۆس دەکەن لەعیلامییەوە بگرە تا ئۆرارتۆییەکان. ئاسەوارو شوێن پێی کاسییەکان لەولاتی ڕۆژئاوایی ئێستاوە لە باکوورەوە تاکەنداو دیارەو دەبینرێت.

ئەم نەتەوەیە لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پێش زاین لە دەوری ڕۆژئاوایی نەجدی ئێرانەوە دەسەڵاتیان گرتە دەست. ئەگەرچی سنووری جوگرافی سیاسی ئەم نەتەوەیە بەڕوونی دیاری نەکراوە، بەڵام ئەوەی بەدەستەوەیە لە لورستانی ئێستا، هەمەدان، قەزوین، کاشان و باشوور دەوروبەری دەریایی خەزەر(قەزوین) جێگیربوونەو توانیویانە بەزۆر بابل بگرنە دەست و ماوەی ٧٥ ساڵ دەسەڵات لە نێوان هەردوو رووبار بگرنە دەست.

لە زمانی کاسیشدا بۆ سەلماندنی بەردەوامی ڕەچەڵەکی کورد نیشان دەدەین: ((گیدا))، واتە فەرمان ڕەوا، لە عیلامیدا((کوتە))، لە کوردی و فارسیدا((کێخوا، کدخوا)) یە، ((سور)) ((خۆر))، لە گۆرنیدا((هۆر))ە، هەردووکیان لە(سور)ی کاسییەوە هاتوون. لە بنەڕەتدا((سوریاش)) ناوی خوداوەندێکی کاسییە، لە هەورامانییشدا دییەك بەناوی (سەریاس)[١٦٦] هەیە، وشەی سوریاش ئەم شێوانەی هەیە: ئاشور، سوریا، ئاسورا، ئاسور، وشەی (ئاسۆ) لە کوردیدا (أفق )ە، (ئاسیا)، واتە ڕۆژهەڵات، لە کتێبی ڕۆژهەڵات ئاسۆ بەواتایی ڕۆژهەڵات دێت و ریشەیەکی لە زمانی کاسی هەیە. ئاسن، ئاهن، ماسی، ماهی، بەڵگەی ترن.

وشەکانی: ئاهور، ئاور، ئایر، ئەیر، ئاگر، ئاتر، ئەهوار، هەر وشەی (ئاسورا)یە ((ئی)) لە سۆمەریدا، واتە: ((ئەیانە))، لە گۆرانی کۆندا ((یانە ـ یانێ ))، بەواتە: ماڵ لە گۆرانی نوێدا. وشەی(هێلانە) لە پێشگری ((هێ)) و((لان))، واتە شوێن، خانە.

((کاششو)) خواوەندی نەتەوە، ((خودا، خدا))، لە کوردی و فارسی، ((هود)) لە عەرەبی، ((خوتای)) لەپەهلەوی. وشەی ((هویر))ی کاسی لە کوردیدا ((هۆز))، واتە خێڵ و عەشیرەت. لەکاسیدا بەخانەوادەیەك دەوترێت کە خەریکی ئەنجامدانی کاری کشتوکاڵی و چاندنە، ((خێزان)) وشەیەکە لە کوردیدا بەواتایی خانەوادە دێت و کۆی وشەی (خێز)ە لە زمانی کوردی و زاری گۆرانی و زمانی فارسیدا دەنگی(خ، ه) بەیەکتر باوە.

ئۆرارتۆییەکان: لە سەدەی نۆیەمی زایینیدا لە دەوروبەری (وان) دەوڵەتێك بەناوی((هاڵیدا))، (خالدی) پێکهات کە ئاشوورییەکان بەوانیان وتووە(**ئوراشطو**) لە عیبریدا ناویان ئاراراتە لای یۆنانییەکان (ئەلارودی) و((خالدی)) و (خالدایوی) ناویان بردووە. ئەم دەوڵەتە تاسەدەی شەشەمی پێش زاین ماوە.

لەگەڵ هاتنی ئەرمەنییەکان بەدەسەڵات و هێزەو دەڵەتی ئۆرارتۆ لە ناوچووەو لەگەڵ ئەوان تێکەڵ و ئاوێتە بوونە، بەهەر شێوەیەك بێت ڕۆژهەڵاتناسەکان لەو باوەڕەدان کە کورد پاشماوەی خالیدییەکانن(ئۆرارتۆیی).

زمانی ئۆرارتۆیی کە لە ئازربایجانی و ئەرمەنستان (شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم نەتەوەن ) بەکار هاتووە لەگەڵ زمانی سۆمەریدا مانەوەیان هەبووە.

لە زمانە ((ابر))، واتە پەرستگا لە سۆمەریداخانە(ای) یە، وشەی بارەگا لە کوردی و فارسیدا(باردان) و((باردادن)) لە زمانی ئۆرارتۆیین لە هەمان ڕیشەیە. وشەی(جبەر) لە(بیرۆن) خانە، خارج خانە، ـ((باڵەخانە)) لە هەمان ڕەگەزە. وشەی (ساردور) لە ئۆرارتوییدا بەواتای(سەردار)ی کوردی دێت کە نازناوی گەورە و مەزنانی ئۆرارئۆییە، وشەی (ئەخلات) ناوی شارێکی باکووری کوردساتانە و((کێلەشین)) شین لەڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوی شوێنە دوو وشەی ئۆرارتۆیین.



## سوبارتۆ و زمانی کوردی

سوبارتۆ نەتەوە وحوکمەتێك بووە کە سنووری باشووریان لە باکووری ڕۆژئاوایی عیلام و سنووری باکووریشیان کێوەکانی((ئامانوس)) بووە. نەتەوەکانی میتانی نائیری(ناهاری) لەم نەتەوەیە بوونە. میسرییەکان پێیان وتووە (ناهاری) لە تەوراتدا بەناونیشانی ((ئارام ـ ناهارام )) بردووە. دێی نیری هەورەمان و نەهری شەمزینیان پاشماوەی ئەوانن لە کەرکوك و بوغاز کۆی بەڵگەی زیاد دەربارەی میتانییەکان دۆزراوەتەوە. مستەرجۆنسن دەڵێ: ناوی حوکمەتەکەیان ((هانی گاڵبات)) بووە ئەمەش لەو پارچە تەختانەی کە لە کەرکوك دۆزراوەتەوە یەکدەگرنەوە[١٦٧] لەگەڵ هەمان بەڵگەدا. بەخوداوندی هەتاویان وتووە:(( هوار)). ئەمانە لە ناو میللەتانی زاگرۆس ناوبانگیان دەرکردوە و بایەخی تایبەتیان هەبووە. هەربەم هۆیەوە پێیان وتراوە(هوری ) لە سەچاوەکانیشدا بەناوی((هەوار، هۆر، وەر)) ی زاری گۆرانی و(خوری) زمانی کوردی ناوبراون، یەك واتایان هەیە.

وشەی((هەورداتا))ی سۆبارتۆی کە بەواتایی (بەخشش) دێت خواوەندی خۆرەو لە زمانی بابلیدا((ئومرداتوو))،((خورداتوو)) و پاشان بۆتە((خورمرداتو))ی لەدوایدا بەهۆی گۆرانی تۆپۆنۆمیکەوە گۆڕاوە بەشەی: (خورماتوو) کە شاری خورماتوی باشووری کەرکووکە و تورکمانەکان گۆڕیویانە بۆ وشەی ((توزخورماتو)) ئەم وشەیە پاشماوەی هەمان خواوەندی سۆبارتۆیە.

لەگەڵ زمانی هیتیشدا زمانێك بووە لە هەزارەی دووەمی پ ـ ز لەئاسیای بچووك بەکارهاتووە، لەزمانی هیتیشدا وشەکانی کە بۆ ڕاناوی کەسی بەکاردێت بەم شێوە بەکارهاتووە: مو: بەمن، تا: بەتۆ، سی: بەو.

وشەی (إستخوان) ی هیتی لە کوردیدا بۆتە ئێسك، لەکۆمەڵە زاری کوردی باشووریدا بۆ نموونە خانەقینی وشوان(سوقان) دەوترێت، لە ئینگلیزیدا ئاستێو، ((إستیخوان)) لەزاری گۆرانیدا وشەی ((ڤادار))، واتە ئاو، وەتەرW ater ئینگلیزی (ئاد) و((ئاو))ی ئاوێستایی و سانسکریتی، (ئورد)ی ئەرمەنی.

وشەی ((ئایکا ئارتانا))بەهینی، واتە (یەك چەرخی)، ((تراوارتانا))، واتە شەش چەرخی، ((هەفت)): نەوت، ((ناوا)): نۆ[١٦٨].

وشەی ((وارتانا)) لەکوردەواریدا (وەردێنە)یە، واتە هەڵگێرانەوەی زەوی کێڵراو بۆ جاری دووەم کە(وەردانەوە) دەوترێت، ئەم نموونانەو چەندانی تر بەڵگەن بۆ بوونی پەیوەندی نێوان زمانەکۆنەکانی ڕیزەچیایی زاگرۆس و زمانی کوردی بەتایبەتی لەڕووی بوونی وشەی لە یەکچوو وەك یەکەوە.

ئەمەش بەڵگەی بەهێزترە بۆسەلماندنی سەربەخۆیی زمانی کوردی کە لە ئەنجامی گەشەوگۆڕانی مێژووی دوور و درێژو بەردەوامیدا گەیشتۆتە ڕادەی ئەم ڕۆژگارەی و ڕەسەنایەتی خۆی بەنموونەی وشەو دەنگی هاوبەش لە نێوان خۆی و میللەتانی پێشینانی دەسەلمێنێت وەك میللەتی سۆمەری ، لۆلۆی ، گوتی، عیلامی، کاسی، سۆبارتۆیی و، ئۆراڕتۆیی و هەموویان لە بنچینەدا زایندەی چیای زاگرۆسن و نەژادی کورد پێکدەهێنن و ناوی چەندین وشەی شوێن کە ئێستا لە کوردستاندا ماونەتەوە بەهەمان شێوەی خۆی یا بەکەمێگۆڕانی دەنگییەوە بەکاردێت.

ئەم زمانە و ئەم نەتەوەیە هەردووکیان پێکەوە لکاوی یەکترن و زایندەی یەك نیشتیمانی دێرینی خۆیانن کە کوردستانە، میللەتەکەش لە دەوروبەرو باوەشی چیای زاگرۆسدا ژیاوەو ماوەتەوە گەشەی کردووە. لە رووی زمانەوانی و مێژووییەوە گونجاوە بەتایبەتی بەزمانە کۆنەکانی  کە لە ئەنجامی توانەوەی هەموویاندا لە ناو میللەت و زمانی مادا و پاشان لە ناو کورد زمانەکەیدا پێیان بوترێت زمانی زاگرۆسی یا(یا زمانە زاگرۆسییەکان)، چونکە ڕەگ و ریشەیان لەوێوە داکوتاوە و لەدایکبوون هاتوونە.

باشترین بەڵگە بۆ ئەم خزمایەتی و نەژادە کۆنەی کورد بەو گەلە دێرینانەوە بۆ سەلماندنی خزمایەتی و نزیکایەتی زمانە زاگرۆسییەکان گۆتییەکانە.


گوتییەکان: بنەڕەتیان لە باکوورو ڕۆژهەلاتی شارەزوور بووەو لە نەتەوەکانی دامینی ڕێزە چیای زاگرۆس بەڵگەیەك کە ئەمە ڕووندەکاتەوە، ئەوەیە ئەم نەتەوەیە



دەوری(١٢٥) ساڵ دەسەڵاتیان هەبووە، چەند وشییەك ناوی چەند پاشایەو وەکو: ((یارلا)) ،((سیوم))، تیریگان، ((کوروم)) و ناوی چەند شوێنێك وەکو: ((ئاراپها[١٦٩] Arrapha) کەرکوکی ئێستا کە لە کوردستانەوە و پایەتەخت گوتییەکان بووە لە هەزارەی سێیەمی پ ـ ز.

**زمانە زاگرۆسییەکان (بنچینەی زمانی کوردی)**

**زمانەکۆنەکانی زنجیرە چیای زاگرۆس**






## ئەنجام وکورتەی باس

١) بەکارهێنانی زاراوەی هیندۆ ئەوروپایی لە جیاتی ئاریایی یاهیندۆئاری بۆ ئەو کۆمەڵە زمان و میللەتانەی کە لە بنەڕەت و بنچینەدا دایکزادو نیشتەجێی ناوچەی ئاریان و بانی ئێران دەگرێتەوە هەڵەیەکی زانستییە بۆ ئەم مەبەستە، چونکە زاراوەکە هەموو خێزانە زمان و میللەتانی ئەو شوێنە ناگرێتەوە، وەکو خێزانەزمان و میللەتانی ئێرانی، هیندی، ئەوروپایی و هیتی و ئەرمەنی، چونکە زاراوەیەکی هاوبەشن بەرامبەر ئەو شوێن و مەبەستە هاوبەشە بۆ ئەو چوار خێزانە زمانە لەو زاراوەیەدا نابینرێت وەکو زاراوەی ئاری یاهیندۆئاری بەومەبەستەی کە هەموویان بگرێتەوە، ئەوروپایی خۆی خێزانێك پێك پێکدێنی لەو کۆمەڵە.

٢) بوونی وشەو زاراوەی پەڕیوی ئاریایی لە ناو زۆربەی زۆری ئەو چوارخێزانە زمانەی کە کۆمەڵە زمانی ئاریایی یاهندۆئاریایی پێکدەهێنن تەنانەت لە ناو زمانی ئاری و عیبریش، وەك ئۆرشەلیم، ئیرلەندە، ئایرلەندە، ئازربایجان، ئەرمەنستان، ئەوروپا، ورمێ، (ئورمێ ـ ئورمێە) ئێران، {ئێران، ئێرانیۆم، ئاریانیۆم} ئاگر، ئاور، ئارتەش و ئاتەش، کە هەموو لە وشەی ئاریاوە سەرچاوەی گرتووە کە نیشتیمان و زێدی ئەو میللەت و نەتەوانەن وشانازی بەو ناوە و بنچینەکەیانەوە دەکەن.

٣) لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان لەسەر ئەوەن کە زمانی سانسکریتی(هیندۆیی)، کەکۆنترین زمانی کۆمەڵە زمانی ئاری یاهیندۆئارییە بنچینەی هەموو زمانەکانی یازۆربەی زمانەکانی ئەو کۆمەڵە زمانەن و لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە.

٤) دیاردەکی هاوبەش و وەك یەك، خێزانە زمانەکانی ئەم کۆمەڵە یە دەبەستێتەوە بە یەکتری، ئەویش بوونی زمانێکی بنەڕەت و پیرۆز وکتێبی ئایینی لە ناو ئەو خێزانە زمان و مللیەتانەی وەك سانکریتی ، ئاوێستا، لاتینی پێ نووسراوەتەوە و کۆنترین دەقی نووسراوین.

